


## حزبە سیاسییەکان و

# کۆنگرە وێستگەیەکە بۆ



گوڵان
ژمارە (٧٩٩)
٢٠١٠/٩/٢٧



باسکردنی حزب لەم راپۆرتە، باسکردنی حزبە لە کۆمەڵگەی دیموکراتی و هەروەها گرێدانی کۆنگرەش دیسان گرێدانی کۆنگرەی حزبە سیاسییەکانە لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا، لەم روانگەیەوە ئەو لایەن و تایبەتمەندیانە دەخەینەروو کە حزب لە کۆمەڵگەی دیموکراتی لەخۆی دەگرێت و شێوازی ئەو کۆنگرانە دەخەینەروو کە حزب لە کۆمەڵگەی دیموکراتی باسی دەکات، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا حزبی سیاسی لە کۆمەڵگەدا وەك دامەزراوەیەکی سەرەکی بۆ کۆمەڵگەی دیموکراتی و سیستمە سیاسییەکە ئامـاژەی پێدەکرێت و جەخت لەسەر گرنگی حزب بۆ بونیادی سیستمە سیاسییەکە دەکەینەوە و راشکاوانە ئاماژە بەوەدەکەین دیموکراتیەتی نوێنەرایەتی یاخود پەرلەمانی بەبێ بوونی حزبی سیاسیی بوونی نابێت. کەواتە ئەمە پێمان دەڵێت ئەگەر بمانەوێت لە کۆمەڵگە دیموکراتیەت بونیاد بنێین ئەوە دەبێت لە کۆمەڵگە حزب هەبێت و دەبێت حزبە سیاسییەکانیش بڕوایان بەدیموکراتی هەبێت و پێش ئەوەی بیر لە پرۆسەی دیموکراتی لە نێو کۆمەڵگە بکەنەوە دەبێت لەسەر ئاستی ناوخۆی حزب دیموکراتیەت پیادە بکەن، گرنگترین هەنگاوی دیموکراتیش لە هەر حزبێکدا چۆنیەتی گرێدانی کۆنگرە و چۆنیەتی خۆ ئامادەکردنەوەیەتی بۆ داهاتوو.

لێرەدا ناتوانین حزبەسیاسییەکانی نێو کۆمەڵگە دیموکراتیەکان لە بازنەیەکدا کۆبکەینەوە و لەسەر شێوازی گرێدانی کۆنگرەکانیان قسە بکەین، یان شێوازی گرێدانی کۆنگرەکانیان بەیەکتری بەراورد بکەین، ئەمەش لەبەر ئەوەی هەر





## کۆمەڵگەی دیموکراتی

# خـــۆڕێکـــخستنەوەی حزب

حزبێکی سیاســی کە کۆنگرە گرێدەدات لە بەر ڕۆشنایی سیاسەتی لۆکاڵی کۆمەڵگەی خۆی ئەو جوگرافیایەی دەبێتە سنووری هەڵسوڕانی کاری حزبایەتی و خواستەکانی خەڵك لەناو ئەو پێگە جوگرافیە، ڕاپۆرتی سیاســیی خۆی بۆ کۆنگــرە ئامادە دەکات و لەبەر ڕۆشـــنایی ئەو ڕاپۆرتە سیاســـییەش هەر حزبێك دەســـتووری خۆی یان پێـــڕەو پرۆگرامی خۆی بۆ قۆناخی ئاییـــندە دادەڕێژێتـــەوە، هەروەها لـــە نێو ئەم پرۆگرامەشدا شێوازی هەڵبژاردنی کاندیدەکانی بۆ نێو پرۆسە سیاسییەکە و بایەخدانی بە توێژو چینـــە جیاوازەکانی کۆمەڵگە دیاری دەکاتەوە، هەر بۆیـــە کاتێك بمانەوێت باســـی کۆنگرەی حزبە سیاسییەکان لە کۆمەڵگە دیموکراتیەکاندا بکەین، ناتوانین پێشـــوەختە کۆمەڵێك ڕێوشوێن دیـــاری بکەین و جەخت لەســـەر ئەوە بکەینەوە بەوەی دەبێت پارتە سیاســـییەکان بەو شـــێوەیە کۆنگرە گرێبدەن یان بەو شێوەیە کاری خۆیان لە کۆنگرەدا هەڵبسوڕێنن، بەڵام دەکرێت ئاماژە بە ڕەهەندە گشتیەکان و چۆنیەتی خۆ ڕێکخستن بۆ بەشـــداربوون لە پرۆسەی دیموکراتی و بونیادی دیموکراتـــی لە ڕێی حزبە سیاســـییەکانەوە لە کۆمەڵگەدا بکەین.

ئەم میتۆدە بەرەو ئەو ئاراســـتەیەمان دەبات کە جەخت لەسەر ئەو لایەنە بکەینەوە لە کۆنگرەی حزبەکاندا ئەوەی لەســـەر کادر و هەڵسوراوانی نێو ئەو حزبە فەرز دەبێت ئەوەیە کە بەشێوەیەکی لۆژیکانە ئـــەو کاریگەریانە هەڵبســـەنگێنین کە دەبنـــە فاکتەری زیاتر کرانـــەوەی حزب و بونیادی دیموکراتی لەنـــاو حزبدا، ئەمەش بەو

مارڤین ئۆڤەربای بۆ گوڵان:



# کۆنگرە کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە حزبدا دروست دەکات، ئەو گۆڕانکاریانەش گوزارشت کردنێکی گشتین لە چالاکی حزبەکە



مانایەی حزب ببێتە ئەو چوارچێوەیەی کە لێهاتوویی سیاسیی هاووڵاتیان و کاریگەری ئەو لێهاتووییە سیاسییە لە پرۆسەی بەشداری لە پرۆسە سیاسییەکەدا بەرجەستە بکاتەوە، ببێتە هۆکاری وەرچەرخان لە پیادەکردنی سیاسەتی حزبی لەناو کۆمەڵگەدا، ئەمەش بەو مانایەی کە هەر حزبێکی سیاسیی جیا لەوەی کۆمەڵێك نوێنەری لەناو پەرلەماندا هەیە یان ئەگەر زۆرینەی دەنگەکانی پێدرابێت و حکومەتی پێکهێنابێت و خەڵك لە شێوازی کاری پەرلەمانتارەکانی و سیاسەتی حکومەتەوە سەیری سیاسەتی ئەو حزبە بکات، بەڵام دیسان لەدەرەوەی کاری پەرلەمان و حکومەتیش حزب خاوەنی ڕێکخستن و ڕێکخراوەکانی خۆیەتی و پەیوەندی راستەوخۆ و رۆژانەی لەگەڵ هاوڵاتیان هەیە و ئەم پەیوەندییە راستەوخۆیەی رۆژانەی حزبیش لەگەڵ هاوڵاتیان، بەپێی ئەو دەستوورەی حزب رۆژانە کاری پێدەکات دیسان بازنەیەکی دیکە بۆ بایەخدان بە خواستەکانی خەڵك دروست دەکاتەوە و لە میانەی خواست و داخوازییەکانی خەڵکەوە بڕیارەکانی ناو حزب دروست دەبن، لەم حاڵەتەدا سەرچاوەی بڕیارەکانی حزب دەگۆڕێت بۆ خواست و داوایەکانی خەڵك ئەوا هەیکەلی حزبیش لە هەیکەلێکی مەرکەزیەوە دەگۆڕێت بۆ هەیکەلی حزبێکی هاوبەشی جەماوەر و بازنەی بڕیار دروستکردنی حزب لە بازنەی ئەندامەکانیەوە بە ئاستێك فراوان دەکات کە خەڵکیش بەشداری لە پرۆسەی بڕیار دروستکردندا بکات، ئەمەش واتە وەرچەرخان لە بیرکردنەوەی حزبدا بەجۆرێك دەگۆڕێت، کە حزب گرنگی بەو مەسەلانە دەدات کە لای خەڵك گرنگە نەك حزب هەوڵبدات ئەو مەسەلانەی خۆی بەگرنگی دەزانێت بەسەر خەڵکیدا فەرزی بکات، بەڵام لێرەدا ئیشکالیەتێك دێتە ئاراوە و پرسیار دروست دەبێت، ئەگەر حزب لەکۆمەڵگەی دیموکراتی فەرز بێت لەسەر بایەخدانی بەکێشەو خواستی خەڵك پرۆگرامی خۆی دابڕێژێت و خۆی بۆ هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و پرۆسەی بونیادی دیموکراتی لەکۆمەڵگە تەیار بکات، ئایا چۆن رایەڵەیەك لە نێوان خواست و خەمەکانی خەڵك و ئامانجە نیشتمانیە گشتیەکاندا دروست دەکات؟

بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە ئاستی سەرکەوتنی حزبە سیاسییەکان لە کۆمەڵگە دیاری دەکات و هەر حزبێکی سیاسیی بتوانێت لە وەرچەرخانی سیاسەتی خۆی بۆ خواستی خەڵك و لە وەرچەرخانی خواستی خەڵك و گرێدانەوەی بە ئامانجە نیشتمانییە گشتیەکانەوە سەرکەتوو بێت ئەوا وەك حزبێکی دیموکراتی سەرکەتوو لە کۆمەڵگە خەڵك متمانەی خۆی بەو حزبە دەدات. سەبارەت بە بایەخی کۆنگرە لە ژیانی حزبەکاندا لە کۆمەڵگەی دیموکراتی پرۆفیسۆر ستیڤن تایلۆر لە زانکۆی ترۆی سەبارەت بە گرنگی کۆنگرە لەژیانی پارتە سیاسییەکاندا بۆ ئەم راپۆرتە هاتە ئاخاوتن و وتی : (حزبە دیموکراتیەکان بە ئامانجی راوێژکردن لەگەڵ ئەندامانی پارتەکەدا کۆنگرە گرێدەدەن، ئەویش لە پێناو پێداچوونەوە و دانانی بەرنامە بۆ چالاکیەکانی پارتەکە، بە چەشنێك کە رەنگدانەوەی خواست و ویست و چاوەڕوانی هاوڵاتیان بێت لە حکومەتەی کە ئەو پارتە سیاسییەکە سیاسەتەکەی دادەڕێژێت، هەروەها کۆنگرە دەتوانێت هۆکارێکی یارمەتیدەربێت لە بنیاتنانی دیموکراسیدا، لەبەر ئەوەی دەرفەتێکە بۆ ئاڵ و گۆڕی پەیوەندی و چەسپاندنی بەرپرسیارێتی لە نێوان ئەندامانی پارتەکە و پاڵێوراوە و سەرکردەکانی ئەو پارتەدا، بە تایبەتی کە لەسەر ئاستی محەلی بەشداریان تێدا بکرێت.، واتە دەرفەت و هەلی زیاتر دەڕەخسێت بۆ زیادبوونی ئاڵوگۆڕی بیربۆچوونەکان لە نێوان ئەندامانی پارتەکە و سەرکردەکانی



## ستیڤن تایلۆر بۆ گوڵان:



# کۆنگرەی پارتەکان بەخۆداچوونە و دانانی بەرنامەیەکە کە ڕەنگدانەوەی خواست و ویست و چاوەڕوانی هاوڵاتیان بێت لە پارتە سیاسیەکەدا

پارتەکـــە، هەروەها کۆنگرە دەرفەتێکیشـــە بۆ زیاتر پتەوکردنی پارتەکە لەگەڵ ئەو شاندانەی دەبنـــە میوانی کۆنگرەکە)) هـــەر لە درێژەی لێدوانەکەیدا و ســـەبارەت بە کاریگەری کۆنگرە لەســـەر بونیـــادی دیموکراتی لەنـــاو خودی حزبەکاندا پرۆفیســـۆر تایلـــۆر وتی : (دووبارە ئەمـــە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ پرســـە بنەڕەتیەکە کە ئەویش ئەوەیە ئەگـــەر کۆمەڵگە کراوە بێت ئەوا دەتوانین پێشبینی پرۆسەیەکی کراوە بکەین لە نێو پارتە سیاســـییەکاندا، بە پێچەوانەوە لە کۆمەڵگەیەکی داخراودا ناتوانین ئەم پێشبینی و چاوەڕوانیەمان هەبێت)) کەواتە وەك پرۆفیسۆر تایلۆر بۆ ئەم ڕاپۆرتە ئاماژەی پێکردووە کۆنگرە کۆمەڵێـــك دەرفەتی گرنگ بـــۆ نوێکردنەوە و جۆشدانەوەی حزب دەڕەخسێنێت، بۆیە لەمبارەوە و سەبارەت بە کاریگەری کۆنگرە لەسەر حزب و ئەو کاریگەریانەی لەسەر بەرەو پێشەوە چوونی حزب دەبێت لە پرۆفیســـۆر مارڤین ئۆڤەربای ئوســـتادی زانســـتی سیاســـەت لە زانکۆی میسوری و تایبەتمەند لە پارتە سیاسییەکانمان پرســـی ئایا کاریگـــەری کۆنگرە لـــە ژیانی حزبەکاندا چییە ؟ لەوەڵامدا پرۆفیســـۆر ئۆڤەر بـــای بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوەو وتی : (لە ئەمەریکادا هـــەردوو پارتی کۆماریەکان و

دیموکراتەکان هەر چوار ساڵ جارێك کۆنگرەیەك بۆ دەستنیشـــانکردنی پالێوراوی سەرۆکایەتی گرێدەدەن، واتە ئەو پاڵێوراوەی کێبڕکێ لەســـەر بەدەســـتهێنانی پۆستی ســـەرۆکایەتی دەکات. هـــەر بۆیە من وای دەبینـــم کۆنگرە کۆمەڵێك گۆڕانـــکاری لە حزبـــدا دروســـت دەکات، بە تایبەتی ئەگەر کۆنگرەکان بە باشی بەڕێوەبچن، کە ئەم کۆنگرانەش گوزارشتکردنێکی گشتین لە چالاکی پارتەکـــە. لە ئەمەریکا کۆنگرەکان پتر بۆ دووپاتکردنەوەی ئەو بڕیارەیە کە پێشـــتر لە میانەی هەڵبژاردنە سەرەتاییەکانی پارتەکەدا دراوە، هەروەهـــا بە ئامانجی خســـتنەگەڕی هەڵمەتی هەڵبژاردن و ڕاکێشانی سەرنجی ڕای گشتیە، واتە پەیوەست نییە بە گۆڕینی سروشتی پرۆسە سیاسییەکەوە، لەلایەکی دیکەوە بێگومان پارتە سیاسییەکان ئامانجی جۆراجۆریان هەیە، بە تایبەتی لـــە کۆمەڵگە دیموکراســـیەکاندا، لە پێـــش هەموویان پارتە سیاســـییەکان دەبنە چەترێك بۆ ئـــەوەی پاڵێوراوێکـــی دیاریکراو لە ســـایەیدا هەوڵی بەدەســـتهێنانی ئەو پۆستە بـــدات کە هەڵبژاردنـــی بۆ ئەنجـــام دەدرێت، ئەمەش کورتکردنـــەوەی ڕێگایە بۆ هاوڵاتیان، چونکـــە بە ئاســـانی دەزانن ئەو کەســـانە کێن ودەزانـــن دەنگ بە کێ دەدەن. بـــۆ نموونە لە

ئەمەریکا ئەوە ڕوونە پاڵێوراوی کۆماریەکان پتر تێڕوانینێکی موحافیزکارانەی هەیە لە ئاســـت پرســـە کۆمەڵایەتی و ئابوریەکاندا، لە کاتێکدا دیموکراتـــەکان ڕوانگەیەکی پتر لیبراڵیان هەیە لە ئاست ئەو مەســـەلانەدا. هەروەها کاتێك ئەو پاڵێوراوە سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ئەوا پارتەکەی چوارچێوەیـــەك بۆ ڕێکخســـتنی حکومەت بۆ ئەو پاڵێوراوە دابیـــن دەکات. بۆ نموونە ئەگەر ئیدارەی ئەمەریکا لە دەستی دیموکراتەکان بێت، ئەوا کەســـانی ناو دیموکراتەکان هەڵدەبژێردرێن بۆ ئەوەی پۆســـتە ســـەرەکیەکان بگرنەدەست. )) ئەوەی پرۆفیســـۆر مارڤین ئاماژەی پێکرد جۆرێـــك لە تایبەتمەندی پارتە سیاســـییەکانی ئەمریکا بوو بەتایبەتی کە ئاماژەی بە هەردوو پارتی دیموکراتی و کۆماری کرد، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا هەر لەناو کۆمەڵگە دیموکراتیە ڕۆژئاواییەکانـــدا بە تایبەتی ئەوروپای ڕۆژئاوا پارتە سیاســـییەکان لەگەڵ پارتە سیاسییەکانی ئەمریـــکا جیاوازیـــان هەیە و بەدوو شـــێوازی جیاواز کۆنگرەکانیان بەڕێوە دەبەن؟ پرۆفیســـۆر هێســـەر مبایی ئوستادی فەلسەفە و زانستی سیاسەت لە زانکۆی جۆرجیا بەمجۆرە وەڵامی ئەم پرسیارەی داینەوە و وتی : ((لە ئەمەریکادا کۆنگرەکان پتر دەرفەتێکن بۆ پێکەوە کۆبوونەوەی

**هێسەر مبایی بۆ گوڵان:**



# هەڵبژاردنی ناو کۆنگرە لێپرسینەوەیە بۆ ئەو ئەندام و کادرانەی لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا کەمتەر خەم بوون لە ئەرکەکانی سەرشانیان





دڵسۆزانی پارتەکە، واتە زیاتر لە کۆبوونەوەی ئەو کەسانە دەچێت، واتە ئەو کەسانەی باوەڕیان بە بەرنامەی ئەو پارتە هەیە کۆدەبنەوە و تێیدا باس لە کار و بەرنامەی پارتەکە ناکریت. لە کاتێکدا لە ئەورووپا کۆنگرە سیاسییەکان زیاتر بۆ ئەندامانی پارتەکەیە و بۆ پێداچوونەوە بە کارەکان و بۆ داڕشتنی بەرنامەی پارتەکەیە. بۆیە ئەو گۆڕانکاریانەی کۆنگرە دروستی دەکات، بە دڵنیاییەوە کاریگەری لەسەر پتەوکردنی دیموکراتی دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر پارتی سیاسی بیروبۆچون و تێڕوانینی خۆی بگۆڕێت ئەوا ئەمە یارمەتیدەر دەبێت لە پتەوکردنی دیموکراسی، واتە ئەگەر تێکڕای پارتە سیاسییەکان پابەندبوونێکی پتەویان بە پیادەکردنی دیموکراسیەوە هەبێت، ئەوا دیموکراسیش بەهێزتر دەبێت. مایەی گرفتیش دەبێت ئەگەر ئەم پابەندبونەیان نەبێت.))، لێرەدا خاڵی گرنگ پابەندبوونی حزبە سیاسییەکانە بە پیادەکردنی دیموکراتیەوە لەناو حزبەکانی خۆیاندا هەر بۆیە بوونی دیموکراتی لە ناو حزب بە هەمان شێوەی کۆمەڵگە، هەڵبژاردنی ناو کۆنگرە دەبێتە لێپرسینەوە بۆ ئەو ئەندام و کادرانەی لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا کەمتەر خەم بوون لە کاری پارتایەتی یان ئەرکەکانی سەرشانیان، سەبارەت بەم پرسەش پرۆفیسۆر کارلس بیوکس تۆژەر لە ئامۆژگای ۆردۆ وڵسن بەمجۆرە بۆ ئەم راپۆرتە هاتە ئاخاوتن و وتی : ((یەکێك لە ئامانجەکانی کۆنگرەی پارتەکان، بریتیە لە دەستنیشانکردنی پاڵێوراوەکان، کۆنگرەکانیش شێوەی جیاوازیان هەیە، لە ئەمەریکادا کۆنگرەکان کراوەن، لەبەر ئەوەی سیستمی سیاسی لە وڵاتەکەدا مرونەتێکی زۆری تێدایە، لە ئەورووپادا کۆنگرەکان پتر بیرۆکراتیانەن. هەر بۆیە ئەمە دەوەستێتەسەر سروشتی پارتەکان، هەندێ لە پارتە سیاسییەکان دیموکراتین و هەندێکی دیکەشیان بە پێچەوانەوە، بۆ نموونە هەندێ لە پارتە سیاسییەکانی سەد ساڵ پێش ئێستای ئەورووپا کەمتر دیموکراتی و زیاتر بیرۆکراتی بوون لە ژیانی ناخۆیی پارتەکەدا. بەڵام گرنگی کۆنگرە ئەوەیە دەنگدەران دەتوانن لە کاتی دەنگداندا سزای پاڵێوراوانی پارتەکان بدەن.))، بێگومان سزادانی دیموکراتیانەی ناو کۆنگرەش واتە لێسەندنەوەی متمانە و دەنگ پێنەدانەوەی بۆ ئەوەی لەماوەی نێوان دوو کۆنگرەی داهاتوو متمانی پێبدرێتەوە.

## کاری حزبایەتی لەنێوان خواستی خەڵك و ئامانجە نیشتمانیەکاندا

وەك پێشتریش لەم راپۆرتە ئاماژەمان پێکرد یەکێك لە ئیشکالیەتە گەورەکانی حزب لە کۆمەڵگەی دیموکراتی چۆنیەتی وەرچەرخان یان دروستکردنی رایەڵەیەکە لە نێوان خواستەکانی هاوڵاتیان و ئامانجە نیشتمانیە گشتیەکانە کە چارەنووسی هەموو کۆمەڵگە و داهاتووی پێوە بەندە، بۆیە رێکخستن یان هاوسەنگی دروستکردن لە نێوان ئەم دوو حاڵەتە سەرکەوتنی حزبی سیاسیی لەکۆمەڵگە پیشاندەدات، ئەم حاڵەتە ئەگەر لە کوردستان سەیری بکەین و وەك نموونە پارتی دیموکراتی کوردستان وەربگرین بەو سیفەتەی لەسەرووبەندی گرێدانی کۆنگرەدایە، دەبینن ئەم لایەنە یەکێکە لەو لایەنە گرنگانەی کە پێویستە پارتی لەم کۆنگرەیەدا هەڵوەستەی لەسەر بکات و ئەم لایەنەش جیاوازییەکی گەورە لە نێوان ئەم کۆنگرەیە و ئەوانی دیکە دیاری دەکات،جیاوازیەکەش لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەمە یەکەمین کۆنگرەی پارتی یە کە لەدوای ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی بەسەر واقیعی کوردستان و عێراق و ناوچەکە هاتووە گرێدەدرێت، ئەمە بێجگە لەوەی پرۆسەی دیموکراتی لەکوردستان بەبەراورد لەگەڵ باردۆخی کۆنگرەی ١٢ گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و هەنگاوی باش چۆتە پێشەوە، لەمەش

## کارلس بیوکس بۆ گوڵان:



# لە ئەمەریکادا کۆنگرەی پارتەکان کراوەن، لەبەر ئەوەی سیستمی سیاسی لە وڵاتەکەدا مرونەتێکی زۆری تێدایە، بەڵام لە ئەوروپادا کۆنگرەکان پتر بیرۆکراتیانەن



گرنگتر خەڵکی کوردستان لەگەڵ زەمینەی سیستمی دیموکراتی و پێداگرتن لەسەر حکومڕانی باش و خۆشگوزەرانی باشتر راهاتووە و، زیدەڕۆیی ناکەین ئەگەر بڵێین لای خەڵکی کوردستان حکومرانی باش و خۆشگوزەرانی بۆتە ئەولەویەت، بەڵام لەبەرامبەر ئەمەشدا کۆمەڵێك ئامانجی نیشتمانیمان ماون و هێشتا بەدەست نەهاتوون و هەروەها نزیکەی ناوچە دابراوەکان کە ڕێژەی ./٤٠ی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنن تا ئێستا نەگەڕاونەتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەمە بێجگە لەو هەڕەشە ئیقلیمی و نێودەوڵەتیانەی کە بەشێوەیەك لە شێوەکان لەسەر هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە و چارەنووسی هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە دەگرێتەوە، بۆیە گەر بەم شێوەیە فراوانە سەیری ئەرکەکانی پارتی بکەین وەك پارتێکی سەرەکی لەهەرێمی کوردستان ئەوادەبینن ئەرکی کۆنگرەکەی ئاسان نییە، هەروەها لەلایەکی دیکەوە پارتی لەسەر ئاستی نیشتمانی عێراقیش کە لق و ڕێکخراوەکانی لەبەشێکی فراوانی عێراقدا هەیە، دەبینن ئەمەش جۆرە ئیشکالیەتیەکی دیکە دێنێتە ئاراوە و پێویست دەبێت لەسەر پارتی کە ڕەچاوی تایبەتمەندی ناوچە و هەرێمە جیاوازەکان بکات و ناچار دەبێت جۆرێك لە لامەرکەزیەت لەکاری ڕێکخراوەیی پیادە بکات،ئەمە لەو روانگەیەوە ئاماژەی پێدەکەین، کە دیاردەیەکی زۆر ئاساییە بۆ وڵاتێکی فیدرالی وەکو عێراق کە یاساکانی هەرێمی سەد دەرسەد هاوشێوەی بەغدا نین، شێوەی کاری لقی بەغدای پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ شێوەکاری لقی هەولێری پارتی جیاوازی هەبێت، هۆکاری ئەم جیاوازییەش لەوەوە سەرچاوەدەگرێت لقی بەغدای پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرۆشنایی خواست و داوای خەڵك و ئەندام و لایەنگرانی لەسنوری بەغدا و ناوەراستی عێراق کاری ڕێکخراوەیی خۆی دەکات و ڕووبەڕووی ئەو یاسایانە دەبێتەوە کە لەبەغدا کاریان پێدەکرێت، بەڵام لقی هەولێر لەبەر رۆشنایی خواستی خەڵکی هەولێر و بەپێی یاساکانی هەرێمی کوردستان هاوکاری خەڵك دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، ئەمە لەوانەیە تارادەیەك لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانیش تارادەیەك جیاوازییەك دروست بکات، بەحکومی ئەوەی پارێزگاکانیش دەسەڵاتی تایبەتی خۆیان هەیە، لەم حاڵەتەدا کە ئەمە لایەنێکی کاری ڕێکخراوەیی پارتی دەبێت و پەیوەست دەبێت بە ژیانی رۆژانەی خەڵکە و پارتی ناچار دەبێت کە بەشێوەیەکی لامەرکەزی یان هاوبەشی جەماوەری کاری ڕێکخراوەیی پارتی بەڕێوە بەرێت، بەڵام بە دیوەکەی دیکەدا دەبینین لەسەر ئاستی ئامانجە نیشتمانیە گشتیەکان هەموو هاوڵاتیانی کوردستان بە جیاوازی نەتەوەو ئایینەوە ڕووبەرووی یەك چارەنووس دەبنەوە و ئەو ئامانجە نیشتمانیەی لە خانەقین جێگەی بایەخی هاوڵاتیانی خانەقینە بەو سیفەتەی راستەوخۆ پەیوەندی پێوەی هەیە، دەبینن ئەم ئامانجە راستەخۆ پەیوەندی بە هاوڵاتیەکی هەولێر و سلێمانیەوە هەیە، بەبێ ئەوەی راستەوخۆ پەیوەندی پێوەی هەبێت، هەر بۆنموونە ئەگەر لە یەکێك لە قوتابخانەکانی خانەقین یان کەرکوك یان شەنگاڵ یان باشیك،تەنیا لە قوتابخانەیەکدا ئاستەنگ بۆ خوێندن بە زمانی کوردی دروست بکرێت، دەبینن ئەم کێشەیە تەنها کێشەی هاوڵاتیەکی خانەقین یان شەنگال یان کەرکوك یان باشیك نییە،بەڵکو کێشەی سەرجەم هاوڵاتیانی کوردستانە، بۆیە دەبێت لە ئامانجە نیشتمانیەکاندا شێوازێکی گشتگیر بەخۆیەوە بگرێت و پەیوەندی بەهەرتاکێکی کۆمەڵگەوە هەیە، بۆیە لێرەدا لێکجیاکردنەوەی ئەم دووحاڵەتە و پێکەوەگرێدانەوەی دەبێتە مەسەلەیەکی گرنگ، دەبێت بەجدی هەڵوەستەی لەسەربکرێت.

# حزبی سیاسی: چوارچێوەی ڕێکخستن و کۆنگرەی گشتی حزب




**دکتور شێرزاد نەجار**

**تایبەت بۆ گوڵانی نوسیووە**


**حزبي سياسي ئامرازێكە كە لە مومارەسەكردني هاووڵاتيبوون و كاريگەرييەكاني لەسەر كاروباري گشتي دەوڵەت و كۆمەڵگا ناتوانرێت پشتگوێي بخرێت**

حزبی سیاسی و چوارچێوەی ڕێکخستن

حزبە سیاسییەکان بە توخمە بنەڕەتییەکانی دیموکراتیەت دادەنرێن، واتە لە دەوڵەتە هاوچەرخە نوێیەکاندا توخمێکی کاریگەرن، بیرمەندی یاسایی – سیاسی فەرەنسی بەناوبانگ جۆرج بیردۆG.Buerdu دەڵێت:حزبی سیاسی ئامرازێکە کە لە مومارەسەکردنی هاووڵاتیبوون و کاریگەرییەکانی لەسەر کاروباری گشتی دەوڵەت و کۆمەڵگا ناتوانرێت پشتگوێی بخرێت، کەواتە حزبی سیاسی بەتایبەتی لە سیستەمە دیموکراتییەکان بریتییە لە:ئامرازێکی پێوەندیکردن لەنێوان کۆمەڵگاو سیستەمی سیاسیدا، بەم پێیەش ئەندامان و کادیرانی حزبە سیاسییەکان دەخزێنە ناو دامودەزگاکانی دەوڵەتەوەو پلە و پۆستی سیاسی گرنگ وەردەگرن کە دواتر دەبێتە هۆی ئەوەی کاریگەرییەکی ئاشکرایان لەسەر بڕیارەکان و سیاسەتی دەوڵەت هەبێت، لێرەدا ئەو پرسیارەی کە دێتە پێشەوە ئەوەیە: ئایا دەوڵەتی دیموکراتی هاوچەرخ گۆڕاوە بۆ دەوڵەتی حزبە سیاسییەکان؟ حزبە سیاسییەکان لە سیستەمی هاوچەرخ بەتوخمێکی بنەڕەتی لەکاروباری سیاسیدا دادەنرێن، تەنانەت ئەرکی سیاسی و کۆمەڵایەتیان دەکەوێتە ئەستۆ، بۆیە کاری جەماوەری ئەم حزبانە ڕۆڵێکی گرنگیان لە دیاریکردنی پێگەو دەسەڵاتی حزبەکاندا هەیە، لەو ڕوانگەیەی ئەم حزبە سیاسیانە هێزێکی جەماوەری ومیللی فراوانیان بۆ دروست دەبێت.

- حزبی سیاسی بەوە ناسراوە کە گردبوونەوەیەکە لە پێوەندییە سیاسییەکان لە نێوان کۆمەڵێك کەسی جیاواز لەوانەی چالاکی لەناو دامودەزگاکان و کاری گرنگ دەکەن لەپێناو پەرەپێدانی بەرنامەی گشتی هاوبەش .

بەم شێوەیە کاتێك لە حزبە سیاسییەکان دەڕوانین دوو جۆر لە کەسانی ئەکتیڤ و گەمەکار لەناو حزبەکەدا دەبینین:

- کادیری چالاك بارودۆخێکی یاسایی وایان هەیە پابەندن بە دەزگای ڕەسمی حزبەوە.
- کەسانی تر کە هەمان بارودۆخی پێشوویان نییە، بەڵام ئەندامێکی گرنگن لەناو گردبوونەوەی حزبەکە و کارو چالاکییەکانیان بەشێوەی گرووپ و کۆمەڵەی جۆراوجۆر ئەنجام دەدەن وەکو: کۆمەڵەکانی بەرژەوەندی و فشار، کۆمەڵەکانی بیرو هزرو چەندین کۆمەڵەی چالاکی تری ناو حزبەکە.

ئەم ئەندامانە لەچوارچێوەی ڕێکخستنی حزبەکە کارلێك دەکەن و چالاك دەبن لەپێناو بەدیهێنانی پرۆگرام و ئامانجەکانی حزبەکە. بەپێی ئەم چەمکە حزبی سیاسی بریتییە لە: پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی بەهێز و بنەڕەتی کە لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە گشتییەکانی حزبەکە سەرکردە و ئەندامەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، هاوکات سەرکردەکانیش لەپێناو دروستکردنی کاریگەری لەسەر سیاسەتە گشتییەکانی حزب و کۆنترۆڵکردنی حزبەکان کێبڕکێ لەنێوان خۆیاندا دەکەن، ئەمەش بەواتای بوونی کێبڕکێیەکی حزبی بەردەوام بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاراستەکانی حزبە سیاسییەکەو بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانی، لێرەدا جۆری ڕێکخستنەکە لەناو حزبەکەدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لەپێناو دروستکردنی کاریگەری لەسەر ئەو هۆکارانەی کە حزبەکە بەڕێوە دەبەن، هەروەها ڕۆڵێکی کاریگەر و بنەڕەتی دەگێڕن لە گۆڕانی هاوکێشەی هێز لەنێوان سەرکردەکانی حزبەکەدا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ڕێکخستنی حزبی کێبڕکێیەکی حزبی توندی لێدەکەوێتەوە لە ئاکامی هەوڵە بەردەوامەکانی کادیرەکانی حزب بۆ کۆنترۆڵکردنی بەڕێوەبردنی حزبەکە و ئاراستەکردنی سیاسەتەکانی، چاکسازییە حزبییەکان دەبنە هۆی بەدیهێنانی ئامانجە سیاسیە بەرتەسکەکانی ناو حزب، بەمشێوەیە هۆکارەکانی چاکسازی دەبنە هۆی زیاتر بە دیموکراسی بوونی حزبە سیاسییەکان لە ڕێگای کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی حزب لە سەرکردە حزبییەکانەوە بەرەو ئەندامەکان لەنێو خۆی ڕێکخستنی حزبەکەدا یان بۆ دەنگدەران لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا .

ئەم ئاماژانە ئەوە دەسەلمێنێت کە سروشت و چۆنیەتی ڕێکخستنی حزبی کاریگەری لەسەر شێوازو کارو چالاکی حزبی دەنوێنێت، بە واتا حزبی سیاسی دەتوانێت لەکاتی پێویستدا لە مومارەسەکردنی چالاکییەکانیدا لە ستراتیژییەتی یەکەمدا بگوازرێتەوە بۆ ستراتیژییەتی دووەم یاخود کەمتر، بەڵام لەسەر حسابی تێکچوونی بواری کۆمەڵایەتی سەرکردەکان و چالاکییە حزبییە سەرەکییەکانە بەوەی دەگوازرێتەوە بۆ چالاکییەکی کەمتر جەماوەر و کەمتر وروژێنەر، هەر کاتێك ئەم چالاکییە زیاتر بوو دەبێتە هۆی زیادبوونی داینەمیکیەتی حزب و چالاکییەکانی .

### گرنگترین ئاماژەی خەسڵەتەکانی داینەمیکیەت بۆ حزب چییە؟

لە ڕاستیدا کۆمەڵێك ئاماژەی جۆراوجۆر هەن بۆ ئەم خەسڵەتە لەوانە: چوونە ناو و تێکەڵبوون بەجەماوەر، نوێبوونەوەی بیروبۆچوون، نوێبوونەوەی پرۆگرامی گشتی حزب، نوێبوونەوەی پێکهاتەی سەرکردایەتی... تاد، بەڵام گرنگترین ئاماژە لەم ڕووەوە

بەستنی کۆنگرەکانی حزبە، بەستنی کۆنگرە گشـتییەکانی حـزب وەك گەڕانەوەیەکـی سەرکردایەتی حزب وایە بۆ بنکە حزبییەکەی لە بەدەستهێنانی بەردەوامیێتی شەرعیەتدان بە سـەرکردایەتی یان هەموار کردنی سیاسەتی حزب یان گـۆڕان لە بنکەی ڕێکخسـتن و هزری حزبی.

بەسـتنی کۆنگرەی گشـتی ئاماژەیەکە لەسـەر داینەمیکیەتی حـزب و بڕوا بوونی سەرکردایەتی حزب لە گەڕانەوەی بۆ ئەندامانی تاوەکو پشتگیرییان بەدەست بهێنێت لە سیاسەتە پەیڕەو کراوەکانی. ئەم داینامیکیەی سیاسەتی حزب کە لەچوارچێوەی کۆنگرەی گشتی حزب دەردەکەوێ تایبەتمەندێتی حزب دیاری دەکات کە ناکۆکییـە ناوخۆییەکانیش دەگرێتەوە، ئەم ناکۆکیانە لە چوارچێوەی داینەمیکیەتی حزب زیاتربوونی چەند کوتلەیەك لە ناو خودی حزب بەرهەم دەهێنێت نەك بەرهەمهێنانی گونجانی ناوخـۆی حـزب، ئەندامانی حـزب دەکرێت یەکگرتوو بن بەرامبەر زۆر پرسـی گشـتی دیاریکراو، هاوکات لەسەر پرسی دیکە ناکۆك دەبن، ئەندامانی حزب هەوڵ دەدەن پاڵپشـتی تێڕوانیـن و بۆچوون و بەرنامەکانیان بکەن لە دژی تێڕوانین و بەرنامەکانی ئەندامانی تر.

سـەرکردەکانی حزب دەخزێنە ناو کێشـە و ناکۆکـی جۆراوجۆرەوە بـەو پێیەی حزبی سیاسی هاوپەیمانێتییە لەنێوان سەرکردەکان کە بەرژەوەندی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە.

ئەمجۆرە پرسانە لە کۆنگرەی گشتییەکانی حزبـی سیاسـیدا بـاس دەکرێـن تاوەکو لە چوارچێوەی گشـتیدا چارەسـەر بکرێت و سـەقامگیری بەدی بهێنرێت ئەمەش کاتێك ڕێگا بەسەرکردە حزبییەکان دراوە بۆ ڕەزامەندی کارکردنی هاوبەشـی پێـش وەختە(تەنانەت ئەگـەر ڕیزبەندیشـیان جیاواز بێـت)، ئەم جـۆرە هاوپەیمانێتییە سـوودو ئیجابیاتی بۆ حزبی سیاسـی هەیە کە پێناسـە دەکرێت لە ڕوانگەی یەکچوون و هاوشێوەی ئایدۆلۆژی نێـوان ئەندامەکان، بەڵام سـەرەڕای ئەوەی ڕێکخسـتنی حزبی ئامانجی هەماهەنگییە لەنێوان ئەندامانی حزبەکە لە پرسە گشتییەکان، بەڵام سـەرکردەکانی حـزب کێبڕکێ لەنێوان یەکتردا دەکەن بۆ بوونی پاڵپێوەنان بە هاوکاری حزبی بۆ گەیشـتن بە پێگەیەك کە بگونجێت لەگەڵ ڕیزبەندی و ئاراستەکانی حزبدا، بەڵام لەهەمـان کاتتدا ناکۆك دەبـن (زۆربەی جار بەشـێوەیەکی زۆر توند) لەسەر پرسە گەورە و بچووکەکان، کێبڕکێی ناوخۆییش ئاراسـتە دەکەن بەرەو بەرژەوەندی دیاریکراو.

ئەم واقیعە ئاماژەیەك بۆ بوونی سروشتێکی نەرمـی حزبی سیاسـی بـەوەی حزبەکە ئامادەیە بۆ قبوڵکردنی گۆڕانکارییەکان لە ژینگەی سیاسیدا کە ژینگەی ناوخۆیی و دەرەکی حزب دەگرێتەوە.

ململانێـی نێوخۆیی حـزب ئامانج لێی کۆنترۆڵکردنی چۆنیەتی ئاراسـتەکردنی حزبە، ئەمەش مەسەلەیەکی زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن لە تایبەتمەندێتی خودی حزب ( بەڵام لە هەمان کاتدا مەسـەلەیەکی ئاسان نییە، بە پێچەوانەوە ئاڵۆزە و پێویسـتی بە توێژینەوەی قووڵ هەیە).

لـە راسـتیدا مەسـەلەی بنەڕەتی لەم ململانێیەدا پێویستە جەخت لەسەر ئەولەویەتی بەرژەوەنـدی حـزب بکاتـەوە، کێبڕکێی حزبیش پێویسـتە لە پێناو ئـەم ئامانجەدا بێت، چوارچێوەی ڕێکخسـتنی حزبی دەبێ کاریگەری لەسـەر ئەو مەسەلانە هەبێت کە ئاراستەو کارو چالاکی حزب دیاری دەکات، گۆڕانکارییەکانیش لە ئاراسـتەکانی حزبدا بەبێ باج نابێت.

کاتێك حـزب لە دەسـەڵاتدا دەبێت کار بۆ ئەوە دەکات بەرژەوەنـدی و ئیمتیازاتی نەیارەکانی کـەم بکاتەوە، بەو شـێوەیەش دەرەنجامـی مانـەوەی حزبـی زۆرینە لە دەسەڵاتدا ئەرکێکی قورسە، لەناو جەرگەی ململانێکەدا چوارچێوەی ڕێکخستنی حزب لـە حاڵەتێکـی سـەقامگیردا نابێت تاکو چاکسازییە پێویستەکان ئەنجام نەدات.

بەمشـێوەیە پەیوەندییـەك لەنێـوان چوارچێوەی ڕێکخستنی حزب و مەسەلەی چاکسازیدا هەیە: چوارچێوەی ڕێکخستنی حزب زۆربەی جار پاڵپشـتی جێبەجێکردنی چاکسازییەکان نییە.

ئـەم مەسـەلانە لەناو حزبی سیاسـیدا گرنـگ و بنەڕەتین، قسـە و وتوێژی لە چوارچێوەی کۆنگرە گشـتییەکانی حزبدا. کەواتە کۆنگرە گشـتییەکانی حزب چییە؟ بەشـێوەیەکی وردتر کاریگەرییەکانی لەسەر پەیکەری ڕێکخستنی حزب چییە؟

### کۆنگرەی گشتی حزب

سیاسـەت ململانێیە لەپێنـاو بیروباوەڕو بەرژەوەندییەکانـدا. ململانـێ لـە پێناو ئـەو پرسـیار و وەڵامانەی کـە پەیوەندارە بە کۆمەڵـگا و دەوڵەت و ڕێکخسـتنیان، بەپێی ئـەم واقیعەش پێویسـتە حزب پەرە بـە بیروبۆچوونەکانی خۆی بـدات بەرەو زیاتـر کرانـەوە و دیموکراسـیەت بچێت و بـەرەو بەدیهێنانی بەڵێنەکان پەیوەسـت بە دیموکراسیەتەوە:

ئازادی و یەکسـانی: ئەمـەش بەواتای بنیادنانی کۆمەڵگەیەکـی دیکەی کراوەتر بۆ ژیان.

لە بەرامبەر ئەم راستیەدا حزبی سیاسی پێویستە دەربڕی زمان و شێوازی نوێ بێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعی سیاسـیدا، هەروەها پێویسـتە حزبی سیاسـی خاوەنی سـەرکردایەتی ئازای وا بێـت کە بتوانێت ستراتیژییەتی درێژخایەن و دوور مەودا پێش بخات کە ئامانج لێی پێشکەوتنی کۆمەڵگا و چالاك کردنی کاری دامەزراوەی حکومی بێت، لە هەمان کاتیشدا کار بۆ جێبەجێکردنی دیموکراسیەتێکی زیاتر لەناو خۆی حزبەکەدا بکات، بۆ ئەم ئاراستەیە نوێیەش ژینگەیەکی کار و هزری فەراهەم بکات.

ئـەم هەمـوو دۆزانە لـە چوارچێوەی کۆنگرەی گشتی حزبدا تاوتوێ دەکرێت کە دوو ئەرکی گرنگی دەکەوێتە ئەستۆ:

١- کاریگەری بەرووی دەرەوە لە ڕێگای سـتراتیژییەتێکی دیاریکراو بۆ کارتێکردن لـە پرۆسـەی سیاسـی بەتایبەتـی لە هەڵبژاردنەکانی نوێنەرایەتی و بەدەستهێنانی پێگەی گرنگ لەلایەن دەنگدەرانەوە.

٢- تەوافوق و چارەسـەری مامناوەندی لەنێوان سەرکردایەتی حزب و ئەندامەکانی.

کۆنگرە گەڕانەوەی سـەرکردایەتی حزبە بۆ (دیموکراسیەتی بنکەیی) واتە گەڕانەوە بۆ بۆچوونـی بنکەی حزبی لەسـەر ئەو مەسـەلە گرنگەکان کـە ڕووبەڕووی حزب دەبنەوە و پێویسـتی بە پاڵپشتی ئەندامانی بنکەی حزبی هەیە. واتە کۆنگرە شادەماری زینـدووی حـزب و ژیانی حزبییـە، لەو ڕوانگەیـەی ئەندامەکانـی ڕاسـتەوخۆ بیروبۆچوون و تێڕوانینەکانیان دەردەبڕن لەسەر ئەو مەسەلانەی کە چوار دەوری حزبەکەی داوە و پێویستی بە بڕیاری یەکلاکەرەوەی وا هەیە کە لەلایەن بنکەی حزبییەوە پاڵپشتی هەبێت.

کۆنگرەی گشتی بەرزترین دەستەیە لەناو حزبدا، چونکە نوێنەرایەتی ئەندامانی حزب دەکات و دەتوانێـت بڕیاری چارەنووسـساز و یەکلاکـەرەوە دەربـکات، بۆیە پێویسـتە سەرکردایەتی باڵای حزب بوار بە ئەندامانی خۆی بدات بیروبۆچوون و هەڵویسـتەکانیان کە بڕوایان پێیەتی بخەنەڕوو، بەم شـێوەیە کۆنگـرە دەتوانێت ڕۆڵی خـۆی بگێڕێت لە بەخشـینی سـیفەتی دینامیکییەت لە چوارچێوەی ڕێکخستنی حزبدا.

**هۆکارەکانی چاکسازی دەبنە هۆی زیاتر بە دیموکراسی بوونی حزبە سیاسییەکان لە ڕێگای کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی حزب لە سەرکردە حزبییەکانەوە بەرەو ئەندامەکان**

**بەستنی کۆنگرە گشتییەکانی حزب وەک گەڕانەوەیەکی سەرکردایەتی حزب وایە بۆ بنکە حزبییەکەی لە بەدەستهێنانی بەردەوامیێتی شەرعیەتدان بە سەرکردایەتی**

# ڕاستەڕێگای بزاڤی دیموکراتی کورد



فەلەکەدین کاکەیی

**(١)**

بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە جەوهەردا بزاڤێکی دیموکراتـــی مرۆڤانی و پێشـــکەوتنخوازە، چونکە تێدەکۆشێت بۆ ئازادی و دیموکراتی و مافی مرۆڤ و مافی چارەنووس و دادی کۆمەڵایەتی.

لەورا، هەرچەندە هەندێ گرووپ و کەســایەتی کوردی ناو بەناو بەرەو ئەندێشـــەی دەمارگیرانە یا ڕەوشـــی توندڕەوانـــە، دەڕۆن. بەڵام لـــە ناوەڕۆکی گشـــتیدا بزاڤـــی کـــورد لەچوارچێـــوەی بزاڤێکی دیموکراتییانەیە، ئەگەریش گشـــت ئەندام و کادیر و سەرکردەکانی کورد بە ئەندازەی پێویست لە چەمکی دیموکراسی نەگەیشتبن.

بزاڤی کورد، کە بە گشتی ناویدەبەین، مەبەستمان بزاڤەکەیە لە گشت هەرێم و پارچەکانی کوردستان.

**(٢)**

ئارۆ(ئەمـــرۆ) بزاڤی کـــورد لە تورکیـــا بەرەو ڕاستەڕێگا چووە، چ لە ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتییدا، یا لە هەڵسوکەوتی سیاسی ڕۆژانە و گشتیدا. لەڕووی کۆمەڵایەتییـــەوە بزاڤـــی باکوور بەناخـــی زۆرترین خەڵکـــی ئەو هەرێمەدا چووەتە قوڵایی لە میتینگ و خۆپیشـــاندانەکان(هەروەك لە ریفراندۆمی دوایی) دەبینین کە ملیۆنان مرۆڤی کورد پێکەوە دەکەونە ڕێ و هەڵوێستوەرگرتن، وەك ئەو مانگرتنەی قوتابیانیش لەپێناو خوێندن بە زمانی زگماك.

گەورەتریـــن پارتی کوردیی ئاشـــکرای ئێرۆی باکوور، پارتی ئاشـــتی و دیموکراتی(هەروەك پارتی پێشووی خۆی) بۆ ژنان ڕێژەی ٤٠٪ داناوە لە دەزگا باڵاکانیدا.

ئەوەش نموونەی نییە نە لەسەر ئاستی کوردستان بەگشتی، نەش لەسەر ئاستی تورکیا و خۆرهەڵاتی ناڤیندا. لەورا دەبینین کە ڕێژەی بەشداربوونی کچان و ژنان لە گشت جەمبوون و خۆپیشاندانەکانی باکوور ئێجگار بەرز و بەرچاوە.

لەوێــدا ژن دەســتی بە ئـــازادی سیاســـی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری گەیشتووە، ئەو دیاردەیەش ئومێدێکی گەشی ئاییندەی بزاڤی باکوورە.

هەر لە هەمان ڕاســتادا بووژانەوە و سەرهەڵدانی فراوانی هونەری و ئەدەبی و زانســتی لەنێو خەڵکی کوردی باکوور، بە ئاشکرا، دەرکەوتووە.

کەواتە: ئازادی دەربڕین لە تەك ئازادی حیزبایەتی و ڕێکخراوەیی و کۆمەڵایەتیدا بەرەو پێش چووە.

ژنان و پیاوانی باکوور، بەشێوەی تەبیعی دەستیان بەو ماف و ئازادییانەوە گرتووە.

لەپاڵ پێشـــکەوتنی کۆمەڵایەتیـــدا جولانەوەی ئاوەدانـــی و جوانکاریـــی شـــەقام و شـــارەکان و خزمەتگوزاری شارەوانی بەرەو پێشدەچێت هەرچەندە بوودجە و توانای داراییان سنووردارە.

لەسەرێکی دیکەشەوە چینی ناوەندی کۆمەڵایەتی پـــەرە دەســـێنێ و، کورد لـــە ژیانـــی بازرگانی و ئابووری تورکیادا چوست و چالاکن، ئەوانەن نیشانە دیارەکانی پشکۆتنی ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتیی بزاڤی دیموکراتی کورد لە باکوور کە مەرجی هەرە گرنگی پێشـــکەوتنەکانی داهاتوو بەرەو شارســـتانییەت و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و سەرفرازی.

پێگـــەی کۆمەڵایەتی و ئابووری خەڵکی باکوور گرنگتریـــن زامنی پێشـــکەوتنی بزاڤی سیاســـی دیموکراتییە.

**(٣)**

گەشـــانەوە و پێشـــکەوتن لەبیری سیاسییانیشدا دەبینیـــن. ئێـــرۆ جەمـــاوەری باکـــوور ئارامتر و قووڵتـــر بیردەکەنەوەو، لە هەڵچوون و تەســـکبینی و دەمارگیری دوور دەکەونەوە، پرۆسەی ریفراندۆمەکە گەلەك دیاردەی سەرکەوتووی پیشانداوە.

ئـــەوەی لەبەرچاوە و، بەرزی دەنرخێنین، گیانی قبووڵکردنی یەکترە، یەکەمین جارە دەنگدەرانی کورد، هەرچەندە بە ئاشـــکرا، دوو بەرەو دوو هەڵوێســـتی جیاواز بوون لـــە ریفراندۆمەکەدا، بـــەڵام یەکتریان قەبوولکردووە.

بەلای منـــەوە، دەبێ ڕووناکبیر و هۆشـــیارانی گورەپانی ڕامیاری باکوور پتر جەخت بخەنە ســـەر چەســـپاندن و فراوانبوونی ئەم ڕەوشـــە بەرزە، واتە: یەکتر قبوولکردن.

کۆمەڵگای تورك یەکتریـــان قبوولە، هەرچەندە ململانێ و پێشـــبرکێی نێوان حیزبە گەورەکانی تورك ئێجـــگار گەرمە، بەدەنگی بـــەرز ڕەخنە لەیەکدی دەگـــرن، بـــەڵام لە ئەنجامـــدا یەکتـــر و ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیش قبوولدەکەن.

کۆمەڵگای کوردی باکووریش بەرەو ئەو ڕاستایە هەنگاوی ناوە، ئەمەیان دیاردەیەکی دڵخۆشـــکەر و ئومێد بەخشە، بەرهەمی پێشـــکەوتنەکانی دیکەیە لەبواری بیری سیاســـی و ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی و کەلتووریدا.

لەورا دبێژم کە ئەزموونی کوردی باکوور دەبێتەوە نموونەی سەرکەوتووی داهاتوومان، لە سەرانسەری کوردســـتانی گـــەورەدا، دیارە پێشـــکەوتنی بزاڤی دیموکراتـــی کورد لە هەر هەرێمێکدا پێشـــکەوتن و مزگێنی ئاییندەیە بۆ هەرێم و دەڤەرەکانی دی.

**(٤)**

ئێـــرۆ بزاڤی دیموکراتی باکوور چەندین دەرفەتی نوێی بۆ کراوەتەوە:

١. ئەگەری بەنێـــو دەوڵەتییکردنی دۆزی کورد دەرکەوتـــووە، گرووپێکـــی ئەنجوومەنـــی دانایان و شـــارەزایانی ئەوروپا کەوتنە چالاکـــی و ئامادەییان پیشـــانداوە بۆ ناوبـــژی و پاراســـتنی ئاگربەس و چەسـپاندنی پرۆسـەی دیالۆگ و ئاشتی لەنێوان گەلی کورد و حکومەتی تورکیادا.

کەســایەتییەکی گەورەی ئـــەم گرووپە، بەناوی دانایانی ئەورووپاوە، پێشـــنیاری کردووە: «ئاگربەس لەژێر کۆنترۆڵی نێودەوڵەتی بێت، تەنها لەم ڕێگایەوە دەتوانرێـــت دەســـت بە دیالـــۆگ و دانووســـتاندن بکرێت..» هەروەها دەڵێت کە «دەســـت خستنە نێو مەســـەلەکە لەســـەر ئاســـتی نێونەتەوەیی سوودی دەبێـــت بۆ بەرژەوەندی تورکیا و تەنانەت بەرژەوەندی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت و جیهانیش»(بڕوانە: وتەی ئەلبێرت ڕوهان سکرتێری گشتیی پێشووی وەزارەتی دەرەوەی نەمسا –خەبات -٢٠٠١/٩/٢١).

بەنێودەوڵەتیبوونی مەســـەلەی کورد هەنگاوێکی گرنگە کە چەندین ســـاڵە بۆی دەکۆشین، ساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیســـتەمی زایینی، بەتایبەتی ١٩٨٨ بەدواوە، لە یاداشت و بانگەوازەکانمان بۆ ڕای گشـــتی دنیا، بەناوی بزاڤی کوردەوە، ئەوە بووە کە مەسەلەی کورد مەســـەلەیەکی جیهانییە، پێویستە کۆنگرەیەکی فراوانی نێودەوڵەتی بەئامادەبوونی هەر چوار وڵاتی کوردنشـــین، گرێبدرێت تا چارەسەری دادپەروەرانەی کێشـــەی کورد دابنرێت، هەر بۆیەش داوامان دەکرد کورد وەکو(ئەندامی چاودێر) لە نەتەوە یەکگرتـــووەکان UN وەربگیرێت، تـــا ئەو ڕۆژەی نوێنەری هەمیشەیی دەبێت.

٢. گۆڕانکارییەکی گرنگی دیکە ئەوەیە ئێستا حکومەتـــی تورکیا ئیتر بە ئاشـــکرا دەیدرکێنێ کە چاوی بە عەبدوڵلا ئۆجـــەلان و نوێنەرانی PKK دەکەوێ بۆ گفتوگۆ لەبارەی دۆزی کوردەوە، هەروەها کۆمەڵگای مەدەنی و کەســـایەتییە ڕووناکبیرەکانی تورکیا لەحکومەتـــی وڵاتەکەیان دەخوازن تا ئیتر بە فەرمی لەگەڵ نوێنەرانی پارتی ئاشتی و دیموکراتی BDP وەك نوێنەری کورد لە دیالۆگ دابنیشێت.

خاڵـــی گـــەش و پۆزەتیڤیش، لە تـــەك هەموو ئەوانـــەدا، هەڵوێســـتی دروســـتی ســـەرکردەکانی مەیدانیـــی پەکەکەیە کە درێژیان بە ئاگربەس داوە، بـــەو هیوایەی پتـــرو پتر درێژەی پێبـــدەن تا بگاتە ئاشتەوایی و ئارامی.

خەباتی سیاسی ئاشـــتیانە هەنگاڤێکی گرنگی دیکەی ڕاستەڕێگای بزاڤی دیموکراتی کوردە.

# کورد لە تورکیا ئاشتییەکی بەرووومەتیان دەوێ




ئاسۆ کەریم

Aso2karim@yahoo.com


لەم دوو سێ ساڵەی دواییدا لە میدیای تورکی کە باس لە گیروگرفتە سەرەکییەکانی تورکیا دەکرێ، دۆزی کورد وەك کێشەیەکی لەمێژینە ناوی دێت، هەڵبەت لەمێژینەیی کێشەیەکیش وا دەخوازێ بە شێنەیی و پێ بە پێ لە چوارچێوەی پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی تورکیادا چارەسەر بکرێت. دیارە تا ئێستا زێتر رەهەندە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکەی ئەو کێشەیە زەق کراوەتەوەو هەوڵدراوە رەهەندە سیاسییە نەتەوەییەکەی لێدابماڵردرێت. بەو مانایە کە بایەخدان بە گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بە هەڵێنانەوەی هەندێ هەنگاو لە بواری کولتووریدا، کێشەی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا (کوردستانی باکوور) چارەسەر دەبێت. تا ئێستا ئەوە تێروانین و ئەجێندای لەرووی حزبی حوکمڕان، ئاق پارتی AKP بووە. ئەگەر ئەو تێگەیشتنە، روویەکی پۆزەتیڤیشی هەبێت لەچاو تێگەیشتنی جەهەپە CHPو مەهەپە MHPدا، ئەوە تێگەیشتنێکی رووکەشانەو خۆ لە قەرەنەدانی ناوەڕۆکی کێشەی کوردە لەو وڵاتەدا، بەڵام ئەو پلانە نەچۆتە واری جێبەجێکردن و ئەگەر بشکرێت سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ.

هەروا لە سەرێکی تریشەوە بۆچوونی باڵادەستی ناو میدیای ئەو وڵاتە ئەوە بووە کە دۆزی کورد و کێشەی پەکەکە لێکجوودان، بەو مانایەی کە پەکەکە زادەو هەڵقوڵاوی ناو کێشەی کوردو کاردانەوەی زوڵم و زۆری سەر کورد نەبووەو نییەو بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەش نەهاتۆتە گۆڕێ. ئەگەر تا رادەیەك دۆزو کێشەی کورد بەلای سیاسەتکارانی ئاق پارتی و ئاڵاهەڵگرانی عوسمانلیزمی نوێ و میدیاکارانەوە، رەواییەکیشی هەبێ، ئەوا کێشەی پەکەکە لە کێشەی «تیرۆر» کورت دەکەنەوە، ئەمەش بەو ئەنجامەمان دەگەیەنێت کە بۆ چارەکردنی هەر یەك لەو دوو کێشەیە دەبێت میکانیزم و رێوشوێنی جیاواز پێڕەو بکرێت. یەکێکیان دەبێت بەلای ئەوانەوە بە رێگەی کرانەوەی زێتری دیموکراتی «چارەسەر بکرێ» و دووەمیشیان دەبێ «لەریشەوە دەربهێندرێت». واتە یەکێکیان دەکرێ دانوستاندن و سازشی لەسەر بکرێ و ئەوی دووەمیان سازش هەڵنەگرە!

پێشتر ئاق پارتی لەگەڵ هەردوو حزبە عەلمانییە نەتەوەییەکەی تورك؛ جەهەپەو مەهەپەدا، لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کورد ناتەبا بوو، دەنا لەسەر «براندنەوەی تیرۆر» هاوخیتاب بوون. چونکە ئاق پارتی هەوڵی دەدا هەردوو کێشەکە لێکبکاتەوە، هەرچی مەهەپەو جەهەپە بوون ئەو دوو کێشەیەیان دەکردە هاوشانی یەکتر، یان دانیان بە بوونی کێشەیەك بەناوی کێشەی کورد نەدەناو کێشەی پەکەکەش بەلای ئەوانەوە یەکسان بوو بە کێشەی تیرۆر. ئاق پارتی بەو خیتابە نوێیەی بەشێکی لە کوردانی تورکیا بۆ لای خۆی راکێشاوە، هەرچی مەهەپەو جەهەپەن کە پێشتر نفووزیان لەناو کوردان هەبوو، ئەوا دەکرێ بڵێین بنکەیەکی جەماوەریی ئەوتۆیان لەناویاندا نەماوە کە حیسابی لەسەر بکرێ. ئەوەش وایکردووە لە ناوچە کوردنشینەکاندا، ململانەی حزبی و سیاسی بکەوێتە نێوان ئاق پارتی لە لایەك و پەکەکە و پارتی ئاشتی و دیموکراتی (بەدەپە – BDP) و کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموراتی (دەتەکە- DTK)ی ئەحمەد تورك و ئایسەل تۆغلوك لە لایەکی ترەوە.

لەو ریفراندۆمەی کە لە ١٢ی ئەیلوول سەبارەت بەو کۆمەڵە هەموارەی لە دەستووری تورکیا کرا ئەو ململانەیە لە ناوچە کوردنشینەکاندا ساغ بۆوە، سەنگ و قورسایی هەر یەك لە بەرەی کوردی و بەرەی ئاق پارتی دەرکەوت. تای تەرازوو بەلای PKK، BDP، DTK لا سەنگ بوو. دووەم، بەرەی کورد بە بایکوتکردنی ریفراندۆمەکە، دەنگی خۆیان تێکەڵی دەنگی تورکان: ئاق پارتی (بەڵێ) و دەنگی مەهەپەو جەهەپە (نەخێر) نەکرد. هاوکات پەکەکە کە تا ٩/٢٠ ئاگربەستێکی یەکلایەنەی راگەیاندبوو (ئێستا تا ٢٧ی مانگ درێژی کردۆتەوەو بەلایەنی زۆرەوە درێژتریشی دەکاتەوەو وەك دەڵێن سیاسەتی چاوەڕوان بەو ببینە بگرێتەبەر) زێتر لە خزمەت بایکۆتەکەو ئینجا دەنگدان بە بەڵێ بوو تا نەخێر کە بە دەستووری پیاوەکەی ئیمرالی بوو، دەرگای هاتنەپێشەوەی بۆ ئاق پارتی کردەوە ئەگەر ئەوەی دوایی بیەوێت دەستوورێکی نوێ لە ئایندەدا پەسند بکرێ و کێشەی کورد چارە بکات و وڵات بەرەو دیموکراتیزەکردن و بوونە ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپی ببات و گەڕێکی تری حوکمرانیش بۆ (٢٠١١-٢٠١٥) بباتەوە. پاشان بایکۆتی دووەمی بەرەی کورد (نەناردنی منداڵان بۆ قوتابخانە لەماوەی نێوان ٢٠-٩/٢٥ خۆی لە خۆیدا داخوازی خوێندنە بە زمانی کوردی)یش هاتەسەر کە سەغڵەتییەکی بۆ حکوومەتی تورکیا لەناو رای گشتیی دنیا دروستکردووە، داخوازیی چارەسەرکردنی بەئاشتییانەی کێشەی کورد لە رێگەی پێدانی ئۆتۆنۆمی خۆجێی لە وێنەی کەتەلۆنیای ئیسپانیا، هەموو ئەمانە رەوشێکی نوێیان بۆ لێکحاڵیبوون و هەڵێنانەوەی هەنگاوی نوێ لە تورکیا هێناوەتە کایەوە کە لە دەرەوە تورکیاش، بەتایبەتی لە لایەن سەرکردایەتیی سیاسیی هەرێمی کوردستانەوە پشتەوانی لێدەکرێ.

بەپێی هەواڵەکان (تودەی زەمان، ٢٠١٠/٩/٢٤) دیمانەو دیداری کاربەدەستانی دەوڵەت: لە وەزارەتی داد، وەزارەتی ناوەخۆ، میت و جەندرمە و هیتریش لەگەڵ ئۆجەلان بەردەوامە کە تیایدا باس لە ئاگربڕی پەکەکەو خوێندن بە زمانی کوردی و چەکدانانی پەکەکەو مەرجەکانی لێبوردن کراوە. ئەو دیمانانە لە یەك مەغزا بەبڕوای من زێتریان نییە کە تورکەکان دەزانن بۆ بێدەنگکردنی چەکەکان و وەدیهێنانی هەندێ پێشکەوتن لە بواری چارەسەری کێشەی کوردو کێشەی پەکەکە، چار نییە دەبێت ئۆجەلان-یش بدوێنن. لەهەمانکاتدا دیمانەو کۆبوونەوە (رۆژی ٩/٢٣)ی نێوان چەند وەزیرێکی حکوومەتی ئاق پارتی بە سەرکردایەتی جێگری سەرۆکوەزیرانی تورکیا لەگەڵ پەرلەمەنتارانی کورد: سەرۆکی بەدەپە سەلاحەددین دەمیرتاش و گولتەن کیشاناك-ی هاوسەرۆکی پارتی و حەسیب قابلان لە ژووری سەرۆکوەزیران لە پەرلەمانی تورکیا، روویێکی تری ئەو رەوشە تازەیەیە..بەدەپە لە داواکانیاندا جەختیان لەسەر سێ خاڵ کردۆتەوە: ئۆجەلان بە موخاتەب وەربگیرێ و ئەو کوردانەی گیراون ئازاد بکرێن، دەستوورێکی نوێ پەسند بکرێ، ئۆتۆنۆمی دیموکراتی لە وێنەی کەتەلۆنیا بە کوردان بدرێ... وەك دەبینین بەم یان بەو شێوەیە ئەگەر شەرمنانەش بێت ئۆجەلان لە دەرەوەی وتووێژو هاوکێشەکان نییە وەك لە سەرەوە ئاماژەم پێکردووە، بەڵام وەك دەزانرێ هێشتا ئەوە پرسێکی هەستیارە لەناو رای گشتیی تورکیادا. دووەم، بردنەوەی بەرچاوی ئاق پارتی لە ریفراندەمەکەی ١٢ی ئەیلوول (٥٨٪)، ئەگەر کوردیش دەنگی خۆی بخاتە پاڵ ئەوان، رەنگە زەوینە بۆ پەسندکردنی دەستوورێکی نوێ ئاسان ببێت و کۆتایی بە عەسکەرتاریەت بێت کە بە جۆرێ لە جۆرەکان دان بە بەڕێوەبردنی نا مەرکەزییانەی ناوچە کوردنشینەکان بنرێت...بەڵام، بۆ ئەوەی ئەو زەوینەیە خۆش ببێت کە بێشك بلەزو بەز نایەنە دی، پێویست بە ئاگربڕی یەکلایەنەی بەردەوام و یەکخستنی دەنگی کوردان هەیە...

راستە هۆکاری ناوەکیی تورکیا بۆ خۆی هۆکاری بڕیاردەرە لە چەقین یان بەرەوپێشەوەچوونی لێکحاڵیبوونی نێوان ئاق پارتی و بەرەی کوردان لە تورکیا، لێ هۆکاری دەرەکیش دەکارێ یارمەتیدەر بێت. بێشك دەوری سەرۆك بارزانی لەم نزیککەوتنەوەیە بەرچاوەو بەرچاوتریش دەبێت، خۆ ئەگەر کوردو لایەنەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان لەسەر ئەجێندایەکی دیموکراتیی هاوبەش و لەسەر چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەکان رێبکەون، ئەوا رەنگە بەشێ لە نیگەرانییەکانی تورکیا و وڵاتانی تریش برەوێتەوە کە کورد مایەی مەترسی و هەڕەشە نیین بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکانیان.


لەگەڵ ئەوەشدا کورد لەیلا زانا گوتەنی «ئاشتییەکی بەڕوومەت»یان دەوێ، بۆ ئەوەی ئاشتیش بەڕوومەت بێت و دیموکراسی لە تورکیا بێتەدی، دەبێت دادپەروەری لەنێوان پێکهاتەکاندا هەبێت: کەواتە با دروشمی کوردان ئەوە بێت: ئاشتی، دادپەروەری، دیموکراسی.

# سەرژمێرییەکی بێغەل و غەش بەشێک لە مافەکانی یەزیدییەکان دەگەڕێنێتەوە

## مەرجەعی ئایینی یەزیدیان:

# بەنەتەوە کوردین.. بە ئایین یەزیدین





بەدرێژایی مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق، کوردانی دانیشتووی رەسەنی موسڵ و دەوروبـەری بەشێوازو میکانیزمی هەمەچەشنەوە زوڵـم و ستەمیان دەرهـەق کراوە ؛ بەشێکی زۆری ئەو کوردانە لە برایانی یەزیدی و شەبەك پێکهاتوون، ئەو ستەمەی لەمێژوودا لە یەزیدیەکان کراوە دووجەمسەرە بووە، واتە هەمیشە وەك ئایین و وەك نەتەوەش دژایەتیان کراوە، بەردەوام لەبەر کەڵبەی ستەمکاران هەرەشە لە بڕواو فکروئیرادەو بوونی نەتەوەییان دەکرا، سیاسەتی پاکتاوکردنی رەگەزی کە لە سەردەمی رژێمی پێشوو دەرهەق بە نەتەوەی کورد ئەنجام دەدرا، بە شێوازێکی دڕندانە برایانی یەزیدیشی گرتبووەوە، ئەو دەسەڵاتەی ئێستای لە موسڵ حوکمدارە لەبری ئەوەی ئەرکی تێکشکانی فکرە دۆگمابووەکانی بەعس لە ئەستۆ بنێت، کەچی گەمە بە خۆڵەمێشەکەی بەعس دەکاتـەوە بە ئومێدی ئەوەی ژیلەمۆی لێ هەڵایسێنێتەوەو سوود لە کرۆکی رەگەزپەرستی وەرگرێتەوە و کوردبوونی ئەم ناوچانە بخاتەوە بەر هەڕەشەی شۆفینستانەی بەعسیە بەقەرەبووت بووەکانەوە، دڵنیاین کە یەزیدیەکان نەوەك ئایین و نەوەك نەتەوەو نە وەك گرووپێکی ئاشتیخوازو راستگۆ لەگەڵ خۆیان و دەوروبەریاندا هەرگیز و لە کەس قبووڵ ناکەن سوکایەتی بە نەتەوەیی بوون و یەزیدایەتی بوونیانەوە بکرێت، هەر وەك چۆن قبووڵیشیان نەکردووە، گەر جاران بە زەبری تیغ و سمی بەعسیەکان لە هەوڵی چاوترساندنیاندا بووبن، ئێستا لە دوای رزگاربوونی ناوچەکانیان لە حوکمی سەدام و دارو دەستەکەی؛ یەزیدیەکان بۆ دیتنی راستیەکان و مافەکانیان چاوکراوەتربوون، لە بەسەرکردنەوەیەکماندا بۆ لای ئەم برا عەزیزو کوردانەی خۆمان وەك گۆڤاری گولان ئەم راپۆرتەمان ئامادەکرد.



دوژمنان بەتایبەتی عەرەبە شۆڤینییەکان وپاشماوەی بەعس و لیستی حەدبا لە هەوڵی ئەوەدان کە تەزویر وساختەکاری لەناوچە دابڕاوەکان ئەنجام بدەن

## بابە شێخ خرتو حاجی ئیسماعیل:

# زمان و دوعا و نزاو کولتوور و نەتەوەمان کوردییە و گومانمان لە کوردایەتی خۆمان نییە

**لەسەرەتادا بەڕێز بابە شێخ خرتو حاجی ئیسماعیل مەرجەعی ئایینی گشتی یەزیدیان لەبارەی سەرژمێریەکە و ئامۆژگاری بۆ خەڵکەکەی بە شێوەیەکی گشتی وتی:** بەمەبەستی بەشداری کردنی خەڵك لە سەرژمێرییەکەدا لە رۆژی ٢٠١٠/٩/٢١ بەیاننامەیەکمان لەلایەن جەنابی میرو ئەندامانی ئەنجومەنی مەرجەعیەتی روحانی یەزیدیان بڵاوکردەوە و دامان بە راگەیاندنەکانیش و هەروەها لایەنە پێوەندداره‌کانیشمان لێ ئاگادار کردۆتەوە، کە ئێمە کوردین و زمانی ئێمە کوردییە و دوعا و نزای ئێمە کوردین و کوردی زمانی رەسەنی ئێمەیە.. هەموو کات دووپاتمان کردۆتەوە کە یەزیدی لە هەر شوێنێك بژیت یەزیدی ئایینەکەیەتی، بەڵام زمان و نەتەوەکەی کوردە، ئێمە هیچ گومانێکمان نییە لەوەی کە کوردین، هەربۆیە لێرەدا داوا لە هەموو یەزیدییەکان دەکەین کە بەشداری لە سەرژمێرییەکەدا بکەن و خۆیان بە کورد بنووسن، ئەوەی خۆی بە کورد نەنووسێت لە یەزیدیاتی بێ بەرییە.

هەروەك هەموولایەك دەزانن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتداری سیاسی کوردی هەمیشە بە دەنگ ئێمەوە هاتوون و هاوکاری ئێمەیان کردووە، بەڵام جارێکی دیکەش داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم کە هاوکاری خەڵکی کەمدەرامەت و هەژاری ئەم ناوچەیە بکات و خزمەتگوزاری زیاتریان بۆ دابین بکات.

*** ژمارەی دانیشتووانی قەزای شێخان و ژمارەی برایانی یەزیدی چەندە و ئەو بەرنامە و پلانەی بۆ سەرژمێری ئامادەکراوە چییە؟**

**- بەڕێز حەسۆ نەرمۆ قائیمقامی قەزای شێخان لەو بارەوە وتی:** بەپێی پەڕاوگەکانی فەرمانگەی بەڵگەنامەی باری کەسیەتی قەزای شێخان ساڵی (٢٠٠٨) ژمارەی دانیشتوانەکەی شێخان بەهەموو سنووری یەکە ئیدارییەکەی پتر لە (١٧٢) هەزار کەس بووە، ئەم ژمارەیە عەرەبە هاوردەکانی کە لەگەڵ شاڵاوو پرۆسەی تەعریب هاتبوون تێدایە، بەڵام پاش رزگاربوونی عێراق عەرەبە هاوردەکان لەسنووری ئێمە نەماون، هەرچەندە سەرژمێری تەواو لەبەردەست نییە، بەڵام ئێستا نزیکەی (١٢٥) هەزار کەس لە سنووری یەکەی ئیدارەی قەزای شێخان دەژین و لەم ژمارەیەشدا (٩٠) هەزار کوردی موسڵمانن و (٢٦) هەزار کەس کوردی یەزیدین و (٤) هەزار کەس برای مەسیحین و (٣تا ٤) هەزار کەسیش برایانی عەرەبن کە

کارمان بۆ ئەوە کردووە کە برایانی شەبەک، کە ئەوانیش کوردن لەم سەرژمێرییەشدا خۆیان بە کورد بنووسنەوە



**یەزیدیایەتی دینمانە، بەڵام زمان و گفتوگۆی نەتەوەییمان کوردییە**

## حەسۆ نەرمۆ:

# لەو سەرژمێریانەی لە ساڵانی ١٩٢٧ تا ١٩٩٧ کراوە نەهێڵدراوە پێکهاتە و قەوارەی دروستی گەلی عێراق دەربکەوێت

لە کۆنەوە لەو سنوورە دەژین. وەکو ئامادەکاری کە لە عێراقدا بڕیارە لە ٢٠١٠/١٠/٢٤ سەرژمێری گشتی ئەنجام بدرێت، یەکەم سەرژمێری گشتی لەعێراق ساڵی ١٩٢٧ وەکو سیستەم و عورفێك هەر (١٠) ساڵ جارێك سەرژمێرییەك ئەنجامدراوە و لەساڵی (١٩٩٧) کراوە، سەرژمێریەکی دیکە لەعێراق کرا، بەڵام هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان (هەولێر و دهۆك و سلێمانی) سەرژمێرییان تێدا ئەنجام نەدرا، ئەوسەرژمێریانەی ئەنجامدراوە لە بارودۆخێکی نائارام و سیاسی بووە کە نەهێڵدراوە پێکهاتەکانی گەلی عێراق بەپێی ژمارە و دانیشتوانی خۆیان دەرکەون و هیچ نەتەوەو پێکهاتەیەك قەوارەی دروستی خۆی نەزانیوە، بەڵام ئەم سەرژمێریەی ئەمجارە دەرفەتێکی گرنگ و زۆرباشە بۆ هەموو پێکهاتە و نەتەوەکانی لە عێراقدا هەنە، بەتایبەتی بۆ ئێمەی کورد پێویستە ئامارێکی ڕێکوپێك ئەنجام بدەین و خەڵکی خۆمان هان بدەین هەست بە بەرپرسیاریەتی خۆی بکات، لەم ئازادی و بارودۆخە ئارام و هێمنەدا هاریکاری فەرمانبەرانی ئامار و تۆمارکردن بکەین تا هەر یەکەمان بەراستی و دروستی قەوارەی نەتەوەی خۆی بزانێت و لەلایەنی سیاسی بۆ ئێمە گرنگە وەکو کورد لە عێراقدا، چونکە سەرژمێری گشتی داتایەکی زانستییە کە وەزارەتی پلاندانان لەسەری دەتوانێ بەرێکوپێکی بەرنامەدابڕێژێت و لە هەر وڵاتێك سەرژمێری گشتی نەبێت ئەوە پلان و بەرنامەکانی هەموو لایەنێکی بەباش و ڕێکوپێکی دانانرێت و لەماوەی رابردوو هەژماردن و ئامارسازی بەشێوەیەکی پراکتیکی و دروست لە سنوورەکەمان ئەنجامدراوە و چەندین کۆڕو سیمینار بۆ خەڵکەکە کراوە کە تێیدا چۆنییەتی سەرژمێری و پڕکردنەوەی فۆرمەکان شیکراوەتەوە و خول بۆ ئەو فەرمانبەر و مامۆستایانە ئەنجامدراوە کە لە سەرژمێرییەکەدا بەشدار دەبن و ئامادەکاری خۆمان وەرگرتووە و لایەنی ئەمنی لەدەڤەرەکە زۆر لەبار, و پارێزراوە.

*** لیستی حەدبا لە موسڵ دژایەتی ئەم سەرژمێرییە دەکا و هەوڵدەدات ئەنجام نەدرێت و لە ناوچە دابڕاو , ناکۆکی لەسەرەکان خەریکی پلانی تەزویر و ساختەکارییە، ئەوپەڕی هەوڵ دەدات لە سەرژمێرییەکەدا ژمارەی کورد لەناوچەکە کەم بکاتەوە، دەکرێ روونکردنەوەی زیاترتان هەبێ؟**

**- قائیمقامی قەزای شێخان وتی:**

ئەم ناوچەیە یەکێکە لەو بەشانەی کە ماددەی (١٤٠)ی دەستووری بۆ

**لە هەڵبژاردن و ریفراندۆم بۆ دەستوورو لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و هەڵبژاردنی پارێزگاکانیشدا خەڵکی ئەم ناوچانە (٩٥٪) دەنگی خۆیان بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان دا**



له سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ هەربە تەزویرو دوور لە خواستی خەڵکەکە (٩٥٪)ی دانیشتووانی دەڤەری (باشیک)یان بە عەرەب نووسی بوو کە لەراستیدا (٩٥٪)یان کوردن

## شێخ حەسەن شێخ عەلۆ:

# کەس ناتوانێت مۆرکی نەتەوایەتیمان کە کوردییە لێ بسڕێتەوە

داواکارین لە حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق، ئێزن نەدەن پارێزگاری موسڵ ستەم و زوڵمی زیاترمان لێ بکات

دانراوە و دابڕاوین لە سـنووری هەرێمی کوردسـتانیش و بەپێـی ئـەو ماددە دەستوورییە نەخشەی رێگەی گونجاوی بۆ دانراوە تا کێشەکانی چارەسەر بکرێت و بەپێی دەستوور بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردسـتان، هەر لە شنگارەوە تا دەگاتە شێخان و کەرکوك و خانەقین، هەڵوێستی خەڵکی ئەم ناوچانەش روون و ئاشکرایە کە خۆیان بە کورد دەزانن و کوردستانین. لەم نێوەدا هەڵوێـستی لیستی حەدبا لە موسـڵ و خەڵکانی دیکـەش روون و ئاشکرایە کە بە بیروباوەڕێکی شۆڤێنیانە کار دەکـەن و دەیانەوێـت کار لە دژی کوردسـتانییەتی ئـەم ناوچانە بکەن. هەڵوێستی خەڵکی ئەم ناوچانە دیارە کە لە هەڵبژاردن و ریفراندۆم بۆ دەستوور و لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێـراق و هەڵبژاردنـی ئەنجومەنـی پارێزگاکانـدا خەڵکـی ئـەم ناوچانە (٩٥٪) دەنگـی خۆیاندا بە لیسـتی هاوپەیمانی کوردستان و بۆ ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ پتر لە (٩٥٪) دەنگی خۆیان داوەتە لیستی برایەتی نەینەوا و لە کاتێك کە ریفراندۆم لەسـەر دەستوور کرا، یاسـایەك دەرچوو کە تێیدا ئاماژە بـەوە دەکات ئەگەر لەسـێ پارێزگادا دوو لەسەر سێی رێژەکەی رازی نەبوون بەم دەسـتوورە، ئەوە دەستوورەکە قبووڵ ناکرێت، لەم کاتەشدا پارێزگای (ئەنبار و سەلاحەدین و موسڵ) بۆ دەستوور بە نەخێـر وەڵامیان داوە، بەڵام رێژەی ئێمە وەکو ناوچەکانی شـنگار و شـێخان و مەخموور...تاد، وەڵامەکەمان بەبەڵێ بۆ دەستوور بووە، هەربە دەنگی ئێمەش بوو دەنگی پارێزگای ئەنبار و سـەڵاحەدین پشـتگوێ خراوە دەسـتوور تێپەڕێندرا و پەسـەند کرا. لە ناوچەی ئێمەدا کە زۆربەی دانیشتوانەکانی یەزیدین خۆیان بە کوردی رەسـەن دەزانن و دەنگ بۆ کوردبوونـی خۆیـان دەدەن، هەروەکـو پێشووتریش دەنگیان بۆ ئەوە داوە. ئەوان لیستی حەدبا و شۆڤینییە عەرەبەکان بە سـێبەری بەعس دەزانن و دەبینین لەم سەرژمێرییەشـدا زۆربەی خەڵکی ئەم ناوچانە خۆیان بە کورد دەنووسن، چونکە کوردی زمان و نەتەوەی خۆیانە. راستی مێژوو و جوگرافیاو زمان و کولتوور ئەوە دەسەلمێنێ کە یەزیدی کوردی رەسەنن، دیارە لەلایەکی دیکە کە سیاسـەتێکی داڕێژراو هەیە لەلایەن لیسـتی حەدبا و هەندێ لە ناحەزان کە نیازیانە کارێك بکەن ئەم سەرژمێرییە گشتییە لەناوچەکەماندا ئەنجام نەدرێت یا دوا بخرێت، پاسـاوی دواخستنەکەشـیان بۆ چەندین هۆکاری دوور لـە واقیعییـەت دێننـەوە وەك ناوچەکـە لەبـارەی ئەمنییـەوە لەبار نییە. بەڵام خەڵکی ناوچەکە بەگشـتی



## عامر کاکەیی:

# لیستی حەدبا و شۆڤینییەکان لە هەوڵی ئەوەدان سەرژمێرییەکە بەرەو ساختەکاری و تەزویر ببەن

ئەم سەرژمێرییەی ٢٠١٠/١٠/٢٤ دەبێتە جێگرەوەیەک بۆ سەرژمێری ساڵی (١٩٥٧) و ئەمەش داهاتووی کورد و کوردستان لە عێراق گەشتر و رووناکتر دەکات

دەخوازن لەکات و رۆژی دیاریکراودا کە ٢٠١٠/١٠/٢٤یە سەرژمێرییەکە بکرێت و هاریکاری و دڵسۆزی دەنوێنین بۆ سەرکەوتنی سەرژمێرییەکە، ناحەزان ئێستا پیلانێکی دیکەیان لەبەردەستە کە ئەگەر نەکرا، سەرژمێرییەکەش دوابخەن کارێك بکەن ساختەکاری تێدا ئەنجام بدەن. لەم رۆژانە کۆبوونەوەیەك لە موسڵ بەسەرۆکایەتی ئەسیل نجیفی ئەنجامدرا کە تێیدا بڕیاریان داوە ئەو کارمەندانەی کە لەلای ئێمە بۆ ئەرکی ئامار و ژماردنی سەرژمێرییەکە دانراون قبووڵیان نەکەن، بەڵکو لەلایەن خۆیانەوە فەرمانبەری تایبەتی بۆ سەرژمێرییەکە بنێرن، کە ئێمەش دژی ئەم بڕیارەین، چونکە ئەمە هەوڵدانێکە بۆ ساختەکاری لە سەرژمێریدا، بۆیە داواکارین لە خەڵکی خۆمان ئەگەر ئەمەش روویدا واتە فەرمانبەری تایبەتی لە موسڵەوە هاتن بۆ سەرژمێری ئەوە با خوێندەوارانی خێزانەکانیان بە چاوێکی کراوە ئاگایان لە پرۆسەکە بێت، لە پڕکردنەوە و نووسینەوەی فۆرمەکاندا بە وردبینی بڕوانن تا تەزویری تێدا نەکرێت. ئێمە هەموو هەوڵ و تواناکانی خۆمان دەخەینە گەڕ بۆ ئەوەی سەرژمێرییەکە ئەنجام بدرێت، چونکە لە خەڵکی خۆمان دڵنیاین و بۆ رۆژی سەرژمێری ئامادەباشی تەواو کراوە و هەموو پێداویستییەکی تەکنیکی و لۆجستیکی ئامادەکراوە، لە ناوچەکەی ئێمەدا بەهاوکاری پارێزگاری دهۆك لە ساڵی ٢٠٠٣وە تاکو ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان خزمەتگوزارییەکی زۆری بۆ دابین کردووین، بەرادەیەك کە لە ٨٠ ساڵی رابردوودا ئەوەندەنەکراوە، بەڵام هێشتاش دەڤەرەکە پێویستی بە خزمەتگوزاری زیاترە.

**لە کۆتاییدا قائیمقامی قەزای شێخان وتی:** راستە کەمن کوردم و یەزیدیم، بەڵام لەو ئەرکەی پێمسپێردراوە کە قائیمقامیەتی قەزای شێخانە، هەموو خەڵکی ناوچەکە جا سەر بە هەر نەتەوە و ئایینێك بن بەیەك چاو سەیریان دەکەم، هەموویان لەلای من وەك یەکن، زۆربەی خەڵکەکە کوردە و کوردستانییە و بۆیە داواکارم خەڵکی ناوچەکە هەمیشە گیانی برایەتی و لێبوردەیی و هاوکاری زیاتر لەنێو خۆیاندا پەرە پێبدەن، ئەم هاوکاری و تەبابییە دەتوانێ ببێتە سەنگەرێك بە دژی دوژمنان و ناحەزانی کوردستان، پێویستە لەم سەرژمێرییەدا بیسەلمێنین کە کوردین و شانازی بە نەتەوەی خۆمانەوە بکەین. چونکە ئەم سەرژمێرییە دەبێتە جێگرەوەی سەرژمێری ساڵی (١٩٥٧) و ئەمەش داهاتووی کورد و کوردستان

دوژمنان قەت نەیانتوانیوە کولتوور و زمان و نەتەوایەتی کوردیمان تۆزقاڵێک لەق بکەن

لە عێراق گەشتر و رووناکتر دەکات.

*** ڕێژەی یەزیدی لە سنووری قەزای تلکێف چەنـــدە، ئایـــا بەرنامە و پلان و ئامـــادەکاری کراوە بۆ ئـــەوەی ئەم ناوچەیە ناوی خۆیـــان بە کورد تۆمار بکەن و هەروەها ســـاختەکاری لەســـەر ژمێرییەکەدا نەکرێت؟**


**- شێخ حەسەن شـــێخ عەلۆ، بەرپرسی ناوچەی تلکێف لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا وتی:** ئێمـــە لە ڕێگـــەی کۆبوونەوە و سیمینارەوە چەندین ڕێنمایی پێویستمان بە خەڵکانـــی دەڤەرەکـــە راگەیاندووە بەتایبـــەت لەسەرشـــێوەی پڕکردنەوەی فۆرمـــی ســـەرژمێری تاوەکو توشـــی هەڵـــە نەبـــن و کەســـیش نەتوانێ ڕێگەی خـــراپ و نادروستیان پیشان بـــدات، چونکـــە لای هەمـــووان ئاشـــکرایە کـــە دوژمنـــان بەتایبەتی عەرەبە شۆڤێـــنییەکان و پاشماوەی بەعـــس و لیستی حەدبا لە هەوڵی ئـــەوەدان کـــە تەزویر وســـاختەکاری لـــەنـــاوچە دابـــڕاوەکان ئەنجام بدەن، بەتایبەتی دەرهـــەق بە ئێمەی کوردی رەســـەن (یەزیدییـــەکان) و لە ڕێگەی ئەوکارو سیمینار و پلانانەی دامانڕشتووە گەیشـــتووینەتە ئەو باوەڕەی کە کەس ناتوانـــێ مۆرکـــی نەتەوایەتیمان کە کوردییە لێ بسڕێتەوە، مێژوو شایەتی حاڵمانە کە لـــە دێرزەمانەوە بەتایبەتی لەلایەن رژێمـــە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقەوە چ ستەمێکیان لە ئێمە کردووە، ئینجا نەیانتوانیـــوە کولتوور و زمان و نەتەوایەتی کوردمان تۆزقاڵێك لەق بکەن، هەرچەندە بۆی هەیە چەند کەســـانێك هەبن کاریگەریان لەسەرکرابێت، ئەمەش لە هەموو کۆمەڵگـــەو نەتەوەیەك هەر دەبێ، بەڵام بەگشتی نەك تەنیا لەدەڤەر و ســـنووری قـــەزای تلکێـــف، بەڵکو هەموو یەزیدییـــەکان خۆیان بە کوردی رەســـەن دەزانن و لەم ســـەرژمێرییەش هـــەروا خۆمان ئامادە کردووە و یەزیدیایەتی دینمانـــە، بەڵام زمـــان و گفتوگۆی نەتەوەییمان کوردییـــە، لەولایەنەوە وەك یەزیدییـــەکان پرســـیار و گفتوگـــۆ و کێشـــەمان لەســـەر کوردایەتی خۆمان نییە، ئێمـــە کوردین و خۆشـــمان هەر بەکـــورد دانـــاوە و ژمـــارە و ڕێژەی یەزدییەکان لە سنووری قەزای تلکێف بە هـــەردوو ناحیەی ئەلقۆش و وانکی و گوندەکانی لە نێوان (٥٠٪ بۆ ٦٠٪) ی دانیشتووانەکەیەتی، هاوکات کارمان بۆ ئـــەوە کردووە کە برایانی شـــەبەك، ئەوانیش کوردن هەر لەم سەرژمێرییەشدا خۆیان بە کورد بنووسن، چونکە سەیری عەشیرەتەکانی شەبەك بکەین زۆربەیان لە عەشـــیرەتی (رۆژبەیانی و زراری و گۆران و داودین) ئەم عەشـــیرەتانەش کوردن، دەڤەری ئێمە و ناوچە دابڕاوەکان لەموسڵ بەگشتی قبووڵیان نییە بەهیچ جۆ ر ێـــك

ناوچە دابڕاوەکانی ئێمە قبووڵیان نییە بەهیچ جۆرێک لیستی حەدبا خۆی لە کارەکانمان وەربدات



ئیدارەی حەدبا خۆی لە کارەکانی ئێمە بدات تا رادەیەکی وا قبووڵیان نییە بەرپرسانی پارێزگای موسڵ (حەدبا) سەردانی دەڤەرەکەش بکات، چونکە ئەمانە بە درێژایی مێژوو تەنیا زوڵمیان لە ئێمە کردووە.

**عامر کاکەیی بەرپرسی لیژنەی ناوچەی باشیك وتی:** لەلایەن پارێزگای موسڵەوە چەندین گرفت و کێشەمان بۆ دروست کراوە تا وەك سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ هەندێك لە نیازە خراپەکانیان بێننە دی، ئەو کات بە تەزویر دوور لە خواستی خەڵکەکە (٩٥٪) ی دانیشتوانی دەڤەری (باشیك)یان بە عەرەب نووسبوو کە لەراستیدا (٩٥٪) یان کوردن، لەم سەرژمێرییە دەبێ خەڵك بە ئازادی و بە ویستی خۆی بەشدار بێت و پێکهاتەی نەتەوەی خۆی دیاری بکات، بەڵام بەداخەوە هەندێك لە گوندەکانی وەك (مغار و گودات و مێرگی) کەسەر بە ناحیەی باشیکن و زیاتر لە (٥٨٤) خێزانن، گوندەکانیان چۆڵ کردووە، هۆکارەکەشی بۆ نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی ژیان وەك ئاو و کارەبا دەگەڕێتەوە. ئەو خێزانانە ئێستا لە کەلەك و کەلەکچی و بەردەڕەش نیشتەجێ بوونە، بۆ ئەوانیش چادرمان ئامادەکردووە کە رۆژی سەرژمێرییەکە بگەڕێنەوە گوندەکانی خۆیان، بەڵام پارێزگاری موسڵ (لیستی حەدبا) ئەمە قبووڵ ناکەن، لەلایەکی دیکە بۆ سەرژمێری کۆسپ و تەگەرەیان بۆ ئەو فەرمانبەرانەی بەکاری سەرژمێری هەڵدەستن دروست کردووە، هەرچەندە ئەوان خولیان دیتووە، لە موسڵەوە بڕیاردراوە ئەمانە نابێ لەو سەرژمێرییەدا بەشداربن، چونکە سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستانن، نیازیان هەیە خەڵکی خۆیان بۆ ئەم سەرژمێرییە بنێرن، ئەویش تەنیا بە مەبەستی ساختەکاری کردن، هەربۆیە داواکارین لە حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق، ئیزن نەدەن پارێزگاری موسڵ ئەم سەرپێچیانە بکات، لەلایەکی دیکەوە ئێمە و ئیدارەی ناوچەکە پێشنیارمان کردووە با لەگەڵ ئەو کارمەندانەی لە موسڵەوە دێن، فەرمانبەری سەرژمێری خۆمانیشیان لەگەڵ بێت، جا نازانم ئەو داوایەی ئێمە پشتگوێ دەخرێت یان نا. هەرچەندە دڵنیام خەڵکی ناوچەکە بەئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆیان هەڵدەستن ..



# چەقبەستوویی پرۆسە سیاسییەکە بواری بۆ گەشبینی نەهێشتۆتەوە



سامی شۆرش*

تایبەت بۆ گوڵانی نوسیووە

ئاشکرایە ماوەی حەوت مانگە پرۆسەی سیاسی لەعێراقدا دووچاری بنبەستێکی سەخت و ئاڵۆز هاتووە، ئەویش لەئەنجامی ئەوەی فراکسیۆنە عێراقییەکان بەتایبەتی سێ لە و فراکسیۆنانە، کە بریتین لە ئەلعێراقیە و دەوڵەتی یاسا و ئیئتیلافی نیشتمانی ناکۆکی و کێشەیان هەیە لەسەر ئەوەی چ لایەکیان مافی ئەوەی هەیە پاڵێوراو پێشکەشی پەرلەمان بکات بۆ ئەوەی پۆستی سەرۆك وەزیران وەربگرێت. بێگومان ئەمە هەر تەنیا کێشەیەکی سیاسی نییە، بەڵکو ڕەگوریشەی دیکەی هەیە، یەکێك لە ڕەهەندەکانی دیکەی ئەم کێشەیە ئەو ناکۆکیانەیە کە لەنێوان هەردوو پێکهاتەی شیعە و سوننەکاندا هەیە کە کێشەیەکی دووروودرێژە، لەهەمان کاتدا بێ متمانەییەکی زۆر لەنێوانیاندا بەدی دەکرێت و ئەم بێ متمانەییەش بۆتە هۆکاری ئەوەی نەتوانن پێکەوە هەڵبکەن و پێکەوە بگەنە ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی چ لایەنێك جڵەوی حکومەت بگرێتەدەست. لەچوار ساڵی رابردوودا ئەو بێ متمانەییە خۆی لە پێکدادان و کوشتار و تیرۆر و پاکتاوی مەزهەبیدا بەرجەستەکردبوو. ئێستاش ئەو کێشەیە لەرووی سیاسییەوە بەزەقی دەرکەوتووە و ئەگەر ئەم تەنگژەیەش درێژەبکێشێت، ئەوا دوورنییە دۆخەکە بگەڕێتەوە سەر هەمان ئەو هەلومەرجەی پێشتر کە بریتی بوو لەشەڕ و کوشتار و پاکتاوی مەزهەبی. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر ل هەردوو لایەنی دەوڵەتی یاسا و ئیئتیلافی نیشتمانی بڕوانین، ئەوا راستە ئەم دوو لایەنە نوێنەری یەك پێکهاتەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کێشە و ناکۆکی لە مێژینەیان لە نێواندایە. ئێمە دەزانین هەمیشە پێکهاتەی شیعە لەعێراق پێکهاتەیەکی نەگونجاو بووە، واتە راستە پێشتر ئەم پێکهاتەیە بەهۆی ئەو ستەم و نارەواییانەی دووچاری ببو، وەك پێکهاتەیەکی یەکگرتوو دەردەکەوت، واتە ستەم یەکی خستبوو، بەڵام ئێستا بەهۆی بوونی ئازادیەوە دەرفەت دروست بووە بۆ ئەوەی ئەو ناکۆکیانە زەقتر دەرکەون، ئەم ناکۆکیەش لە کێبڕکێی توندی نێوان هەردوو لیستی دەوڵەتی یاسا و ئیئتیلافی نیشتمانیدا دەردەکەوێت لەسەر ئەوەی چ لایەکیان مافی ئەوەی هەیە پۆستی سەرۆك وەزیران بگرێتەدەست. واتە مەسەلەکە هەر ئەوەنییە بێ متمانەیی لەنێوان شیعە و سوننەکاندا هەبێت، بەڵکو پێدەچێت کێشەکە ناو کۆمەڵگەی شیعەشی گرتبێتەوە. ئەوەی زیاتر دۆخەکە ئاڵۆز دەکات، ئەوەیە لیستی ئەلعێراقیەش لیستێکی تەبا و یەکگرتوو نییە، بەڵکو لەلایەن و رەگەزی جیاواز پێکهاتووە، لەکەسانی باش و لەهەمان کاتدا کەسایەتی خراپیشی لەخۆگرتووە، بۆ نموونە عەللاوی کەسێکی کراوە و خاوەن ئەزموونە، بەڵام ئەم لیستە پاشماوەکانی بەعسیش لەخۆدەگرێت، لەگەڵ عەرەبە شۆڤێنیستیەکان و ئیخوان موسلمینی عێراقیش، کە ئەم لایەنانە کەسانی توندڕەو و نەتەوەپەرست لەخۆدەگرن. بەهەمان شێوە ئەم لیستەش چەشنی شیعەکان کاریگەری دەوڵەتانی دراوسێیان لەسەرە، لەبەر ئەوە ئاسۆیەکی گەورە لەبەردەم ئەو لیستانەدا نییە بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتن، بەچەشنێك ئەوە حەوت مانگە ئەو کێشەیەی عێراق رۆژ بەرۆژ ئاڵۆز و قووڵتر دەبێتەوە. تەنانەت دەستنیشانکردنی عادل عەبدولمەهدیش وەك پاڵێوراوی پۆستی سەرۆك وەزیران لەلایەن ئیئتیلافی نیشتمانیەوە، نەك هەر کێشەیەکی چارەسەر نەکرد، بەڵکو زۆر ئاڵۆزتریشی کرد، چونکە شەڕەکەی توندرکرد لەنێو خودی شیعەکان خۆیاندا، لەبەر ئەوەی ئێستا دەوڵەتی یاسا باس لە نوری مالیکی و ئیئتیلافیش باس لە عەبدولمەهدی دەکات. راستە ئەم دوو لایەنە باس لەوە دەکەن هەوڵیان خسۆتەگەڕ تاوەکو لەماوەیەکی کورتدا لەسەر پاڵێوراوێکی دیاریکراو ڕێکبکەون، بەڵام ئاماژەکان ئەوەیان لێ بەدی ناکرێت ئەم هەوڵ و کۆششەیان بە سەرکەوتوویی کۆتای پێبێت. هەر لەم رووەوە ئەمریکا هەوڵێکی جددی دەدات بۆ ئەوەی یەکدەنگیەك لەنێوان عێراقیەکاندا لەسەر پرسی پێکهێنانی حکومەت دروست بکات، بۆ ئەوەی زەمینە خۆش بکات بۆ کشانەوەی یەکجارەکی هێزەکانی و جێبەجێکردنی ئیلتیزاماتەکانی، لەلایەکی دیکەوە دەوڵەتە عەرەبییەکان نیگەرانن لەوەی عێراق سیمایەکی شیعە و کوردی لەخۆبگرێت، ئەوان تەنیا لەسەر ئەوە راهاتبوون کە عێراق رەنگ و رواڵەتێکی سوننی عەرەبی هەبێت، بەڵام ئەو دیموکراسیەی لەعێراقدا هەیە رەنگ و پێکهاتەی دیکەی هێناوەتە پێشەوە کە

ئەوان بە مەترسی دەزانن، لەهەمان کاتدا تورکیاش مەترسی خۆی هەیە، ئێرانیش بە گەرموگوڕیەوە دەستێوەردان دەکات، کەواتە هۆکارە ناوخۆییەکان و هۆکارە دەرەکیەکانیش کە خۆیان لەدەستێوەردانی وڵاتان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتەکەدا دەبیننەوە، بوونەتە فاکتەری ئەوەی کێشەی عێراق بەئەنجامێکی دیاریکراو نەگات. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتەپێشەوە: ئایا هەڵوێستی کورد چییە لەهەموو ئەم مەسەلانەدا؟ تا ئێستا هەڵوێستی کورد ئەوەبوو خۆمان نەخەینە نێو گێژاو و زۆنگاوی ئەو ناکۆکیانەوە، لەبەر ئەوەی ئەو کێشمەکێشانە لەسەر بەرنامە نین، لەسەر دامەزراندنی دواڕۆژی عێراق نین، بەڵکو لەسەر بەدەستهێنانی پۆست و کورسین، مەبەستیش لەو ململانێیانە ساغکردنەوەی ناکۆکیە کۆنەکانی نێوان پێکهاتەکانی عێراقە، ئێمە پێمان باش نەبووە بچینە ناو ئەو ململانێیانەوە، بەڵکو پێمان باش بوو ئێستاش پێمان باشە هەوڵبدەین ئەو لایەنانە لێکنزیك بکەینەوە و هانیان بدەین لەسەر ئەساسی بەرنامە مشتومڕ و کێبڕکێ بکەن، چونکە ئەگەر گفتوگۆی لایەنەکان لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی بەرنامە بێت، ئەوا ئاسۆی گەیشتن بە ڕێککەوتن و ئەنجام نزیك دەبێتەوە. ئەوەی پێوەندی بە شاندی لایەنە کوردییەکانەوە هەبێت کە بەسەرپەرستی جەنابی سەرۆك پێکهێنرا، کۆبوونەوەی لەگەڵ لیستە سەرەکییەکانی عێراقدا کردووە و لە ئەنجامیشدا بەرنامەیەکی تێر و تەسەلی دارشت کە دوو رەگەزی گرنگ لەخۆدەگرێت، یەکەمیان بەهێزکردنی دیموکراسی لەعێراق و دووەمیان جێبەجێکردنی داخوازیە دەستوورییەکانی کورد، ئەم دوو لایەنەش پێکەوە گرێدراون، لەبەر ئەوەی بێ بوونی دیموکراسی زەحمەتە داواکاریە دەستوورییەکانی کورد جێبەجێ بکرێت، لەهەمان کاتدا جێبەجێ بوونی داواکاریە دەستوورییەکانی کوردیش دەبێتەهۆی بەهێزبوونی ئەزموونی دیموکراسی لە عێراقدا. ئێمە لەسەر ئەساسی ئەم بەرنامەیە دانیشتمان لەگەڵ لایەنەکان کرد و داوای وەڵامـمان لێکردن بۆ ئەوەی دەستنیشانی هاوپەیمانەکانمان بکەین.

چونکە ئێمە لە رابردوودا لەسەر بنەمای قسەی زارەکی مامەڵەمان کردووە، بەڵام ئەمجارە بە رێنمایی جەنابی سەرۆك بڕیارماندا داوای شتی نووسرا و دارێژراو بکەین و لەسەر ئەساسی بەرنامەیەکی دارێژراو مامەڵە لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا بکەین، بۆئەوەی بزانین لەو عێراقە جەنجاڵەدا چۆن هاوپەیمانەکانی خۆمان دەستنیشان دەکەین. ئێمە پیبشبینی دەکەین لەومەودا وەڵامی ئەو لیستانە وەربگرین، لەبەر ئەوەی ئەو لایەنانە باش دەزانن هاوپەیمانی ئێمە لەگەڵیاندا لەسەر بنەمای هەڵوێستیان دەبێت لە ئاست ئەو بەرنامەیەی ئێمە تەرحمان کردووە، کە جێبەجێبوونی ماددەی ١٤٠ی دەستوور و دابەشکردنی دەسەڵات و یەکلاکردنەوەی کێشەی پێشمەرگە و بودجەی هەرێمی کوردستان و دامەزاندنی ئەنجومەنی سیاسی ئاسایشی نیشتمانی و سەرژمێری دانیشتوان لەخۆدەگرێت. حاڵی حازر چەقبەستنێکی قورس لەپرۆسە سیاسییەکەدا هەیە، بەرەوپێشچوون بەدی ناکرێت، جەنابی سەرۆکیش بۆ شکاندنی بەو بنبەستگەیشتنە موبادەرەیەکی خستەڕوو، ئەم موبادەرەیەش تەواوکەری بەرنامەی لایەنە کوردییەکانە، پێموایە ئەم دەستپێشخەریە دەبێتەهۆی دروستکردنی جموجوڵ و هەنگاونان بۆ پێشەوە، هەتا ئێستا ئاماژەکان ئەوە دەخەنەڕوو لایەنەکان پشتگیری ئەم دەستپێشخەریە دەکەن، بەڵام ئێستا چاوەڕێ دەکرێت ئەو دەستپێشخەریە رابگەیەنرێت بۆ ئەوەی بزانین لەسەر ئەرزی واقیع هەڵوێستیان چیی دەبێت کە چاوەڕێ دەکرێت هەڵوێستیان باش بێت، ئەوکاتە کورد دەتوانێت رۆڵێکی زۆر چالاك ببینێت لەچارەسەرکردنی کێشەکاندا. کورد هەر لە ساڵی ٢٠٠٣ـەوە رۆڵێکی ئیجابی و پێشەنگانەی بینیوە، ئەم موبادەرەیەش پاڵپشتیەکی زیاتری دەبێت بۆ ئەوەی کورد درێژە بەم رۆڵەی خۆی بدات. لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بە پرسی دابەشکردنی دەسەڵات بکەم کە باس دەکرێت، ئێمە دەزانین لەماوەی رابردوودا یەکێك لەکێشە سەرەکییەکان بریتی بووە لەپرسی کۆبوونەوەی دەسەڵات لەدەستی یەك کەسدا کە زۆری نەمابوو ببێتەهۆی سەرهەڵدانی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری، هەروەها ئەمە زۆرجار هۆکاری تەقینەوەی کێشە بوو لەنێوان حکومەت و پێکهاتەکانی عێراقدا، کە زۆری نەمابوو زیان بە دیموکراسی عێراقیش بگەیەنێت. ئێستا ئێمە دەمانەوێت ئەم دەسەڵاتە بەشێوەیەکی هاوسەنگ دابڕێژرێتەوە، دابەش بکرێت لەنێوان پۆستە سیادییەکان بۆ ئەوەی هەر یەك لەم پۆستانە دەسەڵاتی خۆی هەبێت و بەشداربێت لە بڕیارەکاندا، بۆ نموونە سەرۆك کۆمار دەسەڵاتی هەبێت بۆ ئەوەی ببێتە تەواوکاری سەرۆك وەزیران، ئەنجومەنی سیاسی بەشداری کاریگەری هەبێت لەدروستکردنی بڕیارەکاندا. هەروەها دەسەڵات دابەش بکرێت لەناو ئەنجومەنی سەرۆکایەتی وەزیراندا، بۆ ئەوەی دەسەڵات و سنووری کاری سەرۆك وەزیران و وەزیرەکان دیاری بێت. لێرەوە ئێمە پێمانوایە دابەشکردنی دەسەڵات دەرگا داخستنە بە رووی دیکتاتۆریەت و کردنەوەی دەرگایە بە رووی دیموکراسیدا. کەواتە بە کەڵك وەرگرتن لە هەڵەکانی رابردوو، ئەوا بێگومان عێراق لەسەر بنەمایەکی سیاسی راست و دروست گەشە دەکات. لە کۆتاییدا دەڵێم بە لەرچاوگرتنی ئەوەی حەوت مانگ تێپەڕیوە بەسەر هەڵبژاردندا و نەتوانراوە حکومەت پێکبهێنرێت و پەرلەمان دەست بەکاربێت، ئەوا ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی رەشبینی باڵ بەسەر هەموو لایەکدا بکێشێت و منیش لەم رووەوە رەشبینم، رەنگە جیاوازیەکەی من ئەوەبێت گوزارشت لەم رەشبینیەی خۆم دەکەم، لەهەمان کاتدا ئەو ئومێدەش هەیە لایەنە عێراقییەکان لەئاستی بەرپرسیارێتی نیشتمانی خۆیاندا بن و درك بەوە بکەن درێژەکێشانی ئەو دۆخە نەك ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت بارودۆخی سیاسی، ئابووری و ئەمنی خراپتر ببێت، بەڵکو چارەنووسی عێراقیش بخاتە مەترسیەوە، واتە ئومێد دەکرێت ئەمە ببێتە هاندەریان بۆ ئەوەی پەلە بکەن لەچارەسەرکردنی کێشەکان بەشێوەی تەوافوقی و لەسەر بنەمای شەراکەتی نیشتمانی. ئەم ئومێدە هەیە و لەهەمان کاتدا رەشبینیش هەیە لەبەر ئەوەی بارودۆخەکە زۆر ئاڵۆزە.

*** ئەندامی پەرلەمانی عێراق**



## ئەمیری حەسەنپوور بۆ گوڵان:

# ئامانجی سەرەکیی لە کوردایەتی، بونیادنانی دەوڵەتی نەتەوەیی بووە

ئەمیری حەسەنپوور یەکێکە لە جەمسەرەکانی زمانناسی کە ساڵانێکی دوورودرێژە لە تاراوگە چەندین تێزو نامە و توێژینەوەی لەسەر زمان و چەمکەکانی نەتەوەو مەدەنیەت و دیموکراسی هەیە، لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٣ی مەهابادە و هەر لە ساڵانی شەستەکانەوە لە ئەدەبی ئینگلیسی بەکالۆریۆسی لە زانکۆی تاران وەدەست هێناوە، ئیتر دواتر زۆربەی تەمەنی خۆی لەگەڵ زەمەن لە پێشبڕكێیەکی بەردەوام وخێرای خوێندندا بووە تا لە ساڵانی ١٩٦٨ـ ١٩٧٢هەردووتێزی ماجستێرو دکتۆرای هەر لەسەر زمانناسی لە زانکۆی تاران وەدەست هێناوە، ئینجا لە لقی پێوەندییەکانی زانکۆی ئیلینیۆی دەستی بە خوێندن کردۆتەوەو دواتر لە ساڵی ١٩٨٩لە لقی زمانناسی کۆمەڵایەتی و مێژوویی هاوچەرخی کەنەدا بەناوی (هۆکاری زمان لە گەشەکردنی نەتەوەدا ـ ستانداردکردنی زمانی کوردی ١٩١٨ـ١٩٨٥)دکتۆرانامەیەکی دیکەی وەرگرت ؛ لە ساڵانی دوای ١٩٨٦ تا ئێستا لە زانکۆکانی ویندسۆر/کۆنکۆردیا / تۆرنتۆ / مامۆستای وانەبێژە و لێکۆڵینەوەکانی لەسەر جۆرەکانی ڕەخنە و بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و ناسیۆنالیزم و جینۆساید بڵاوکردونەوە، ئەم پرسیارانەمان لە گۆڤاری گوڵانەوە ئاراستە کرد چونکە نزیکن بەو بابەت و بیرکردنەوانەی ئەمیری حەسەنپوور کەلە شەستەکانەوە وەك بیرمەندێکی کورد تاووتوێیان دەکات...

ئامادەکردنی: هدایەت جان

**زۆرجار کەباسی پرۆسەی بونیادی نەتەوە دەکەین، دەبێت باس لە پرۆسەی بونیادی دەوڵەت بکەین، تا چەند پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت بۆ پرۆسەی بونیادی نەتەوە زەمینەیەکی لەبار دەڕەخسێنێت؟ ئایا چۆن لەپرۆسەی بونیادی نەتەوەدا ئامادەباشی بۆ پرۆسەی بونیادی دەوڵەت دەکرێت؟**

- لێکدانەوەی پێوەندی نێوان «دەوڵەت» و «نەتەوە« پێویستی بە وردبوونەوە لە پرسی تیۆریی هەیە. باسی ئەو پێوەندییانە زۆر بەرینن ولێرەدا من تەنیا دوو بابەت هەڵدەبژێرم:

ئەلف - لە روانگەی تیۆری دیمۆکراسییەوە (بە تایبەت تیۆری «نەتەوەی مەدەنی»)، نەتەوە دیاردەیێکی حقووقی-سیاسییە کە تەنیا بە دامەزرانی دەوڵەت پێك دێ. بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونە، لە تیۆری مارکسیستیدا نەتەوە دیاردەیێکی مێژوویی - کۆمەڵییە کە بە هەڵوەشانی پێوەندییە دەرەبەگییەکان و سەرهەڵدانی پێوەندیی دەسمایەداری پەیدادەبێ و بوونی نەتەوە بە بوونی دەوڵەتەوە گرێ نادرێ، بەڵام بزووتنەوەی نەتەوەیی ئامانج و بەرنامەی ئەوەیە کە دەسەڵاتی سیاسی، واتە دەوڵەتی وەدەست بکەوێ. لەو روانگەیەوە، نەتەوە لە پرۆسەی پێکهاتنی خۆیدا دەوڵەت دادەمەزرێنێ و دەوڵەتیش کە دامەزرا نەتەوە دەگوورێنێ، پەرەی پێدەدا، پتەوی دەکا، و دەیپارێزێ. بۆ وێنە، لە روانگەی مارکسیسمەوە، دەکرێ بڵێین کورد لە ئاخری سەدەی نۆزدەوە، بە تایبەت دوای شەڕی جیهانی هەوەڵ، بە ئەسپایی وەك نەتەوە سەری هەڵێناوە و یەکێك لە نیشانەکانی دامەزرانی نەتەوەی کورد پەیدابوونی بزووتنەوەی نەتەوەیی (کوردایەتی) بووە کە ئامانجی سەرەکیی بونیادنانی دەوڵەتی نەتەوەیی بووە.

تیۆری دیمۆکراسی پێوەندی نەتەوەو دەوڵەت یەکلایەنە دەبینێ و پێی وایە دەوڵەت و نەتەوە یەکن و دەوڵەت نەتەوە دروست دەکات. بە پێچەوانە، لە روانگەی مارکسیسمەوە، نەتەوە کە فۆڕمێکی پێوەندی دەسمایەدارییە لە پرۆسەی پەیەهەڵگرتنیدا بۆ پێگەیشتنی خۆی پێویستی بە دەوڵەت هەیە و بونیادنانی دەسەڵاتی دەوڵەتیی دەکاتە پرۆژەی سەرەکی خۆی. دەبێ بڵێین پێوەندی نەتەوەو دەوڵەت دوولایەنەیە: نەتەوە دەوڵەت دادەمەزرێنێ و کە دەوڵەت دامەزرا نەتەوە دەیپارێزێ و رایدەگرێ.

ئەگەر لە باسی تیۆرییەوە بچینە باسی مێژوویی، بۆ وێنە واهەیە دەگوترێ کە «نەتەوەی عێراق» بە دامەزرانی دەوڵەتی عێراق پێك هات. ئەوە راستە کە «نەتەوەی عێراق» پێش شەڕی جیهانی هەوەل لە ئارادا نەبوو و دەوڵەتی بەریتانیا پێکیهێنا. بەڵام لە روانگەی مارکسیسمەوە، «نەتەوەی عێراق» نەتەوە نییە و نەتەوەیێکی وا پێك



نەهاتووە، عێراق وڵاتێکی فرەنەتەوەییە. دیارە دەوڵەتی بریتانیا کە عێراقی دامەزراند، بۆ یەکپێگرتنی عەرەب و کورد و ئاشووری و تورکمەن و گەلانی دی، ئەو فکرەی باوەکرد کە گشتیان بەشێك لە «نەتەوەی عێراق»ن، بەڵام نەتەوە-دەوڵەتی عێراق لە سەرەتاوە وەك دەوڵەتێکی عەرەبیی پێکهات و لە دژی گەلانی ناعەرەب زەبروزەنگی وەك کۆکوژی و ژێنۆسایدی دەکارهێنا.

لەگەڵ ئەوەشدا پرۆژەی دەوڵەتی نەتەوەیی پێکهێنان و راگرتنی یەکگرتوویی نەتەوەیە، واهەیە ناسیۆنالیستان بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی دەوڵەتیی ئامادەن کە نەتەوە لەت و کوت بکەن و خۆیان ببنە چینی دەسەڵاتداری بەشێك لە نەتەوە. بۆ وێنە، ئێستە «نیشتمانی عەرەبی»، کە لە عومانەوە هەتا مەراکیش درێژەی هەیە، بەسەر پتر لە بیست دەوڵەت دا دابەش بووە. دەسەڵاتدارانی هەرکام لەو دەوڵەتانە، لەگەڵ ئەوەشدا بانگەشەی یەکگرتوویی نەتەوەی عەرەب دەکەن، زۆرتر خەریکی دارشتنی تایبەتێتی نەتەوەی خۆیانن و ئامانجی سەرەکییان ئەوەیە کە لە باتی یەکگرتوویی «نەتەوە» و «نیشتمانی عەرەبی»، پارچە پارچەیی نەتەوە پتەوتر بکەن و چینی دەسەڵاتداری نەتەوە-دەوڵەتی خۆیان بن. لە سالانی شەری جیهانی هەوەڵ (١٩١٤-١٩١٨)دا کە بریتانیا و فەرانسە ئیمپراتۆری عوسمانییان تێکشکاند و «نیشتمانی عەرەبی»یان داگیر کرد، هیچ ناسیۆنالیستێکی عەرەب بە خەیاڵیدا نەدەهات کە ئەو نیشتمانە بەرینە وا لەت و کوت بکرێ (تەنیا مەشریق و مەغریبیان لە بەرچاو بوو)، بەڵام دوای شەر گشتییان هاوکاریی فەرانسە و ئینگلیسیان کرد بۆ ئەوەی نیشتمانەکەیان پچرپچر بکرێ و خۆیان بە دەسەڵات بگەن، ئەویش لە سایەی سەرۆکایەتی ئینگلیس و فەرانسەدا.

لە کوردستانیشدا، پرۆسەیێکی وا لە ئارادایە. ئێستە نزیکەی بیست ساڵە «حکومەتی هەرێمی کوردستان» وەك دەوڵەتێکی نیوەسەربەخۆ دامەزراوە و تەواوی خەسڵەتەکانی دەوڵەتی تێدا بەدیدەکرێ. لێرەدا، دەزگاییێکی دەوڵەتیی پێکهاتووە کە بەسەر هەرێمێکی دیاریکراودا حکومەت دەکا، سنووری هەیە، ئیدارەی مەدەنی وعەسکەری هەیە، و پەرلەمان و سەرۆکی حکومەت و کابینەی وەزیرانی خۆی هەیە. تەنانەت لە باسی کێشەکانی زمانی کوردیدا (کێشەی زمانی ستاندارد و رەسمی)، سنووری حکومەتیی خۆیان بە دەوری زمانی کوردی دا دەکێشن، بەو سنووردانانە زمانەکە پچرپچر دەکەن، ئەو سنوورەش بەرهەمی دابەشبوونی کوردستان لە شەری جیهانی هەوەڵە. دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێم و رۆشنبییرەکانیان ئەگەر ئەوبەری سنووریش ببینن و پێیان خۆش نەبێ زمانەکە پچرپچربکەن، دەوڵەتیی بوونی دەسەڵات بەرەو پرۆژەیێکی وایان دەبا.

ب. لە تیۆری دیمۆکراسیدا، دەوڵەت نوێنەری نەتەوەیە، بەڵام لە روانگەی تیۆری مارکسیستییەوە، دەوڵەتی نەتەوەیی ناتوانێ نوێنەری تەواوی نەتەوە بێ و تەنیا بەرژەوەندیی چینی دەسەڵاتدار واتە چینی سەرمایەدار رەچاودەکا. دوای بیست ساڵ حکومەتی هەرێم، بە لاچوونی دەسەڵاتی رێژیمی بەعس و تەواو بوونی زوڵمی نەتەوەیی لە بەشێکی زۆری کوردستانی باشوور، ئێستە ناکۆکی نێوان گەلی کورد و دەوڵەتی کورد تەقیوەتەوە. نارەزایی لە باری بەرێوەچوون (فەقیری و هەژاری و برسێتی)، بێکاری، گەندەڵی، سانسۆرکردن، تەسك بوونی مەودای ئازادییە مەدەنییەکان، زەبروزەنگ لە ژنان، زۆر کێشەی دی ناکۆکی نێوان دەوڵەت و نەتەوە توندوتیژتردەکا.

**لە پرۆسەی بونیادی نەتەوەدا رۆشنبیران ئەرکێکی هێجگار گەورەیان دەکەوێتە سەرشان، بە تایبەتی لەو بوارەی کە دەبێت هۆشیاریەکی ئەوتۆ لە نێو رای گشتی و هاوڵاتیاندا بخولقێنن، کە ئەو هۆشیارە متمانەی ئەوەی پێبکرێت لەسەرچاوەی راست و لە پێناوی بەرژەوەندی ئایندەی نەتەوە بونیاد نراوە، پرسیاری ئێمە لێرەدا ئەوەیە ئایا چۆن رۆشنبیران دەتوانن بە ئاراستەی بونیادی هۆشیارییەکی رەسەن لە کۆمەڵگە کاربکەن؟**

- ئەو پرسیارە چەند پێش-فەرزی تێدایە کە هەرکامیان پرسیاری دی دێننە گۆرێ. لە پێشدا دەبێ ئەوە بڵێم کە «رۆشنبیران» (لێرەدا مەبەستم «ئینتێلیجێنسیا»یە) توێژێکی کۆمەڵیی یەکپارچە و یەکدەست نین و لە باری سیاسی و ئیدیۆلۆژی و بۆچوون و تێگەیشتندا پارچە پارچەن و لە بەرەی دژبەیەکتردا رادەوەستن. تەنانەت لە کۆمەڵی دەرەبەگییدا، کە رۆشنبیران، توێژێکی زۆر بچووك و تەسك بوون (کە زۆربەیان مەلا و فەقێ و شێخ و خان و ئاغا و تاجر و میرزاکانیان بوون و گشتییان پیاو بوون)، بۆچوونەکانیان وەك یەك نەبوون. بۆ وێنە، ئەحمەدی خانی، بە پێچەوانەی زۆربەی رۆشنبیرانی زەمانی خۆی، داگیرکراویی و دابەشکراویی کوردستانی بە دەستی «رۆم و عەجەم» کرد بە کێشەیێکی سیاسی («مەحرووم» و «مەحکووم» بوونی کورد) و ئەدەبی (مەم و زین وەك دوو پارچەی کوردستان، پەرەپێدانی نووسین بە کوردی، دانانی فەرهەنگی عەرەبی-کوردی)، رەخنەی لە چینی دەسەڵاتداری کورد گرت (یەك نەگرتنی خانەکان لە دژی داگیرکەران و کەم تەرخەمییان لە مەر زمان و ئەدەبی کوردی)، ناکۆکی چینی دەسەڵاتداری کورد و «شاعیر و فەقیران»ی دەربری، و نەبوونی کتێب و نووسین بە زمانی کوردی وەك کۆسپێك بۆ رزگاری گەلی کورد دانا. کاتێك لە ئاخری سەدەی نۆزدە دا، توێژێکی رۆشنبیری نوێباو سەری هەڵدەهێنا، ناکۆکی نێوانیان ئەوەندەی دی توندوتیژتر بوو. حاجی قادری کۆیی، لەگەڵ ئەوەشدا لە ریزی رۆشنبیرانی سونەتیی (تەقلیدیی) دەورەی دەرەبەگیی دا وەرێ کەوتبوو، دوای چوونی بۆ ئەستەمبوول وەك دەنگی نوێباوی ناسیۆنالیسمی کوردی هاتە مەیدان و بەگژ رۆشنبیرانی سونەتیدا چوو.

ئێستە، لە سەرەتاکانی سەدەی بیست دا، گۆرانێکی زۆر لە توێژی رۆشنبیری کورددا بەدیدەکرێ. گۆرانی هەرە گرینگ لە چەندێتیدایە: ژمارەی ئەوانەی حیرفە یان پیشەیان کاری فکرییە یەکجار زۆر بووە -- نووسەر، مامۆستا، خوێندکار، پارێزەر، لێکۆڵەرەوە، هونەرمەند، رۆژنامەنووس، ئەوانەی لە ئامرازی راگەیاندنی گشتی و لە خەباتی سیاسیدان و زۆری دی.

**نەتەوە دیاردەیێکی حقووقی–سیاسییە کە تەنیا بە دامەزرانی دەوڵەت پێک دێ. نەتەوە لە پرۆسەی پێکهاتنی خۆیدا دەوڵەت دادەمەزرێنێ و دەوڵەتیش کە دامەزرا نەتەوە دەگوورێنێ، پەرەی پێدەدا، پتەوی دەکا، و دەیپارێزێ**

**لە تیۆری دیمۆکراسیدا، دەوڵەت نوێنەری نەتەوەیە، بەڵام لە روانگەی تیۆری مارکسیستییەوە، دەوڵەتی نەتەوەیی ناتوانێ نوێنەری تەواوی نەتەوە بێ**



**ناسیۆنالیستان بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی دەوڵەتیی ئامادەن کە نەتەوە لەت و کوت بکەن و خۆیان ببنە چینی دەسەڵاتداری بەشێک لە نەتەوە**

ڕۆشنبیران لە نێو ئەوانە پەیدا دەبن بەڵام لە کۆمەڵی چینایەتیدا هەر ڕۆشنبیرێك بە لای چینێك دا دەڕوا یان لایەنی چینێك دەگرێ. بۆ وێنە ڕۆشنبیری وەك قانیع، وردی، جگەرخوێن، و گۆران لایەنی خەڵکی زەحمەتکێش وەك کرێکار و جووتیاریان گرت و لە دژی چینی دەسەڵاتدار، بە تایبەت دەرەبەگ، وەخۆکەوتن بەڵام مەسعوود محەمەد لەسەرچینی دەرەبەگی دەکردەوە و دەرەبەگانی بە «براگەورە»ی دادەنا.

گۆڕانێکی گرینگ لە ئاخروئۆخری سەدەی بیستەوە پەیدابوونی توێژی ڕۆشنبیری ژنە. گۆڕانێکی دی، دوای ١٩١٨، دابەشبوونی ئەو توێژەیە بەسەرچەند وڵاتی جیاوازی وەك تورکییە، ئێران، عێراق، سوورییە و یەکێتی سۆڤێت (١٩٢١-١٩٩١) و پاشماوەکەی، کە لە هەر یەك لەو وڵاتانەدا لە بارودۆخی تایبەتیدا بە سیاسەت و ئیدیۆلۆژی و کەلتوور و زمانی جیاواز وەڕێکەوت. توێژی ڕۆشنبیر لە تورکییە کە دەنگی بۆ ماوەیێکی زۆر کپ کرابوو لە ساڵانی ١٩٦٠وە وەخۆکەوت و ئێستە هێزێکی گرینگە. هەروەها، لە ئاخری سەدەی بیستەوە تا ئێستا، بە پەیدابوونی دیاسپۆرای (دوورەوڵاتیی) نوێ بە تایبەت لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان، هەڵاواردنی ئەو توێژە بەرینتر بووە و لە جەنگەی لەت و کوت بوونیدا بۆتە بە بەشێك لە ڕۆشنبیریی جیهانی.

تا ئێستە باسی چەندێتی توێژی ڕۆشنبیرم کرد و پێم وایە ئاوا وەڵامی پرسیارەکەم داوەتەوە: ئێمە ناتوانین چاوەڕێی وەی بین کە توێژێکی وا جۆراوجۆر تاقە ئەرکێکی بۆ گەڵاڵە بکەین. زۆربەی ڕۆشنبیری کورد بەربەرەکانی زوڵمی نەتەوەیی کردووە، دژایەتیی نەتەوە دەسەڵاتدارەکانی وەك (تورك و عەرەب و فارس) و دەوڵەتەکانیانی کردووە، چاوی خۆی لە زوڵمی چینایەتی (چەوساندنەوە) و زوڵم لە ژنان و زوڵمی دی قووچاندوە. بە کورتی، ڕۆشنبیری ناسیۆنالیست دوژمنی دەرەکیی دەبینێ بەڵام دوژمنی ناوەکیی وەبەرچاو ناخا. ئەو چوارچێوە تەنگە ڕێگە نادا کە ڕۆشنبیر بۆچوونی ڕەخنەگرانەی هەبێ و گۆڕانی بنەرەتیی پێوەندییە کۆمەڵی و جینسێتییەکان بکاتە کێشەی سەرەکیی. ئێستە کە ماوەی بیست ساڵە لە کوردستانی باشوور »حکومەتی هەرێمی کوردستان» دەسەڵاتی هەیە، ڕەخنە لە دەسەڵاتی سیاسیی کورد دەستی پێکردووە بەڵام ئەو ڕەخنەیە لە چوارچێوەی بیری ناسیۆنالیستی نایەتەدەرێ. دیارە ڕۆشنبیری وەك (گۆران) هەبوون کە هەم زوڵمی نەتەوەیی و هەم زوڵمی ناوخۆییان دیوە و وەدوای هاودەنگیی گەلانی دنیا بۆ داهێنانی داهاتوویێکی نوێ کەوتوون. زۆربەی ئەو ڕۆشنبیرانە بەشێك لە ڕەوەندی فکریی کۆمۆنیستی بوون کە بە شکستی پڕۆژەی سۆسیالیسم و گەڕانەوەی دەسمایەداری (لە ١٩٥٦ لە یەکێتی سۆڤێت و ١٩٧٦ لە چین) بەرەو بێدەنگی چوون. ئەوانەش کە لە ڕەوتی کۆمۆنیستی دا ماونەوە، بۆچوونی ڕەخنەگرانەیان سەبارەت بە ڕابردووی کۆمۆنیسم (دەسکەوتەکان، شکستەکان، تاوانەکان، هەڵەکان) نییە و ئامادەنین کە، مارکس وتەنی، بە «ڕەخنەگریی بێ بەزەییانە« بەرەنگاری ڕابردوو و ئێستەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بن.

کەوابوو، بە بۆچوونی من، ئەرکی ڕۆشنبیران ئەوە نییە کە بە «هۆشیارییەکی ڕەسەن» پڕۆژەی نەتەوەڕۆنان بەڕێوە بەرن. کێشەکە، کێشەی «ڕەسەنایەتی» نییە. ڕۆشنبیر دەبێ لە سنووری باری




باو تێپەڕێ و ئاسۆیێکی وا وەبەرچاوبخا کە رێگە بە زوڵم و چەوسانەوە و هەژاریی و برسێتی نەدا. ئەوەش شتێك نییە کە رۆشنبیری کورد بۆ خۆی کەشفی بکا. ئاسۆیێکی وا لە کۆنەوە لەبەرچاوی رۆشنبیران بووە (یۆتۆپیای جۆراوجۆر) و ئیمکانی وەدی هاتنەکەی، لە ناوەراستی سەدەی نۆزدەوە، لە تیۆری مارکسیستیدا دابین کراوە. لە دنیای ئەورۆدا، کە خێرا بەرەو کارەساتی زۆر ناخۆش دەڕوا، هیچ رۆشنبیرێك بە بێ سەرخوران لە تیۆرێ ناتوانێ بەدیلێك لە بەرامبەر باری باو دابنێ، بەدیلێکی کە ئەو بارە نەفی بکا و بارێکی دی لە جێگەی دابنێ. هێگڵ وتەنی، «ئازادی بریتییە لە نەفیی زەرووورەت» (واتە نەفیکردنی ئەوەی کە باری ئێستا پێکدێنێ). ئەگەر ئەوە راست بێ، دەکرێ بپرسم کە رۆشنبیری کورد، کە زۆربەیان ناسیۆنالیستن، کام زوروورەت نەفی دەکەن؟ ئەگەر تێزهە بەناوبانگەکەی مارکسیش بگێڕمەوە (تێزی ١١ سەبارەت بە فۆیرباخ) کە دەڵێ «فەیلەسوفەکان تا ئێستە دنیایان بە شێوەی جۆراوجۆر لێکداوەتەوە، [بەڵام] نوکتە گۆڕینی دنیایە«، پرسیارێکی دی دەکەم: رۆشنبیری کورد چۆن ئەو دنیایە دەگۆڕێ؟ لە باتی ئەو زەروورەتە چ دادەڕێژێ؟

**ئەگەر بەو جۆرە سەیری پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە لە واقیعی کوردستان بکەین و ئەم چەمکە لە هەردوو چەمکی ناسیۆنالیستی رۆژئاوا و قەومیەتی عەرەبی جیابکەینەوە، بەواتایەکی دیکە ئەگەر بمانەوێت بونیادی بیرێکی نەتەوەیی سەردەمیانە بکەین دوور لە دیاردەی شۆفێنزمی، ئایا چۆن دەتوانین بناخە بۆ ئەو بیرە نەتەوەییە دابڕێژین؟**

- بیری نەتەوەیی، کوردایەتی یان ناسیۆنالیسمی کوردی، لە ئاخری سەدەی نۆزدەدا بە تایبەتی لە بەردەمی حاجی قادری کۆیی دا، داڕێژرا. دیارە ئەو بیرە، وەك هەر بیرێکی دی، گۆڕانی بەسەرداهاتووە و ئێستە چەند رەوەندی هەیە -- لە بیری هەرە رەگەزپەرستانەوە بگرە («ئاریایی» بوونی کورد و «هەڵبژاردرانی کورد لە لایەن «یەزدانەوە« وەك پەیامنێر بۆ نەتەوەکانی دی) تا بیری کورد وەك «نەتەوەی مەدەنی». لەگەڵ ئەوەشدا دووبەرێتی نەتەوەی «مەدەنی» و «قەومی» (ئێتنیك) زۆر کۆنە (دەگەڕێتەوە سەدەی ١٨)، رۆشنبیری کورد تازە ئەو باسەی دۆزیوەتەوە. کاتێکی ئەو باسە هاتەگۆڕێ (پازدە ساڵ لەوەی پێش)، شەڕی ناوخۆیی لە کوردستانی باشوور زۆر کەسی نائومێد کردبوو و هێندێکیشی لە کوردایەتی بێزارکردبوو. لە جەنگەی ئەو تاریکاییەدا، تیۆری «نەتەوەی مەدەنی» وە فریای نائومێدان کەوت. ئەو تیۆرییە دەڵێ ناسیۆنالیسم باش و خراپی هەیە: نەتەوەی «مەدەنی» باشە و نەتەوەی «قەومی» خراپە. ئەگەر لە کوردستان شەڕی ناوخۆیی، «براکوژی»، یان «خۆکوژی» هەیە، لەبەر ئەوەیە کە ناسیۆنالیسمی کوردی لە رێگەی راستەقینە، واتە «ناسیۆنالیسمی مەدەنی»، لای داوە یان هەر نەکەوتۆتە سەر ئەو رێیە. جا ئەرکی رۆشنبیران ئەوەیە کە ناسیۆنالیسم کوردی مەدەنی بکەن.

ئەگەر مەبەست لە «بیری نەتەوەیی سەردەمیانە« بیری «نەتەوەی مەدەنییە«، پێویستە بڵێم ئەو بیرە کۆنە و سەردەمیی نییە. بیری نەتەوەی مەدەنی لە دەوری رۆشنگەرییدا (ئاخری سەدەی ١٧ هەتا ئاخری سەدەی ١٨) داڕێژرا

(یەک نەگرتنی خانەکان لە دژی داگیرکەران و کەم تەرخەمییان لە مەڕ زمان و ئەدەبی کوردی)، ناکۆکی چینی دەسەڵاتداری کورد و «شاعیر و فەقیران»ی دەربڕی




و له ئاخری سەدەی ١٨ دا له شۆڕشی ئەمریکا (١٧٧٦) و فەڕانسە (١٧٨٩) وەدیهات. له سەرەتاوه تا دوای شەڕی جیهانی هەوەڵ، له زۆربەی ئەو نەتەوه مەدەنییانەدا (ئینگلیس، فەرانسە، ئەمریکا، کانادا...)، ژنان که نیوەی کۆمەڵ بوون مافی دەنگدانیان نەبوو. له ئەمریکا، له ١٧٧٦ بەو لاوه بۆ ماوەی یەك سەده کۆیلایەتی له ئارادابوو و دوایەش که کۆیلایەتی قەدەغه کرا، پیاوی هەژار و ئەوانەی که سپی نەبوون له مافی دەنگدانیان بێبەش بوون، له کانادا نەتەوه بوومییەکان تا ساڵانی ١٩٦٠ مافی دەنگدانیان نەبوو. ئەو مافانەش تەنیا به خەباتێکی بێوچان وەدەست کەوتن. با له پراتیکی نەتەوەی مەدەنی ڕابگەڕێینەوه سەر تیۆرییەکەی و ددان بەوەدا بنێین که «نەتەوه له تەواوی ئەو کەسانه پێك دێ که له بەرامبەر قانوون دا یەکسانن به بێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز، دین، زمان، ڕەچەڵەك، جینسییەتی، و تاد.» لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو بەرابەرییه باشتره له جیاوازی دانان لەسەر بنچینەی ڕەگەز و دین و زمان و جێنسییەتی و تاد، دیسان ئەوه بەرابەری له بواری قانوون دایه و له دەرەوەی قانووندا نابەرابەری له ئارادایه. به کورتی، بەرابەریی قانوونی ناتوانێ نابەرابەری لابەرێ و بگره درێژەی پێدەدا. قانوون تەنیا یەك سەرچاوەی نابەرابەرییه و سەرچاوەکانی دی لەنابەرابەریی له ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی دایه. له ڕوانگەی مێژووییەوه دەکرێ بڵێین که نابەرابەریی قانوونی خۆی بەرهەمی نابەرابەری له ئەوپەڕی قانوونه. تەنانەت ئەگەر قانوون چاك بکرێ بۆ ئەوەی هاووڵاتییان تەواو بەرابەر دابنێ (ئەوەش له نیو سەدەی ڕابردوودا له ئینگلیس و فەرانسه و کانادا و ئەمریکا و... کراوه)، دیسان ناتوانێ چارەسەریی ئەو نابەرابەرییانه بکا که له دەرەوەی قانوون هەن. ئەوەش شاردراوه نییه و زۆر له ڕەخنەگران، مارکسیست و نامارکسیست، دانیان پێناوه. بەڵام مارکس ئەوەی لێ زیادکردووه که مافی بەرابەریی، مافی نابەرابەرییه لەبەر ئەوەی ئەوانەی که له مافدا بەرابەر دادەندرێن، له ژیانیان دا نابەرابەرن، و ئەگەر، بۆ وێنه، ئەوانەی نابەرابەرن یەك داهاتیان هەبێ (مووچەی بەرابەر بۆ کاری بەرابەر)، ئەوەی که نیازی زۆرتره (بۆ وێنه ماڵباتێکی گەورەتری هەیه) بەرێچوونی سەخڵەت تر دەمێنێ. بۆ ئەوەی ئەو نابەرابەرییه چارەسەر بکرێ، داهات دەبێ بەگوێرەی نیاز بێ نەك به پێوانەی بەرابەریی. له ناکۆکی کۆمەڵایەتیش دا هەروایه. بۆ وێنه، له کۆمەڵێکی فرەزمانیی، فرەلەهجەیی، یان فرەئایینی دا، ئەگەر ئەو زمان و لەهجه و ئایینانه بەرابەر نەبن و یەکیان فرەتر، یان گەورەتر، یان به دەسەڵاتتر بێ، تەنانەت ئەگەر قانوون گشتیان بەرابەر دابنێ نابەرابەریەکانیان دووپات دەبێتەوه. مەبەستم لەو باسه ئەوەیه که بڵێم نەتەوەی مەدەنی ڕەخنەیەکی زۆری لێکراوه و ئەگەر پڕۆژەی ئێستەی ڕۆشنبیرانی کورد ئەوه بێ که نەتەوەی مەدەنی دابمەزرێنن، به بڕوای من، چاویان له ڕابردوو دەبێ نەك له داهاتوو؛ ئەوەندەی من دیتوومه، بیری نەتەوەی مەدەنییان وەرگرتووه و هیچ ئاگایان له دەریایەك ڕەخنه، که له ڕوانگەی جۆراوجۆرەوه کراوه، نییه.

**پەروەرده و فێرکردن و زمان، بەشه گرنگەکانی بونیادی نەتەوه پێکدێنن، ئێمه وەکو کورد هەم له پەروەرده و فێرکردن کەموکورتیەکی هێجگار زۆرمان هەیه هەم له زمانیش، بەتایبەتی که تا ئێستا نەمانتوانیوه زمانێکی یەکگرتوو بونیاد بنێین، ئایا چۆن دەتوانین لەم دوو بوارەدا هەوڵەکانمان چڕبکەینەوه؟**


کێشەکانی پەروەرده یەکجار زۆرن و باسەکەشی زۆر ئاڵۆزه و وەڵامدانەوەی پێویستی بەمەودا و دەرفەتێکی زۆر هەیه. ئەوەندەی من ئاگام لێبێ، ڕێبازی پەروەردەیی و شێوەی فێرکردن و بەرنامەی خوێندن و نەریتی پەروەردەی ڕیژێمی پێشوو هێشتا هەڵنەوەشاوەتەوه بگره بنچینەی فکری پەروەردەیی ئێستایه. دیاره ئەوەش دەزانم که وەزارەتی پەروەرده هەیه، ناوەڕۆکی کتێبەکان گۆڕدراون و زۆربەیان بەکوردین، مامۆستایان کوردن، زانکۆی ئینگلیسی-زمان هەیه و تەنانەت ئاشۆریەکانیش کتێبی دەرسی به زمانی خۆیان هەیه. که دەڵێم ڕێبازی پەروەرده نەگۆڕدراوه مەبەستم ئەوەیه که ئامانجی پەروەرده ئەوه نییه که ئەوانەی خوێندن تەواودەکەن ئاماده بکرێن بۆ کارکردن له کۆمەڵێکی نوێ دا، به ژیانێکی ئابووریی و کۆمەڵیی نوێ که له سەر بنچینەی عەداڵەت و ژیانێکی بەحورمەت و بەئازادی و خۆشی دامەزرابێ. له پەروەردەدا، وەك بوارەکانی دی، ئەو دەمودەزگایەی که بەعس له ١٩٩١دا بەجێی هێشت، به میرات وەرگیراوه و بەکوردی کراوه. ڕێبازی پەروەردەیی، واته فەلسەفه و سیاسەتی پەروەرده، له حکومەتی هەرێم دا چییه؟ له ڕیژێمی بەعسدا پەروەرده دەبوو له خزمەت بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی نەتەوەی (عەرەبی) عێراق بێ. لەحکومەتی هەرێم دا ئامانجی پەروەرده چییه؟
کێشەکانی زمانیش زۆرن بەڵام له دوو ساڵی ڕابردوودا، کێشەی جیاوازیی لەهجەیی دیسان سەری هەڵێناوەتەوه. دوای ١٩٩١، که دەسەڵاتی بەعس له سەر بەشێك له کوردستانی باشووردا لاچوو، خەڵکی بادینان دەنگی خۆیان دەربڕی و گوتیان که دەیانەوێ لەهجەی کورمانجی له نووسین و گوتن دا دەکاربێنن. ئەوه داخوازییێکی عادلانەیه و دەبێ ئەو مافەیان بدرێتێ. بەڵام ئاگاتان لێیه که چۆن هێندێك له سۆرانیخوازەکان بەربەرەکانی ئەو مافه دەکەن. لێرەدا، ئەوه بەدی دەکرێ که دەڵێم بنچینه یان چوارچێوەی فکریی ڕۆشنبیران، بەلاچوونی بەعس، نەگۆڕدراوه. ئەو کوردستانەی ئەو سۆرانیخوازانه دەیانەوێ، کوردستانێکی دیمۆکراتی نییه.
له بۆچوونی سیاسیدا، ئامانجیان بونیادنانی نەتەوەییێکی یەکدەنگ و یەکرەنگه ئەویش به دەنگ و ڕەنگێکی که خۆیان پێیان خۆشه و به زۆرەملی و زەبرو زەنگ و بێمافیی ولەسەر بنچینەی نیزامێکی بەرزیی و نزمیی.

**زۆربەی ڕۆشنبیری کورد بەربەرەکانی زوڵمی نەتەوەیی کردووه، دژایەتیی نەتەوه دەسەڵاتدارەکانی وەک (تورک و عەرەب و فارس) و دەوڵەتەکانیانی کردووه**

**له کۆمەڵێکی فرەزمانیی، فرەلەهجەیی، یان فرەئایینی دا، ئەگەر ئەو زمان و لەهجه و ئایینانه بەرابەر نەبن و یەکیان فرەتر، یان گەورەتر، یان به دەسەڵاتتر بێ، تەنانەت ئەگەر قانوون گشتیان بەرابەر دابنێ نابەرابەریەکانیان دووپات دەبێتەوه**



# چۆن کۆتایی بە تەنگژەی پێکهێنانی حکومەت دێت ؟؟




عامرحەسەن فەیاز

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی


یەکەم :- دیاریکردنی تەنگژەکە:

١- چۆنیەتی تەنگژەکە: تەنگژەیەکە لەشێوەی خوێنەبەربوونی سیاسی بۆ نیشتمانێك کە لەرووی رەهەندی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەڵچەرییەوە دووچاری نەخۆشی هێشوویی بووە، بەهۆیەوە پەنگ خواردنەوەو خاوبوونەوەو کورتهێنان لەپێکهاتنی دامودەزگا سەرۆکایەتییە سیاسییەکانی لێکەوتۆتەوە( سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران – سەرۆکایەتی کۆمار- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران).

٢- هۆکارەکانی تەنگژەکە : لەچوارچێوەی هۆکارەکانی ئەم تەنگژەیەدا ( ناکرێت هۆکارەکانی نەخۆشکەوتنی نیشتمانی عێراق پشتگوێ بخرێت) بەڵام ئەوەش راست نییە بەشێوەیەك لەشێوەکان هۆکاری هەر دەردێك بەهۆکاری ترەوە گرێ بدەینەوە، گرنگترین فاکتەری تەنگژەکە کە دەرکەوتبێت بریتین لە:

- ئامادەگی و بوونی بێگانە لەکاروباری عێراقدا ( هێزی بیانی و دەستێوەردانی هەرێمایەتی..).
- تەگەرەی بەردەم شەرعییەت و چاك نەکردنی ماددەو برگە دەستوورییەکانی تایبەت بەماددەی ١٤٢ی دەستوور، جێبەجێ نەبوونی هەلومەرجەکانی ماددەی ١٤٠ی دەستووری تایبەت بەچارەسەرکردنی ناوچە جێناکۆکەکان بەکەرکووکەوە.
- دانەرشتنەوەی یاسای تایبەت بەرێکخستنی کۆمەڵەو پارتی سیاسی و شێوازی ئینتمابۆکردنیان بەپێی ماددەی ٣٩ی دەستوور.
- تەواو نەبوونی رێکخستنی ئازادی کۆڕو کۆبوونەوەو مانگرتنی ئاشتیانە بەپێی یاسا وەك لەماددەی ٣٨ی دەستووردا هەیە.
- تەواو نەبوونی رێکخستنەوەی هەردوو باڵی دەسەڵاتی یاسادانان ( ئەنجوومەنی ئیتحاد) بەپێی برگەکانی لەماددەی ٦٥ی دەستووردا هەن.
- نەبوونی پەیرەوی نێوخۆ بۆ رێکخستنی بەرێوەبردنی کارەکان لەئەنجوومەنی وەزیران پێ بە پێی ماددەی (٨٥)ی دەستوور.
- رێکنەخستنی دادگای فیدراڵی باڵا بەپێی ماددەی (٩٢)ی دەستوور.
- پێکنەهاتنی سەرۆکایەتی باڵای مافەکانی مرۆڤ بەپێی ماددەی ١٠٢ی دەستوور.
- رێك نەخستنی ئەنجومەنی خزمەتگوزاری گشتی فیدرالی بەپێی ماددەی ١٠٧ی دەستوور.

گەرچی ئەو خاڵانەی سەرەوە بەپرۆسەیەکی درێژخایەنی کۆشش و چالاکی پشت ئەستوورو بەچەندین فاکتەرو کارکردەی هەمەرەنگەوە دێنەدی، بەڵام پەکخستنیان ئەم تەنگژەیەی لێ پێکهاتووە، کە ئێستا لەبەردەم پێك نەهێنانی دامودەزگا سەرووەرییە سیاسییەکانی عێراقدا وەستاونەتەوە .

یەکەمین هەنگاوی تێپەڕاندنی تەنگژەکە دەستنیشانکردنی فاکتەرە راستەوخۆو بنەڕەتییەکانیەتی کە لەم خاڵانەدا کۆدەبنەوە .

١-شێوازی پێوەندی نێوان سەرکردەکانی ناو پرۆسەی سیاسی عێراق لەسەر بنەمای (ململانێ)یە نەك (کێبڕکێ)، لەکاتێکدا هەموویان سەرکردەی لیست و فراکسیۆنی خاوەن پرۆژەی هاوبەشی نیشتمانین.

٢- بەدحاڵیبوون لەتێگەیشتن و بەکارهێنانی ئامرازەکانی دانوستاندن لەنێوان سەرۆك و گرووپە جیاوازەکانی پرۆسەی سیاسی، دانوستاندن بەلایەنەوە واتا داسەپاندنی ئاڵوگۆڕ نەك خستنەرووی ئاڵوگۆڕی داواکاری و مەرجەکانی نێوانیان، ئەمەش وا لەدانوستاندن دەکات شکست بهێنێت و چارەسەرێکی هاوئاهەنگ و رێکوپێك بۆ گرفتەکان نەدۆزرێنەوە، بۆیە ئاکامی پێوەندییەکان لەناکۆکیدا بندەست دەبن نەك لەجیاوازی دا بکرێنەوە بەسەر یەکتر، ئەمەش دەبێتە هۆی ئاڵۆزتر بوونی رەوشەکە و گومڕابوونی گرووپەکان لەیەکتر، کۆسپ و پەرچێو و تەگەرەخستنە بەر کارەکانی یەکترەوە .

٣- ناتێگەیشتن و نەبوونی هۆشیاری سەرکردەکان لەبواری گریمانکاری و دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش بۆ پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانێتی، بەهەڵە وادەزانن دوور بوون لەحکومڕانێتی یەکسانە بە دوورکەوتنەوە لەپرۆسەی سیاسی، لەکاتێکدا بەتێکڕایی هەر هەموویان لەناو پرۆسەکەدا شەریکە بەشن، هەرکامیان وەك ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لەناوپەرلەمان یا لەدەرەوەی دا خۆی ببینێتەوە ئەمەش بۆخۆی بەشدارییە لەپرۆسەکەدا، بەگشتی ناهۆشیاری هەیە لەبەرامبەر چەمکی ئۆپۆزسیۆن، هەموان نیگەرانن و بەدگومان و لەدڵەخورپێی ئەوەدان گەر بکەونە دەرەوەی حکومەت ئیتر پەلبەست دەبن لەکاتێکدا باڵی حکومەت بەبێ باڵی ئۆپۆزسیۆن داینەمۆیەکی سیاسی رێکوپێکی پێ دروست نابێت تا پرۆسەی سیاسی بەرەو پێشچوون بە خۆوە ببینێت.

٤- شکستهێنان لەمامەڵەکردن بەماددە دەستوورییەکانی ٥٥-٧٠-٧٦، کە دەستنیشانکاری نەخشەی رێگای دەستوورین بۆچارەسەری تەنگژەکە، ئەمەش لەو ئاماژانەدا سامناکییەکەی دەردەکەوێت کە شەقامی گشتی پێ وروژێنراوەو خەڵکی لەوەرگرتنی مافە دەستوورییەکانی خۆیاندا دەستخەرۆو رەشبین و بێئومێد بوون ئەوەتا لەلایەن سەدان کەسی سەر بە کۆمەڵگەی مەدەنییەوە بەرگری لەو داوا یاساییانە دەکرێت کە دەستوور دەپارێزن لەهەر پێشێلکارییەکی

راستەوخۆ بۆسەر بڕگەو ماددەکانی .

لەم رووەوە بەتەمەنترین کەسایەتی ناو ئەنجومەنی نوێنەران لەدواهەمین دانیشتنی کراوەی ئەنجومەندا وەك شایەتحاڵێك ئەم خاڵەی خستەڕوو.

سێیەم: لایەنی بەرپرس لەتەنگژەکەدا :بەرلەئیمزاکردنی راست و رەوانییەتی ئاکامەکانی هەڵبژاردنی ئەم دواییە گرنگە لێرەدا ئاماژە بەکەلێنێکی تەشریعی بدەین کە کەوتۆتە ناو دەستوورو یاسای هەڵبژاردن لەو خاڵەدا کە ماوەیەکی زەمەنی دوورودرێژی نادیاریان هێشتۆتەوە لەنێوان راگەیاندنی ئەنجامەکان و موسادەقەکردنیدا، کە لەمانگ و نیوێك زیاتر تێدەپەڕێت.

هەر بەپرسیارێتییەکی تەنگژەکە دوابەدوای موسادەقەکردن لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن گەر لەلایەن ئەنجومەنی قەزائی و تێهەڵچوونەوە لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان رووبدات ئۆباڵی دواتری بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆی سەرکردەکانی چوار لیستە براوەکەوە، ئەمەش تا کاتی بەلایەکداخستنەوەی تەنگژەکەو سازدانی یەکەمین دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەران،تا ئەو کاتەش هەر ئەوان لێی بەرپرسیارن، دوای ئەمانیش دەزگای پەرلەمان بەهەموو نوێنەران و سەرکردەی چوار کوتلەکەوە بەرپرسیاردەبن چونکە تا ئێستاش دانیشتنەکان لە دانیشتنی (چاوەڕوانکراو) نەگۆڕاون بۆ دانیشتنی کراوەی (کار)کردن.

دووەم : چارەسەر

لەماراسۆنێکی دوورو درێژی دانوستاندن و سەردانی بەردەوام وگۆڕینەوەی بیروڕای نێوان سەرکردەو لیستەکان، لەئاکامی میانگیری ناوخۆیی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی گوێمان ئاشنابووە بەلیستێك دەستپێشخەری بۆ چارەسەری تەنگژەکە گرنگترینیان: -

دەستپێشخەرییەك بۆ دابەشکردنی پۆستی سەرۆك وەزیران لەنێوان مالیکی و عەلاوی بەیەکسانی و هەریەکەو بۆماوەی دووساڵ.

- دەستپێشخەرییەك بۆ دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیران،

- دەستپێشخەرییەك لەنێوان دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان ئەمینداریێتی ئەنجومەنی وەزیران لەچوارچێوەی یاسایەکدا بەپێی پەیڕەوی نێوخۆی ئەنجومەنی وەزیران کە لەدەقی ماددەی ٨٥ی دەستووردایە،

- دەستپێشخەرییەك کە تێیدا جەخت لەسەر رێکەوتنێك دەکات لەنێوان هەردوو لیستی عێراقییەو دەوڵەتی یاسا بۆ دامەزراندنی فراکسیۆنێکی نوێنەرایەتی کە پاڵێوراو بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دیاری بکات دواتر پۆست و دەسەڵاتەکان دابەش بکات هەر دووساڵ جارێك لەنێوان یەکتردا دابەش بکرێتەوە.

- دەستپێشخەرییەك تێیدا هاتووە کە لەنێوان هەردوو لیستی دەوڵەتی یاساو ئیتلافی نیشتمانیدا پێکەوە فراکسیۆنێك پێك بهێنن بۆ دیاریکردنی پاڵێوراوی ئەنجومەنی وەزیران .

بەبێ رەچاوکردنی ئەو کەسایەتی و لایەنانەی کە لەپشتەوەی ئەو دەستپێشخەرییانە رۆڵیان هەیە، گەر بێتوو ئەم سیفەتانەی خوارەوە لەخۆبگرن نیمچە سەرکەوتنێك بەدەست دێت :بە مەرجێك لەرووی داڕشتن و ناوەرۆکییەوە عێراقییانە بێت، هەر دەستپێشخەرییەك بۆنی دەستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی لێهەڵبستێت قبووڵ ناکرێت.

٢ : دەستپێشخەری پێویستە لەگەڵ ئیرادەی پاڵێوراوانی عێراقیدا ناکۆك نەبێت واتە جێی رەزامەندی و قبووڵکردنی هەمووانی لەپشت بێت بەتێکڕای لیستەکانەوە .

-٣ پێویستە دەستپێشخەری دەستووریانە بێت لەگەڵ بڕگەکانی دەستووردا ناکۆك نەبێت بەتایبەت بڕگەکانی ٥٥- ٧٠-٧٦ کە سەرۆکایەتییەکان دیاری دەکات و رێکیان دەخاتەوە.

-٤ هەموو دەستپێشخەرییەکان بە دامودەزگایی کراو بن واتا گەر بەپێی رێکەوتن و رێتێچوونیش بن لە دەرەوەی قوببەی پەرلەمان لە ئاکامدا پێویستە شەفاف و زانراو و قانعکار بن بۆ هاووڵاتیان، ئەم شەفافیەت و قەناعەتە کاتێك ژیرانە بە ئاکام دەگات کە لە پزدانی سروشتیانەی ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە لەدایك بووبێت وەك بەجێهێنانی ئەرکێکی سیاسی بنەڕەتی بەر لەوەی ئەرکێکی چاودێریانە و تەشریعیانە بێت.

لە هەموو ئەو خاڵانەی سەرەوە تەنگژەکە و بەرپرسیاریەتی کێشەکە ئۆباڵی دەکەوێتە ئەستۆی ئەنجوومەنی نوێنەران کە هەر لە چاوەڕوانی ئەنجامەکانی ئەو رێکەوتنانەی نێوان سەرۆکی فراکسیۆنەکاندان، بێ ئەوەی ئاگاداری ئەو حەقیقەتە بن کە ئەرکی ئەمان لە کارکردندایە نەك لە چاوەڕوانی کردندا، پرسیار لێرەدا ئەوەیە چۆن ئەم دەستپێشخەرییە نیشتمانیانە بەو خەسڵەتانە بێنەدی؟

پێشتر لەسەر گرێ کوێرەکانی قەیرانەکە هەڵوەستەمان کرد کە تەنیا لە پێکهێنانی حکومەتدا کۆ نابنەوە بەڵکو فرە جەمسەرن و پێوەندییان بە بونیادی سێ پۆستە سیادییەکەوەیە ئەمەش پێویستی بە رێکەوتنێکی ستراتیژی هەیە لەنێوان لیستە براوەکاندا تا هەرسێ پۆستە سیادییەکە لە یەك کاتدا دیاری بکرێت، ئەگەر ئەم چارەیەش بۆ ئەو گرێ کوێرە سێ رەهەندییە دیاری نەکرێت کەواتە چارە دەکەوێتە ناو ئاخوڕی بازنەیەکی مەحاڵ و توڕەیی میللی رەواوە کە لەرێی مانگرتنەوە سەرتاسەری شارەکانی گرتۆتەوە و دوایی تەشەنە دەسەنێت بۆ کار راگرتن و بە تەنیا بە سەدای ناڵە و هاواری ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێی نوێنەران ناوەستێت کە پێویستە لەسەریان بە زووترین کات جەولەی سێیەم و کۆتایی دانیشتنی کراوەی نوێنەران ساز بدەن تا هەر لیستێك لە لیستە براوەکان پاڵێوراوی خۆیان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نوێنەران دیاری بکەن و حەق بدەن بە لیستی براوەی تریش تا لە دەرەوە یان لە ناوەوەی چوار لیستە براوەکە پاڵێوراوی خۆیان دیاری بکەن دواتر بە تێکڕای دەنگ پێنج پاڵیوراو یا کەمتر بەپێی دەستوور هەڵبژێرن و ٥١٪ی دەنگەکانیان (بە پێی ماددەی ٥٥ی دەستوور) دەستهێنابێت ئینجا دواتر پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نوێنەران بە هەردوو جێگرەکەیەوە دیاری بکرێن، بەڵام سەبارەت بە وەرگرتنی پۆستی سەرۆك کۆمار لە دانیشتنی دووەمی ئەنجوومەنی نوێنەراندا سەرۆك کۆمار دیاری دەکرێت چ بە دانیشتنێك یان زیاتر بە مەرجێك سێ بەشی دەنگەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران بەدەست بهێنێت دواتر سەبارەت بە وەرگرتنی پۆستی سەرۆك وەزیران بە هەمان شێوە هەر کەسێك زۆرینەی رەها لەنێوان پێنج پاڵێوراوەکە بەدەست بهێنێت ئەوە لەلایەن سەرۆك کۆمارەوە سەرۆکایەتی وەزیرانی پێ رادەسپێردرێت تا بەپێی رێنماییە یاساییەکان کابینەی وەزارەتەکەی دابمەزرێنێت.

نەخشەی کاری هەڵبژاردنی سێ سەرۆکایەتییەکە نەخشەیەکی نیشتمانییە بۆ رێزگرتن لە ئیرادەی دەنگدەران بە هەموو بیروڕا جیاوازییەکانیانەوە.

رێزدانانە بۆ دەستوور و رێڕەوە یاسایی و تەوقیتە زەمەنییەکانی، رێزگرتنە لە چوارچێوەی بە موئەسەسات کردنی پرۆسەی گۆڕانی دیموکراتییەت بە مەرجێك دوور بێت لە تاك پەرستی و پیادەکردنی رێکەوتنی نا پەسەند و دابەش بوونی ئیتنی بێ زراو و هێنان و بردنی دەسەڵات لەنێوان دەستاودەست کردنی بەپێی بەرژەوەندی تاکە کەسی.



# هەوڵە بێ ئاکامەکان بۆ پێکهێنانی

لەگەڵ ئەوەی هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق بەردەوامن و فراکسیۆنە کوردستانییەکان بە کۆمەڵێك پێشنیاری تازەوە چوونەوە بەغدا، بەڵام هەتا ئێستا ئاسۆیەك دەرنەکەتووە بۆئەوەی پرۆسە سیاسییەکە بەرەو کرانەوە بچێت و کێشەی سەرەکی کە یەکلاییکردنەوەی پۆستی سەرۆك وەزیرانە هەتا ئێستا کۆتایی نەهاتووە و وەك چاودێرانیش ئاماژەی پێدەکەن پێناچێت بەئاسانیش لایەنەکان بگەنە رێککەوتن و حکومەتی داهاتووی عێراق پێکبهێنن، ئەم بارودۆخەش رۆژ لەدوای رۆژ هەڕەشە لەداهاتووی عێراق دەکات و جۆرێکە لەمەترسیش بۆسەر ئاسایش و سەقامگیری عێراق، هەندێك لەچاودێران هۆکاری رێکنەکەوتنی لایەنە عێراقییەکان بەچەندین هۆکاری جۆراوجۆر گرێدەدەنەوە و پێیانوایە بێجگە لەکێشەی ئیتنی و مەزهەبی کە عێراقی گرتۆتەوە، لەهەمانکاتدا دەستێوەردانی دەرەکی و پشتگیریکردنی لایەنە عێراقییەکان لەلایەن هێزە ئیقلیمیەکانەوە هۆکارێکی دیکەیە بۆ ئاڵۆزبوونی بارودۆخەکە و ئاستەنگێکە لەبەردەم شکستی پرۆسەکەدا، هەر بۆیە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت بەو ئاستەی ئێستا گەیشتووە و مەزندە ناکرێت بە ئاسانی ئەو ئاستەنگانە لابچن یان بە ئاسانی حکومەت پێکبهێنرێت.

هەر بۆیە چاودێران و شرۆڤەوانانی بارودۆخەکە بەجۆرێك سەیری رەوشی ئێستای عێراق دەکەن کە بارودۆخەکە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی پێشبینی هەموو ئەگەرێك دەکرێت بە تایبەتی ئەگەر هەڵکشانی باری ناسەقامگیری، هەروەها ئەگەری دووبارە کردنەوەی هەڵبژاردن، بەڵام هەموو ئەم مەزندانە بەجۆرێك گەشبینیان لێناخوێنرێتەوە کە وەك چارەسەر بۆ بارودۆخەکە سەیر بکرێن، بەپێچەوانەوە هەر یەك لەو مەزندانەی پێشبینی دەکرێن، ئاڵۆزی زیاتری لێدەخوێنرێتەوە و بۆچوونەکان بەرەو ئاراستەیە دەچن کە لایەنەکان زیاتر لەیەکتری دووربکەنەوە نەك لێکنزیك ببنەوە و لەسەر پرۆسەیەکی سیاسیی رێکبکەون، لەلایەکی دیکە عێراق خۆشی وەك گۆڕەپانێکی سیاسی بۆتە گۆڕەپانی یەکلاییکردنەوەی کێشە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان و پێشبینی ئەوە دەکرێت هەر لایەك بۆ بەرژەوەندی خۆی



# حکومەتی داهاتووی عێراق

پاراستنی نفوزی خۆی مامەڵە لەگەڵ هاوکێشەی سیاسیی عێراقدا بکات.

**کورد وەك لایەنێکی چارەسەر لەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا**

رۆڵی کورد لەپرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی عێراق لەئێستا و پێشتریش لەپرۆسەی سیاسی عێراقیدا، رۆڵی لێکنزیککردنەوەی لایەنە پێکناکۆکەکان و هەروەها وەك فاکتەرێك رۆڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی گێڕاوە، تەنیا لەپرۆسەی ئەم دواییەی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراقدا، تائێستا دووجار بە پرۆژە و دەست پێشخەرییەوە هەوڵیداوە رۆڵێکی کاریگەر لەپرۆسەکەدا بگێڕێت، پرۆژە و دەستپێشخەرییەکانی لایەنی کوردیش بۆ چارەسەری ئەم کێشە ئاڵۆزە جەختکردنەوەیە لەسەر گەڕانەوە بۆ دەستوور جێبەجێکردنی ماددەکانی ئەو دەستوورەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، هەروەها هەتا ئێستا فراکسیۆنە کوردستانییەکان نەبوونە پشتگیر بۆ لایەك و دژ بۆ لایەکی دیکە و بە راشکاوانە رایانگەیاندووە کە فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەسەر بەرنامەی حکومەت موناقەشە دەکەن لەسەر شەخس، ئەمەش وایکردووە کە فراکسیۆنی کوردستان وەك فاکتەرێك بەشێوەیەکی هاوسەنگ لە پرۆسەکەدا بمێنێتەوە و هاوسەنگی پرۆسە سیاسییەکەش رابگرێت، بەڵام وێڕای ئەم رۆڵە ئیجابییەی کورد لەپرۆسەکەدا دەیگێڕێت، بەڵام هەتا ئێستاش لایەنە عێراقییەکان پابەندبوونی خۆیان بەو مافە دەستووریانە بە راشکاوی رانەگەیاندووە کە فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەپرۆسەی دانوستاندا بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق جەختی لەسەر دەکەنەوە، بەڵام لایەنی کوردستانی لەم پرۆسەیەدا ئەوەی نەشاردۆتەوە کە بەشداری لەهیچ حکومەتێکدا ناکات ئەگەر بەرنامەی ئەو حکومەتە پابەند بوون نەبێت بە دەستووری عێراق و جێبەجێکردنی ماددە دەستوورییەکان بە تایبەتیش ئەو ماددە دەستووریانەی تایبەتن بەمافەکانی گەلی کوردستان و کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی بەغدا، بۆ زیاتر بەدواداچوون و هەڵوەستە کردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە ئەم بەڕێزانە لەم راپۆرتەدا هاوکاریان کردووین کە ئەمە دەقی بۆ چوونەکانیانە.

## د.باسم شەریف ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی فەزیلەی عێراقی بۆ گوڵان:

# وەک سیاسەتمەدارێک ناچارم بڵێم گەشبینم بەڵام هیچ هۆکارێک بۆ گەشبینیەکەم بەدی ناکەم

د.باسم یەکێکە لەسەرکردەکانی حزبی فەزیلەی عێراقی و هەروەها پەرلەمانتاری حزبی فەزیلەش بووە لەنێو پەرلەمانی عێراقدا و یەکێکە لەو کەسانەی کە راستەوخۆ بەشدارە لەپرۆسەی دانوستانەکانی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق، هەر بۆیە سەبارەت بە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت و ئاستەنگەکانی نێو پرۆسەکە لە د.باسم شەریفمان پرسی: ئایا ئەو وەك سیاسەتمەدارێکی عێراقی و نزیك لە پرۆسەی دانوستانەکان چۆن بارودۆخی عێراق هەڵدەسەنگێنیت؟ لەوەڵامدا د.باسم بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: ((بارودۆخی ئێستا و پرۆسە سیاسییەکە پەیوەستن بە یەکلاکردنەوەی پرسی کاندیکردنی سەرۆك وەزیران و پێکهێنانی حکومەتەوە بۆ ئەوەی کاروبارەکان بەڕێوەبچن، کە هێشتا یەکلانەکراونەتەوە، لێدوان و کۆبوونەوە و گفتوگۆ ئەنجام دەدرێن، بەڵام پێموایە ئەم گفتوگۆیانە جیاوازییەکی زۆریان نییە لەگەڵ گفتوگۆکانی دوو مانگ پێش ئێستا، لەبەر ئەوەی هێشتا لایەنەکان سوورن لەسەر هەڵوێستی خۆیان. راستە چەندین دەستپێشخەری تەرح کراون، بەڵام تا ئێستا بە ئیجابی مامەڵەیان لەگەڵ نەکراوە، لەبەر ئەوەی هەر لایەنەی حسابی تایبەتی خۆیی و بەرژەوەندی تایبەتی خۆی هەیە. کەواتە پرۆسە سیاسییەکە بەرەوپێشچوونی بەخۆوە نەبینیوە و لەهەمان کاتدا دۆخە ئەمنیەکەش پاشەکشەی بەخۆوە بینیوە و خەڵکیش هۆکارەکەی دەگەڕێننەوە بۆ دواکەوتنی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت، لەم روانگەیەوە پێموایە ئومێدێکی روون بەدی ناکرێت لەو کۆبوونەوە و گفتوگۆیانەی ئەنجام دەدرێن)).

سەبارەت بەم لایەنە بێئومێدیەی لەپرۆسەکە هەستی پێدەکرێت و مەترسی لەسەر ئاستی پرۆسە سیاسییەکە هەیە، باسم شەریف بەمجۆرە هەڵوەستەی لەسەر ئەم پرسە کردو وتی: ((ئێمە دەبێت بپرسین ئایا ئامانجی ئێمە لە رووکردنە سندوقەکانی دەنگدان و پەنابردن بۆ هەڵبژاردن و پرۆسە دیموکراسیە و



د.باسم شەریف

سیاسییەکە چی بوو؟ ئایا کەسێکی دیاریکراو پۆستی سەرۆك وەزیران وەربگرێت و کەسێکی دیکە ببێتە ئەندام پەرلەمان؟ یاخود ئامانجەکە هێنانەدی بەرژەوەندی خەڵك بوو؟ ئێستا تا رادەیەك بەرژەوەندی و ئیش و کارەکانی خەڵك راوەستاون و رایینەکرێن، بۆ نموونە زۆرێك لە بەرپرسە حکومیەکانیش پێکنەهێنانی حکومەت دەکەنە بیانویەك بۆ رایینەکردنی کارەکانی هاووڵاتیان. ئێمە دەزانین بنیادنانی پرۆسە سیاسییەکە دەوەستێتەسەر متمانەی هاووڵاتیان بەو پرۆسەیە، واتە ئەگەر هاتوو هاووڵاتیان بێ متمانە بوون و ئەو تێڕوانینەیان لا دروست بوو کە پرۆسە سیاسییەکە سەرچاوەی زیانە بۆ ئەوان. ئەمە گەورەترین مەترسیە لەسەر پرۆسەکە، مەترسیدارترە لە تیرۆر و لە دەستێوەردانی ئیقلیمی، لەبەر ئەوەی ئێمە ئەزموونێکمان هەیە لەم رووەوە، بۆ نموونە لەساڵی ٢٠٠٣دا بینیمان چۆن خەڵکی پشتیان لە رژێمی پێشوو کرد، واتە سەرەڕای ئەوەی ئەو رژێمە خاوەنی جبەخانەی گەورەی چەك بوو، بەڵام لە ماوەی ٢٠ رۆژدا رووخا. دواتر درێژەکێشانی ئەم دۆخە پەیامێك دەداتە دەوڵەتە ئیقلیمییەکان کە ئەزموونی دیموکراسی سەرکەوتوو نابێت و ئەمەش دەرگا بە رووی هەومو ئەگەرەکاندا دەکاتەوە، دەرگا بە رووی ئەگەری روودانی کودەتای سەربازی و گەڕأنەوەی دیکتاتۆریەتدا دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو کاتە هاووڵاتیان دەگەنە ئەو ئەنجامەی دیکتاتۆریەت و کودەتای سەربازی قبووڵبکەن، تەنیا بۆ ئەوەی ئەم دۆخە بەردەوام نەبێت، ئەمەش مەترسیێکە و هەڕەشە لە داهاتووی ئەم وڵاتە دەکات. ئێمە لەپای چی حەوت ساڵمان بەهەدەر دا، ئەگەر ئێمە بیر لە بەرژەوەندی عێراق بکەینەوە، ئەوا بەو ئەنجامە دەگەین کە ئەگەر ئەم وڵاتە سەرکەوتوو بێت، گرنگ نییە بە سەرکردایەتی چ پارت و کەسایەتیەك بێت، ئەوا هەموولایەك سوودمەند دەبن، لەبەر ئەوەی ناکرێت تەنیا لایەنێك لە سەرکەوتنی عێراق سوودمەند بێت، ئەگەر عێراقیش هەرەس بهێنێت و سەقامگیری سیاسی لە دەست بدات، ئەوا هەموو لایەك زیانمەند دەبێت، ئەو کاتە بوار لە بەردەم روودانی ململانێی

دەبێت بە عەقڵیەتی دەوڵەت و حکومەت بیر بکەینەوە نەک موعارەزە

هیچ لایەک ناتوانێت بەرژەوەندییەکانی لەعێراقێکی لاواز و شکستخواردوودا بەدەست بهێنێت

ناوخۆیی دەکرێتەوە، جا ململانێی تائیفی بێت یان نەتەوەیی، کە ئەویش لە ئەنجامی لەدەستدانی کۆنترۆڵی حکومەتەوە دەبێت بەسەر کاروبارەکاندا)).

سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردنی پێکهاتەکانی عێراقیش لەگەڵ ئەم بارودۆخە، د.باسم لەدرێژەی لێدوانەکەیدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە هچ لایەنێك لەمبارە ئالۆزە سوودمەند نابێت و وتی: ((پێشتریش ئاماژەم پێکرد، هیچ پێکهاتەیەکی عێراق، نە کورد و عەرەب و نە تورکمان و نە مەسیحی ناتوانن داواکاری و تموحەکانی خۆیان بهێننەدی دی ئەگەر عێراق، عێراقێکی دیموکراتی نەبێت، واتە هیچ لایەك ناتوانێت بەرژەوندییەکانی لەعێراقێکی لاواز و شکستخواردوودا بەدەست بهێنێت، دواتر شکستهێنانی پرۆسەکە سەردەکێشێت بۆ رووداوی توندوتیژی و توندوتیژی پێچەوانەوە و ئەمەش دەرگا والا دەکات بۆ ئەوەی دەوڵەتەکانی دیکە ئەم پێکهاتە تائیفییەی عێراق ئیستیغلال بکەن بۆ جۆشدانی هەستی خەڵك بۆ ئەوەی کورد هەست بە مەترسی بکات لە بەرامبەر عەرەبدا و بە پێچەوانەوە، هەروەها شیعە و سوننەکانیش هەست بە مەترسی بکەن لە بەرامبەر یەکدا. ئێمە دەزانین لە عێراق میلیشیا و چەکێکی زۆر هەیە و ئەمەش ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت ببێتەهۆی ئەوەی عێراق بکەوێتە گێژاوی توندوتیژیەوە، ئەم بارودۆخەش مەترسیە بۆ سەر وڵاتانی دراوسێ، لەبەر ئەوەی ئەو کاتە بۆی هەیە عێراق ببێتە سۆماڵی دووەم و شوێنێك بۆ میلیشیاکان و ئەم دۆخەش کاریگەرییەکەی درێژدەبێتەوە بۆ دەوڵەتانی دراوسێ، لەبەر ئەوەی ئەم دەوڵەتانەش بەرژەوندیان هەیە لەبوونی عێراقێکی بەهێز و سەقامگیردا. کەواتە تاکە زەمانەت بۆ خەڵکی عێراق و بۆ وڵاتانی دەوروبەر بوونی عێراقێکی دیموکراتیە، لەبەر ئەوەی بەدیلی ئەمە شەڕ و پارچە پارچە بوونە و هەر وڵاتێکیش ناسەقامگیری تێدا بوو سەرچاوەی مەترسیە بۆ وڵاتانی دیکە، باوەڕم وایە وڵاتانی دراوسێ درك بەم راستیە دەکەن، بەڵام پێویستە بە ئیجابیەتێکی زیاترەوە مامەڵە لەگەڵ مەسەلەکەدا بکەن. هەر بۆیە دەبێت لایەنە سیاسییەکان سەربەخۆبن لە بڕیارەکانیاندا، دەبێت بە عەقڵیەتی دەوڵەت و حکومەت بیر بکەنەوە نەك موعارەزە، لەبەر ئەوەی هەندێ لایەن هێشتا بەو شێوەیە مامەڵە دەکەن وەك ئەوەی سەددام لە حوکمدابێت و ئەو لە موعارەزە بێت، نەك وەك ئەوەی ئەو لەبەغدایە و جڵەوی کاروبارەکانی بەدەستەوەیە. لایەنێکی دیکەی کێشەکە ئەوەیە هەندێ لایەن تەنیا هەوڵ بۆ مسۆگەرکردنی بەرژەوندی مەزهەبەکەی یان نەتەوەکەی خۆی دەدات، نازانێت عێراق باوەشە گەورەکەیە کە هەمووان لە خۆدەگرێت، بەم شێوەیە پەنا بۆ دەوڵەتە دراوسێکان دەبەن بۆ ئەوەی پاڵپشتیان بکەن لەدژی لایەنەکانی دیکە، ئەم دەوڵەتانەش پێشوازی لەم دەستپێشخەریانە دەکەن و لەسەر ئەساسی بەرژەوەندی تائیفی یان نەتەوەیی پشتیوانی لایەنێك لەدژی لایەنێکی دیکە دەکەن. لە راستیدا ئێمە ئەوەمان دەبیست کە لە پرۆسەی هەڵبژاردنی هەندێ وڵاتدا ململانێ لەنێوان دوو دەوڵەت یان زیاتردا هەبووە، بۆ نموونە ئەمە لە لوبنان، ئۆکرانیا، جۆرجیا بەدی کرا، بەڵام ئێمە لە عێراقدا پێویستمان بەو سیاسییە سەربەخۆیانە هەیە کە لەو روانگەیەوە بیربکەنەوە کە ئەوان ئیدارەی وڵاتەکەیان بەدەستەوەیە و ئێستا ئەوان موعارەزنین، لەبەر ئەوەی ئەگەر عێراق بەهێز بوو، ئەوا دەوڵەتەکانی خۆیان پەنا بۆ عێراق دەهێنن بۆ ئەوەی پێوەندی لەگەڵ ببەستن، کەواتە ئێمە پێویستمان بە پرۆژەیەکی نیشتمانی، بەسەربەخۆیی سیاسی هەیە، بەچەشنێك کاتێك کێشەکەم لەگەڵ کوردەکاندا دەبێت پەنا بۆ دەوڵەتێکی دەرەکی نابەم، بەڵکو لەگەڵ برا کوردەکانم دادەنیشم، ئەمە بۆ شیعە و سوننە و مەسیحیەکانیش دەبێت هەر وابێت)).

سەبارەت بەرۆڵی کوردیش لە پرۆسەکەدا، د.باسم ئاماژەی بە دیداری حزبی فەزیلە لەگەڵ بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد و وتی: ((ئێمە بەڕێز مەسعود بارزانی-مان بینی، ئەو گوزارشتی لە نیگەرانی گەورە کرد و هەوڵدانی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە و تەرحکردنی دەستپێشخەری ئەمانە هەموو کاری باشن. ئێمەش دەزانین سەرکەوتن دوو تای تەرازووە، لایەکیان لەدەستی لایەنی دەستپێشخەرە کە کوردەکانن، لایەنەکەی دیکە پارتە سیاسییەکانی دیکەن، لەبەر ئەوەی کوردەکان زۆرینەیان نییە بۆ ئەوەی چارەسەرێك بسەپێنن، بەڵکو پێویستیان بە هاوکاری و پشتیوانی لایەنەکانی دیکە هەیە و تەنانەت ئەگەر ئەم دەستپێشخەریەی لایەنی کوردیش سەرکەوتن بەدەست نەهێنێت، هۆکارەکەی بۆ کورد ناگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی رەنگە هۆکارەکە ئەوەبووبێت کە لایەنەکانی دیکە بە ئیجابی مامەڵەیان لەگەڵدا نەکردووە)).

لە دوماهی ئەم لێدوانەدا و سەبارەت بەبۆچوونی تایبەتی خۆی لەسەر داهاتووی عێراق، باسم شەریف بەمجۆرە تێڕوانینی خۆی لەسەر داهاتووی عێراق بۆ گوڵان خستەڕوو و وتی: ((سەبارەت بە داهاتووی عێراق ناچارم دەبێت گەشبین بم، لەبەر ئەوەی رەشبینی بەردەوام کارێکی دروست نییە، لەگەڵ ئەوەشدا بە حوکمی کارکردنم لە پەرلەمانی عێراق و بەحوکمی چاودێریکردنی دۆخە سیاسییەکە هۆکاری بەهێز بەدی ناکەم بۆ ئەوەی گەشبین بم و رەنگە هۆکارەکانی رەشبینی زیاتر بن، لەبەر ئەوەی هێشتا لایەنە سیاسییەکان نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی بیر لە بەرژەوەندییەکانی عێراق بکەنەوە. عێراق ئیمکانیەتێکی زۆری هەیە، خەڵکەکە توانا و ئیرادەیەکی بەهێزیان هەیە، بەڵام پەکخراون، لەبەر ئەوە کاتێك سەیری توانای عێراق و خەڵکەکەی دەکەیت گەشبین دەبیت، کاتێك سەیری ئەدای کوتلە سیاسییەکان و ئیدارەی ئەزمەکە دەکەیت، رەشبین دەبیت و بەم شێوەیە ناتوانین بگەینە ئەنجامێك. هەروەها لەبەر ئەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان نزیك بوون لە یەکەوە، ئەوا لایەنەکان پێویستیان بەیەك دەبێت و ئەوکاتە دەبێت سەفقە بکەن، بەڵام ئەمەش ملکەچی حساباتی قازانج و زیانی سیاسی و حزبی دەبێت، نەك بیرکردنەوە لە بەرژەوەندی وڵات و هاووڵاتیان.

**درێژەکێشانی ئەم دۆخە ئاڵۆزەی عێراق پەیامێک دەداتە دەوڵەتە ئیقلیمییەکان کە ئەزموونی دیموکراسی سەرکەوتوو نابێت**

**ئەگەر هاتوو هاووڵاتیان بێ متمانە بوون و ئەو تێڕوانینەیان لا دروست بوو کە پرۆسە سیاسییەکە سەرچاوەی زیانە بۆ ئەوان. ئەمە گەورەترین مەترسیە لەسەر پرۆسەکە**

**پرۆسە سیاسییەکە بەرەوپێشچوونی بەخۆوە نەبینیوە و لەهەمان کاتدا دۆخە ئەمنیەکەش پاشەکشەی بەخۆوە بینیوە**

## د.عەبدولجبار ئەحمەد ئەکادیمی و چاودێری سیاسیی عێراقی بۆ گوڵان:

# ئەگەر عێراقییەکان نەتوانن حکومەت پێکبهێنن پێشبینی دەکرێت ئۆباما سەردانی عێراق بکات

.عەبدولجەبار ئەحمەد ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی بەغدا و یەکێکە لەو چاودێر و شرۆڤەوانانەی کە بەشێوەیەکی بێ لایەنانە سەیری بارودۆخەکە دەکات و شرۆڤەی بارە سیاسییەکە دەکات، بۆ زیاتر بەدواداچوون لەسەر باری ئاڵۆزی عێراق و چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەم بارە ئاڵۆزە، گوڵان بۆ ئەم راپۆرتە پێوەندی بە د.عەبدولجبار ئەحمەد وەك چاودێر و شرۆڤەوانێکی عێراقی لەسەر بارودۆخەکە کرد و سەرەتا وەك خستنەڕووی بارۆدخەکە د.عەبدولجەبار بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو و وتی: ((کە باس لە پرۆسەی سیاسی دەکەین، بەواتای قۆناغی پاش هەڵبژاردنەکان، کە باس لە قۆناغی پاش هەڵبژاردنەکانیش دەکەین، بەواتای قۆناغی مشتومڕ و وتووێژی بێ ئەنجام، وتووێژی ململانێ نەك وتووێژی لێبوردەیی لەنێوان لایەنە سیاسییەکان کە بەشدارییان کردووە لەهەڵبژاردنەکان و پرۆسەی سیاسی. ئەو هەموو وتوویژ و مشتومڕە ئاڵۆزە تاکو ئەمڕۆش نەیتوانی بگاتە پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو، پێکهێنانی حکومەتیش یەکێکە لە پێویستییەکانی بەردەوامبوونی پرۆسەی سیاسی لە عێراق. بەڵام ئەوەی کە مایەی داخە ئەوەیە کە ئەگەر ئەم مشتومڕ و وتووێژەی کە ئەمڕۆ هەیە و گەر لەساڵانی ٢٠٠٣ یان ٢٠٠٤ هەبوایە، ئەوە هاووڵاتی عێراقی هەرسی دەکرد لەسەر ئەو بنەمایەی کە یەکەمین ئەزموونە، بەڵام ئەمڕۆ پاش پێکهێنانی ٣ حکومەت و لە چاوەڕوانیی حکومەتی چوارەمدا، دەبینین ئەو مشتومڕەی نێوان لایەنە سیاسییەکان لەبری ئەوەی سیمایەکی جوان ببەخشێت بەو هاووڵاتییانەی کە دەنگیان بەم لایەنانە داوە، ئەمڕۆ هاووڵاتی عێراقی تووشی بێزاری بووە و هەڵبەتە پاشان تووشی هیوابڕان دەبێت، لەکۆتاییشدا هیچ باوەڕێکی بە پرۆسەکانی هەڵبژاردن نامێنێت، لەبەرئەوەی هاووڵاتی عێراقی ئەو هەستەی لا دروست دەبێت کە ئەمە چەندین جارە قوربانی دەدات و هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر دەبەخشێت بە رۆیشتنی بۆ سەندوقەکانی هەڵبژاردن و هەموو هەوڵێك دەگرێتە بەر لەپێناوی دەنگدان و هەڵبژاردنی لایەنێکی


د.عەبدولجبار ئەحمەد

سیاسی کە باوەڕی پێ هەبێت و توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراقی هەبێت، بەڵام لایەنە سیاسییەکان بەو عینادی و لاسارییەیان سەلماندوویانە کە رێزیان بۆ ئەو هاووڵاتییە نییە، هاوکات و تاکو ئەمڕۆش لایەنە سیاسییەکان تەنیا بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیان کەوتوونە نەك بەرژەوەندیی گشتی و لەپێناوی بەرژەوەندیی کەسی و حزبی کار دەکەن نەك بەرژەوەندیی عێراقی و نیشتمانی. ئەمە پوختەیەك بوو لەبارەی واقیعی پرۆسەی سیاسی لە عێراق لە ٢٠١٠/٣/٧ تاکو ئەمڕۆمان)).

ئەم شۆڕڤە واقیعی و بێ لایەنیەی د.جەبار بەرەو ئەو باسەی بردین: ئایا تاچەند باری سیاسیی ئێستای عێراق بەرەو شکست هەنگاو هەڵدەگرێت و تاچەند شکستی پرۆسە سیاسییەکەش رەنگدانەوەی خراپی لەسەر بارودۆخەکە دەبێت، لەمبارەوەش بەمجۆرە تێڕوانینەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو و وتی: ((یەککەمین شت، هەموومان دەزانین کە داهاتووی عێراق وەکو گەل و دەوڵەت بە پرۆسەی سیاسییەوە بەندە. هەربۆیە، پێویستە لەسەر لایەنە سیاسییەکان، لەڕووی ئەخلاقییەوە، هەروەها لەڕووی سیاسیشەوە وەکو راسپاردن، لەبەرئەوەی پرۆسەکانی هەڵبژاردن واتای راسپاردن دەگەیەنێت، هەروەها لەڕووی نیشتمانیشەوە، پێویستە پابەندبن بەم سێ لایەنە و پاشان پەلەبکەن لە پێکهێنانی حکومەت، بەپشت بەستن بەو بنەمایەی کە پێکهێنانی حکومەت دەبێت بە پارسەنگێك لەدژی ئەو تەحەدایانەی کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگەی عێراقی و سیستەمی سیاسی دەبێتەوە. بەڵام بۆ ئەمڕۆ دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت بەواتای دروستبوونی بۆشایی زیاتر لەڕووی ئاسایش و بۆشایی دەستووری و جگە لە بەرزبوونەوەی ئاستەکانی توندوتیژی و تەقینەوەکان. هەربۆیە رێگەچارەکان لەبەردەم دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت بریتییە لەم خاڵانەی لای خوارەوە: یەکەم: قەوارە سیاسییەکان ئەزموونەکەی ساڵی ٢٠٠٥ دووبارە دەکەنەوە، هەر بۆیە حکومەتەکە، حکومەتێکی موحاصەصەی تایفەگەری سیاسی دەبێت وەك حکومەتەکەی ساڵی ٢٠٠٥، پەرلەمانیش وەکو قاوەخانەیەکی لێدێت بۆ سازدانی کۆبوونەوەکان نەك شوێنێکی پیرۆز بۆ دەرکردنی یاساکان.

**پرۆسەی دیموکراسی لەعێراق پێویستیی بە دامەزراندنی ژێرخانی کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسی و سایکۆلۆژی هەیە**

دووەم: دواکەوتنـــی پێکهێنانی حکومەت بـــەردەوام دەبێت و لـــەم بەردەوامبوونەدا راوچییەکانی پرۆســـەی سیاسی دێنە ناو گۆڕەپانەوە و ئەوانـــەش ژمارەیان زۆرە، دوژمنانی دیموکراســـییەت و دوژمنانی گەل و دوژمنانای عێـــراق و بەدکاران و ئاژاوەچییەکان و سەرکردە و بازرگانەکانی جەنگ و چەك، ئاژانسەکانی سیخوڕیی وڵاتانـــی دراوســـێ و وڵاتانـــی جیهان، هەموویان دەســـتێوەردان دەکەن نەك تەنیا لەبەر شکســـپێهێنانی پرۆسەی سیاسی، بەڵکو زیاتـــر لەپێنـــاوی بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆژیـــا و بەرنامەکانیـــان، هەروەها عێراقییەکان بەرەو ئاڕاســـتەی شـــەڕێك دەبەن کە لەوانەیە شەڕی تایفەگەری بێت، یان شەڕی نەتەوەیی بێت.

سێیەم: چەکوشی ئەمریکی، یان فشاری ئەمریکی لەرێگەی سەردانەبەردەوامەکانیان بـــە ناردنی وەزیری دەرەوەیان «کلینتۆن» یان جێگری سەرۆکەکەیان «بایدن»، یان لەرێگەی دەستێوەردانی باڵیۆزی ئەمریکا لەعێـــراق، هەروەهـــا پێشـــبینی دەکرێت چەندین کەسایەتی و بەرپرسی ئەمریکی تر بۆ عێـــراق بێن کە تەنانـــەت لەوانەیە خودی سەرۆك «ئۆباما» سەردانی عێراق بکات، کە پێشـــبینی دەکرێت لە مانگی ١٠ ســـەردانی عێراق بکات، ئەویش بەو مەبەستەی کە ئەگەر هات و تا ئەو کاتە پێکهێنانـــی حکومەت دواکـــەوت کە لە ئاکامدا زیان بـــە بەرژەوەندی و پرۆژەی سیاسیی ئەمریکا دەبەخشێت. بەم شێوەیە، ئەم ٣ هەڵبژاردنانە ئەو هزرەمان لا دروست دەکات کە دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت تاکو دوای ١٠/١٥ لەوانەیە ئەزموونەکەی ســـاڵی ٢٠٠٦ دووبـــارە بکاتـــەوە، بەڵام ئەمجارەیان تەنیا نابێت بە شەڕی ناوخۆیی لەنێوانی ناوچەکانی شیعە و سوننە، بەڵکو دەبێت بە شـــەڕێکی سیاســـیش لەنێوانی پارتە سیاسییەکانی عێراق و ئەوکات هیچ شتێك بوونی نامێنێت بە ناوی «پرۆسەی سیاسی» و هەموو لایەنێك لەو شەڕە دۆڕاو دەردەچێت، ئەمڕۆش کە هەر یەك لە پارتە سیاسییەکان وا هەست دەکەن کە شتێکیان دۆڕاندووە، پێموایە کە هیچیان نەدۆڕاندووە و هەر ئەوان براوەن، دۆڕاوی راســـتەقینە هاووڵاتیی عێراقییە، هاووڵاتیی ئاسایی کە چاوەڕوانی شـــتی گەورەیە لە لایەنە سیاســـییەکان و بەپەرۆشە بۆ پێکهێنانی حکومەتێك لەپێنـــاوی دابینکردنی تەنیا یـــەك خزمەتگـــوزاری نەك لیســـتێك بە چالاکی و خزمەتگوزارییەکان)).

شـــرۆڤەکانی د.عەبدولجەبار جیاواز لەو شـــرۆڤانەی دیکە بـــۆ بارودۆخی عێراق دەکرێـــت، رۆڵـــی ئەمریکا بـــە رۆڵێکی کاریگەر دەزانێت لە پرۆسەکەدا، هەر بۆیە سەبارەت بەم بۆچوونە و بۆچوونی سەبارەت بـــەو تێڕوانینانـــەی پێیانوایە ئەمریکا لە پرۆســـەکەدا رۆڵی کەمبۆتەوە، بەمجۆرە و بەراشـــکاوی هاتە ئاخاوتـــن و وتی: ((داکۆکی لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا ناکەم، بەڵکو داکۆکی لە بەرژەوەندییەکانی عێراق دەکەم. بەڵام بەقسەی کێ ویلایەتە یەکگرتووەکانـــی ئەمریـــکا شـــەڕەکەی عێراقـــی دۆڕاندووە؟ هەروەها بەقســـەی کێ ئەمریکا ئـــەو رۆڵەی جارانی نەماوە و لاواز بـــووە؟ یان ئەوە کێیـــە دەڵێت کە شـــەقامی ئەمریکـــی و رای گشـــتی ئەمریکی لەســـەر ئیـــدارەی «ئۆباما» هۆکارە لـــە لاوازبوونی رۆڵـــی ئەمریکا لەعێراقـــدا؟ ویلایەتـــە یەکگرتووەکانی ئەمریـــکا خـــاوەن رۆڵێکـــی بەهێز بوو و هەمیشە وەك خاوەن رۆڵێکی هێز لەعێراقدا دەمێنێتەوە، بـــەڵام گۆڕانکارییەکان تەنیا لـــە تەکتیکەکان دەبێت. هـــەر بۆیە، ئەو کەســـە هەڵەیە گەر باوەڕ بەوە بکات کە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەمریکا دەستی لە عێراق بەرداوە، بەڵگەکـــەش ئەوەیە کە ئەمریکا دامەزراوەیەکە و شـــێوازی بیرکردنەوەیان بەشێوەیەکی دامەزراوەییە، هەر کەسێکیش گەر لەچوارچێوەی دامەزراوە بیربکاتەوە ٣ رەهەندی لێ دەکەوێتەوە، رەهەندی مەودا کورت، رەهەندی مـــەودای مامناوەندی لەگەڵ رەهەندی مـــەودا دوور. ئیدارەی «ئۆباما» و خودی ســـەرۆك «ئۆباما» خـــاوەن بڕیار نیـــن و حوکمیان لەســـەر بەرژەوەندیی ئەمریکا نییە، وێڕای هەموو ئاڕاســـتەکانی «ئۆباما» لە کشانەوەی هێزەکان لە عێراق، بەڵام گۆڕانکارییەکان لە رەوشی ئەمنی و گۆڕانکاریی سەربازی لەلایـــەن وەزارەتـــی دەرەوە و ســـەرکردە سەربازییەکان دەستنیشـــان دەکرێت. هەر بۆیە پێموایە کە هێشـــتا کاتەکە زووە باس لە دەستبەردانی ئەمریکا بکەین لە عێراق، بەڵکـــو بەپێچەوانەوە، لەگـــەڵ زۆربەی چاودێرە سیاسییەکان هاوڕانیم و زۆر لەوە دڵنیام کە عێراق کرۆك و لە بەرژەوەندییە بـــاڵا و ســـەرەکییەکانی ئەمریکایە، هەر بۆیە باوەڕناکەم ئەمریکا بەو ئاسانییە واز لە عێراق بهێنێت، هاوکات پێویســـتە ئەو خاڵـــە لەبیرنەکەین کە عێـــراق نەکەوتۆتە شـــوێنێکی دووری ئەفریقیـــا، هەروەها نەکەوتۆتە شوێنێکی دوور لە ئۆقیانۆسی هێمن یان هیندی یان ئەتڵەســـی، بەڵکو عێـــراق لەناوجەرگـــەی رۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـتە، هەروەهـــا لەنـــاو جەرگەی جیهانـــە. هەربۆیە لەگەڵ ئـــەو چاودێرە سیاســـییانە دژەڕام کە لەو بڕوایەدان کە ئەمریکا وازی لەعێراق هێناوە لەبەرئەوەی عێراق خـــاوەن گەورەترین بەرژەوەندییە بۆ ئەمریکا. بەڵام سەبارەت بە سەرکەوتن یان شکستهێنانی ئەمریکا، پڕ بە دڵ هیوادارم ئەمریـــکا ســـەرکەوتوو بێـــت، ئەویش بە مەرجێك گەر سەرکەوتنی ئەمریکا ببێت بەمایەی رەخســـاندنی ئارامی و ئاسایش و گوزەرانـــی بۆ هاووڵاتیـــی عێراقی. بەڵام بەداخـــەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریـــکا زیاتـــر جەختی کردۆتە ســـەر بەرژەوەندییـــە کەســـییەکانی خۆی زیاتر لەوەی کە جەختی کردبێتە سەر ئاسایشی هاووڵاتییەکانی عێراق)).

لـــە دوماهیی ئەم لێدوانە و ســـەبارەت بە داهاتووی عێراق د.عەبدولجەبار ئەحمەد بەمجـــۆرە رای خۆی دەربـــری و وتی: (ئەگەر هاووڵاتیی عێراقیی راســـتەقینە بوونی هەبێت، ئـــەو کات دەبین بە خاوەن داهاتوویەکی گەش و پڕشـــنگدار، بەڵام ئەگەر سۆزی حزبیی تەسك بوونی هەبێت، ئـــەوکات داهاتووی عێراق تاریك و نادیار دەبێت. هەر کەسێك کە بەدوای سەرکەوتنی پرۆسەی دیموکراسی دەگەڕێت، پێویستە بگەڕێت بەدوای هاووڵاتیی دیموکراسی. ئەمڕۆ هاووڵاتییە عێراقییەکان دیموکراسی نین و هەروەهـــا پارتە سیاســـییەکانیش دیموکراســـی نیـــن تەنیـــا ژمارەیەکی کەمیان نەبێـــت، هەربۆیە ســـەرکەوتنی پرۆسەی دیموکراسی لەعێراق پێویستیی بە دامەزراندنـــی ژێرخانی کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاســـی و سایکۆلۆژی هەیە، نەك تەنیا بە جەختکردنەوە لەســـەر دامەزراندن و بڕیاری فەرمی)).

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک خاوەن رۆڵێکی هێز لەعێراقدا دەمێنێتەوە، بەڵام گۆڕانکارییەکان تەنیا لە تەکتیکەکان دەبێت

پێشبینی دەکرێت چەندین کەسایەتی و بەرپرسی ئەمریکی تر بۆ عێراق بێن کە تەنانەت لەوانەیە خودی سەرۆک «ئۆباما» سەردانی عێراق بکات

## مایكل نایت تۆژەری باڵا لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ گوڵان

# حكومەتی داهاتووی عێراق لە هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا و ئیئتیلاف و فراكسیۆنی كوردستانی پێكدەهێنرێت

تــۆژەری بــاڵای ئامۆژگای واشــنتۆن بۆ دیراســاتی رۆژهەڵاتی نزیــك و تایبەتمەند لەســەر دۆسیەی عێراق لە ئامۆژگای ناوبراو و راوێژكاری پێشووی پێنتاگۆن، لەلێدوانێكی تایبەتی بۆ گوڵان و ســەبارەت بە پرۆســەی پێكهێنانی حكومەتی داهاتووی عێراق بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: ((هەروەك ئاشــكرایە لەماوەی داهاتوودا دەبینین كاندیدی یەكێك لە پارتەكان دەبێت بە ســەرۆك وەزیرانی داهاتوو، بەڵام پێناچێت ئەو كەسە نوری مالیكی بێت. هەروەهــا بــەڕای من بۆ حاڵــی حازر هیچ دەرفەتێك بۆ «عەللاوی» و «عێراقیە» نییە بۆئەوەی ببێت بە بەشێكی گەورە لەحكومەتی داهاتوو. لەبەرئەوەی حكومەتی داهاتوو لەلایەن «دەوڵەتی یاسا» و «ئیئتیلافی نیشتمانی» و كوردەكان پێكدەهێنرێت)).

ئەم ئاماژەیەی پرۆ فیسۆر نایت بەوەی ئەلعراقیە رۆڵێكی گــەورەی لەحكومەتــی داهاتووی عێراقدا نابێت، ئاماژەیە بۆ ئەوەی كە لەپێناوی وەرگرتنەوەی پۆســتی سەرۆك وەزیران هەردوو لایەنــە گەورەكەی شــیعە(دەوڵەتی یاســا و ئیئتیلافی نیشتمانی) جۆرێك لە كۆمپرۆمایز لەســەر مەرجەكانی خۆیان دەكەن و پێدەچێت لەســەر كاندیدێك رێبكەون، وەك مایكل نایت ئاماژەی پێكردووە، پێدەچێــت ئەو كاندیدەی هەردوو لیســتی (دەوڵەتی یاسا و ئیئتیلافی نیشتمانی) لەســەری رێكدەكەون د.مالیكی نەبێــت، هەر بۆیە ســەبارەت بــە داهاتووی عێراق و چۆنیەتی چارەسەركردنی كێشەكان و كاریگەری كێشەكانی عێراق لەسەر ناوچەكە، پرۆ فیســۆر نایت بەمجۆرە راو ســەرنجەكانی خــۆی بۆ ئــەم راپۆرتە خســتەڕوو و وتی: ((پێموایە كە لەمەودایەكی دووردا عێراق دەبێت بە دەوڵەتێكی زۆر پۆزەتیف لەناوچەكە، ئەویش بەهۆی ئەو پرۆســە سیاسییەی كە لەعێراقدا بەڕێوەدەچێت. هەڵبەتە دیموكراسییەت هەمیشە پرۆسەیەكی كامڵ نییە، هەر بۆیە ئەگەر بێت و لەپرۆسەكانی هەڵبژاردن بڕوانین كە عێراقییەكان ئەنجامیانداوە، هەروەها ئەگەر بێت و تەماشای ئــەو كێبڕكێیە بەهێزە بكەین كە لەنێوانی پارتە سیاسییەكاندا روویداوە، هەروەها ئەگەر بێت و تەماشای سرووشتی پارتە سیاسییەكان بكەین كە لەچەنــد روویەكەوە لەیەكتــری جیاوازن، بەشــێوەیەكی گشتی و وێڕای هەموو شتێكی تر، پێموایە كە عێراق پێشكەوتنێكی بەرچاوی بەخــۆوە بینیــوە و هەڵبەتە ئــەم جیاوازی و ململانێیە زۆر لەهەبوونی دیكتاتۆرییەت باشترە لەعێــراق. هەربۆیە لەوە دڵنیام كە كاریگەریی



مایكل نایت

پۆزەتیڤانەیەی لەسەر ناوچەكەدا دەبێت و یەكێك لەخاڵــە گرنگەكان كە پێویســتە لەبەرچاوی بگرین ئەوەیە كە عێراقێكی ئارام ســەركەوتوو دەبێــت لەبەرئەوەی لەڕووی دیموكراســیەتەوە دەبێت بە یەكەمین دەوڵەتی فیدراڵی فرە نەتەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاســت، وڵاتێك كە دەبێت بە خاوەن باشــترین سیســتەمی مەركەزییەت لەنێــوان ناوەند و هەرێمــەكان، دەوڵەتێكی فرە زمان، زمانەكانی عەرەبی و كوردی، هەروەها دەبێــت بە دەوڵەتێك خــاوەن حكومەتێكی فرە ئتنی، هەروەكو دەبینیــن كە وەزیری دەرەوەی كــوردە، كە یەكێكە لــە ئەنجومەنی ٦ وەزیرە ســەركییەكانی دەرەوە لە جامیعەی عەرەبی.

هەربۆیە گەشبینم لەوەی كە عێراق پێشكەوتنی بەرچاوتــر بەخۆیەوە دەبینێــت و كاریگەریی پۆزەتیڤانــەی لەســەر جیهانی عەرەبســتان دەبێت. هەر بۆیە بەشــێوەیەكی گشــتی، لەو بڕوایەدام عێراقییەكان لەتواناییاندا دەبێت بگەنە رێككەوتنێكی سیاســی و ئاشتییانە، هەروەها دەستاودەسكردنی دەسەڵات بەپێی ئەو دەنگانە دەبێت كە پارتەكان لە هەڵبژاردندا وەدەســتیان هێناوە، یاخود بەپێی كورسییەكان كە وەدەستیان هێنــاوە. بۆ ئێســتاش، باشــترین رێگەچارە ئەوەیە كــە دەستاودەســتكردنی دەســەڵات بەشێوەیەكی ئاشتییانە بەڕێوەبچێت، لایەنێكی [illegible] كوردە، هەرچەندە ئێستا ناكۆكی هەیە، بەڵام لەو بڕوایەدام كە كێشــەی كورد-یش بەشێوەیەكی ئاشــتییانە چارەسەر بكرێت، هەرچەندە لەوە دڵنیام كە حكومەتی فیدراڵ لە ئێستای بەهێزتر دەبێت، هاوكات پێویست دەكات لەســەر هەرێمی كوردستان ســازش لەهەندێ دەســەڵات بكەن، ئەمە واقیعە و مەسەلەكان بەو شێوەیە بەڕێوەدەچێت. [illegible] لە كێشــەی تایفەگەری و [illegible] چاوەڕوانكراوە، لەبەرئەوەی كۆمەڵگەی سوننە زۆر بەهێمنــی خــۆی كۆدەكاتــەوە، ئەویش لەمیانی رۆڵی لە نوێنەرایەتیی سیاسی، بەڵام كاتێكی زۆر دەخایەنێت تاكو هەموو سوننەكان یەكبگرن و تاكو ئەو كاتەش توندوتیژییەكی زۆر لەنێو كۆمەڵگەی ســوننەكاندا سەرهەڵدەدات. حكومەتی شــیعە بەشــێوەیەكی كاریگەرانە و بەرچــاو مامەڵــە لەگــەڵ كۆمەڵگــەی ســوننەكاندا ناكات. هەربۆیە، ئەو بۆشــاییی و ناكۆكییــەی كە ئەمــڕۆ لەنێو كۆمەڵگەی سوننەدا هەیە، دەرفەت بە یاخیبووە سوننەكان دەبەخشــێت بۆئــەوەی بجوولێنــەوە و دووبارە خۆیــان بەهێزبكەنەوە، هەربۆیە دەبینین ئەمڕۆ و هەر وەكو من هەســتی پێدەكەم كە دیاردەی یاخیبوونی ســوننەكان لە ناوەڕاستی عێراق-دا دووبارە دەستی پێكردووە و بەڕای من ئەوە تاكە خاڵی نێگەتیڤە)).

دوو هەفتە جارێک دەبینووسێ

تەنیا پێكهێنانی حكومەت چارەسەری هیچ كێشەیەكی سیاسی ناكات

حكومەتی فیدراڵ لە ئێستای بەهێزتر دەبێت، پێویست دەكات لەسەر هەرێمی كوردستان سازش لەهەندێ دەسەڵات بكات

عێراق كاریگەریی پۆزەتیڤانەیەی لەسەر ناوچەكەدا دەبێت لەبەرئەوەی لەڕووی دیموكراسیەتەوە دەبێت بە یەكەمین دەوڵەتی فیدراڵی فرە نەتەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

# کولتووری لێبوردەیی



کنێر عەبدوڵڵا

زۆرن ئـــەو چەمكانـــەی لەژیانی تاكـــەكان و كۆمەڵگەدا كاریگەری و كاردانەوەی بـــاش و گرنگیان هەیە، یەكێك لەوانە چەمكی لێبوردەییە كە لەڕووی ئەخلاقی، سیاسی، یاسایی و فكرییەوە مانا و واتاگەلێك دەبەخشێ. لەرووی زمانەوانییەوە بەمانای جیاواز دێت لەوانە: ئاســـانكاری، نەوازشت، چاودێری، شـــوێنكەوتن، ناسەپاندن، ئازادی بیروبـــاوەڕ، قبووڵكردنی رای جیاواز، داكۆكیكـــردن لەرای ئازاد و كاركردن لەســـەر دەربڕینی بیروڕا بێ سەپاندن و بەكارهێنانی هێز. بێگومان كاتێك تاك هەڵگری رۆشـــنبیرییەكی لێبوردەیـــی دەبێت، لایەنـــی باش و ســـوودمەندی زۆری هەیـــە، لەوانە: توانای داهێنان لەمرۆڤدا زیاد دەكات، كەمتر دووچاری هەڵچوون و دڵەڕاوكێی دەروونیی دەبێت، تەمەن درێژی، لێدانی دڵ بەشێوەیەكی رێكوپێك، هەستنەكردن بە پەســـتانی خوێن، بەرزی ئاســـتی رۆشـــنبیری، دەروازەیەكە بۆ گەیشتن بە خۆشەویســـتی و خۆشگوزەرانی، باوەڕبوونی تاكـــە بەفرەیی و حوكمی یاسا و دیموكراسیەت و مافی مرۆڤ، باوەڕبوونە بەئازادی رادەربڕین، تەنانەت گەر رای بەرامبـــەر هەڵە یان جیاواز بێـــت، رێزگرتـــن و یەكترقبووڵكردنی جیـــاوازی و هەمەڕەنگـــی ئاســـتە رۆشنبیری و خەســـڵەتە مرۆییەكانە و دووركەوتنەوەیە لەدوژمنكاری، رق و كینە، هەڵخەڵەتانـــدن، دووڕوویی، ستەمكاری و توندوتیژی. بەواتایەكی دیكە ئەم چەمكە پەیوەستە بە تاك و خێزان و كۆمەڵگە و پەروەردەوە وێڕای ئەوەی دەوڵەت و راگەیاندنیش رۆڵی گرنگیان هەیە لەبەرجەســـتەبوونیدا. بـــەدەر لەبوونی گشـــت ئـــەو لایەنە ســـوودمەندانە، غیابـــی كولتووری لێبـــوردن لەهەڵســـوكەوت و رەفتاری تاكەكانـــدا رەنگدانـــەوەی هەیـــە و بەگشـــتی نەیانتوانیوە ببنە هەڵگری پراكتیزەكردنی ئەو چەمكە لەژیاندا. ئەوەش گرێدراوی كۆمەڵێك هۆكاری سیاســـی، پەروەردەیی، رۆشـــنبیری، دەروونیـــی و كۆمەڵایەتییە...تـــاد. ئەوەشـــە وایكـــردووە رەنگدانـــەوە و كاریگەری خراپ بخاتە سەر مەسەلە ستراتیجی و چارەنووسسازەكان لەگشت بوارەكانـــی كۆمەڵگەدا، بـــۆ نموونە یەكێك لەو هۆكارانەی بۆتە بەربەست لەمەڕ زۆرێك لەبەدەســـتهێنانی ماف و دەســـتكەوتەكانی ژنان، غیابی ئەم كولتوورەیە لەنـــاخ و هزری زۆربەی تاكەكاندا كـــە هەندێجار بەهۆی فرە رایی یان جیـــاوازی لەبیروبۆچوون و میكانیزمی بەڕێوەبردنـــی كارەكاندا و كۆكنەبـــوون لەســـەر بەرنامەیەكی دیاریكراو دێتە ئاراوە، یاخود بەهۆی ئەوەی یەكێك لەو لایەن و كەسایەتیانە نەبێتە دەستپێشخەر و خاوەن بیرۆكە و گشت لایەنەكانی دیكە ببنە گروپێكی دەســـتەجەمعی بۆ بە عەمەلیكردنی كارەكان. دەرئەنجـــام هەموو ئەوانەیە دەبێتـــە پەكخســـتن و لەباردنی كار و پـــڕۆژە ســـتراتیجییەكان یـــان بە واتایەكی دیكە بەرژەوەندیە گشتیی و چارەنووسسازەكان.

بێگومان كاركردن لەسەر چەسپاندنی بیروباوەڕی لێبوردەیی بەتەنیا ناوەستێتە ســـەر راگەیاندننامـــەی كۆنگرەی پاریسی١٦ی نۆڤمبەری ساڵی١٩٩٥ كە تایبـــەت بوو بـــە بیروباوەڕەكانی لێبـــوردن و پێـــی وابـــوو «لێبوردن بەمانای یەكسانی و دەستلێهەڵگرتن و ئاسانكاری نایەت، بەڵكو پێش هەموو شتێك وەرگرتنی هەڵوێستێكی ئیجابییە كە تیایدا مافی بڕیاردان بە كەسانی بەرامبەر بدات تا چێژ لەماف و ئازادییە بنچینییەكانی مـــرۆڤ وەربگرن كە لەئاستی جیهاندا پەیپێبراوە»، بەڵكو بەدەر لەمانە گرێدراوی چاندنی تۆوی دیموكراسیەتە لەگشـــت بوارەكاندا و پەیوەستە بە بڵاوكردنەوەی رۆشنبیری ســـەبارەت بە مافەكانـــی مرۆڤ و فرەیی و پشتیوانیكردنی كۆمەڵگەی شارستانی و جەختكردنە سەر لایەنی پەروەردەیـــی و فێركـــردن، جگـــە لە ســـازدانی بەرنامـــەی هەمەڕەنگ لەرێی كەناڵەكانی راگەیاندنەكانەوە.

Kner_abdullah@yahoo.com

# هەرێمی کوردستان وەک سەبەتەیەک وایە.. بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی عێراق و وڵاتانی دەوروبەر!



**بەدامەزراوەیکردنی کشتوکاڵ ئاسایشی خۆراکیمان بنیات دەنێینەوە**

گەر کشتوکاڵ بەبیزنس بکرێت و عەقڵییەتێکی پرۆفیشناڵ ئەم کەرتە بەڕێوەبەرێت، ئەوا دەکرێت بەپشتبەستن بەو تایبەتمەندییە باشەی کوردستان و تەرخانکردنی بودجەی پێویست بۆ پڕۆژەکانی کشتوکاڵ، هەرێمەکە پەرەپێدانێکی کشتوکاڵی وا بەخۆوە ببینێت، لەداهاتوویەکی نزیکدا کوردستان ببێتە خاوەنی گەورەترین ناردەنی لەسەر ئاستی ناوچەکەو سەبەتەی خۆراك بۆ عێراق دابین بکات..

تەنانەت ئەم کەرتە ببێتە بناغەیەك بۆ ستراتیژی پەرەپێدان لەهەرێمەکەدا. چەندین ساڵە کە گوندەکانمان ئاوەدانکردەوەو لەم پێناوەشدا پارەو بودجەیەکی باش خەرج کرا، لەساڵانی گەمارۆی ئابووری چەند کارگەیەکی پیشەسازی خۆراك و کشتوکاڵی لەم هەرێمەدا دامەزران، بەتایبەت دامەزرانی کارگەی دۆشاوی تەماتەو زەیتی گوڵە بەڕۆژە، کەچی نەتوانرا بەردەوامی بەم هەڵمەتانە بدرێت، وەبەرهێنەر بۆچی لەم کەرتە دوورکەوتەوە؟ ئایا پاڵپشتییەکانی حکومەت بەپێی خواست و ئومێدەکانی وەبەرهێنەران بوو؟ بەرنامەو پلانە ستراتیژییەکانی کشتوکاڵ تاچەند لە ئەرزی واقیعدا جێبەجێ دەکران؟ ڕێژەی بەرهەمی ناوخۆی کشتوکاڵی لەدابینکردنی پێداویستییەکانی ناوخۆدا چەندە؟ بۆچی خاکی بەعقووبەو سەماوەو سامەراو حەویجە ببێتە خاکێکی کشتوکاڵی و خاوەنی بەرهەمێکی باشی کشتوکاڵی بن، کەچی لە دەشتی هەولێرو ناوچەی سۆران ئەو کشتوکاڵە پێشکەوتووەی لێ نەکرێت؟ تەنانەت بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی میوەجات و خۆراك پشت بە وڵاتانی دەوروبەرو ببەستین و پێداویستی خۆراکی دانیشتوانی کوردستان دابین نەکرێت؟ تاکەی بۆبەدەستهێنانی داهات پشت بەحکومەتی بەغدا ببەسترێت، لەکاتێکدا کشتوکاڵ لەهەرێمەکەدا توانای دروستکردنی داهاتی هەیە.

ناکرێت هەرێمێك خاوەنی ئەو تایبەتمەندییە باشەی خاك و ئاووهەواو سروشتە ڕەنگینە بێت کەچی لەکەرتی کشتوکاڵ دا پێش نەکەوێت؟ بۆیە پێشبینیەکانی لەسەر بنەمای زانستی داڕشتووەو پێی وایە گەر سیاسەتی عەقڵانی و ڕاست و دروست بگیرێتە بەر ئەوا هیچ کێشەیەك ڕووبەڕووی بوژانەوەی کەرتی کشتوکاڵی کوردستان نابێتەوە.

سەبارەت بەگرنگی خاکی کوردستان بوونی ژینگەیەکی باش بۆ وەبەرهێنانی کشتوکاڵی دکتۆر(ئەنوەر ئەحمەد عەبدوڵلا ڕاوێژکاری ئابووری لە پەرەپێدانی بەردەوام لەبواری بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و خۆراکی و شارەزایی لەبواری ژینگەو ئاودا هەیە پێی وابوو: پلاندانانی ستراتیژی بۆ پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی گرنگە، بەڵام دەبێت لەو پلانەدا دیاریکرابێت کە ئامانج و بەرنامەکان چۆن جێبەجێ دەکرێت؟ ئێستاکە پلانمان هەیە بەڵام وەڵامی پرسیارێکی گرنگ نەدراوەتەوە، ئەویش ئەوەیە چۆن پلانەکە جێبەجێ دەکرێت؟ ئایا پێداویستییەکانی جێبەجێکردنی پلانەکە پێش ساڵێك ئامادەکراوە، کاتێك خاڵی سفر هات پێویستە ڕاستەوخۆ دەست پێ بکرێت.

کاتێك باسی کشتوکاڵ دەکەین باسی بەرهەم و بازرگانیکردن بەو بەرهەمەوە دەکەین، ناکرێت بەرهەم بکەین و بەبازاڕکردن و ساخکردنەوەی زامن نەکرێت، تەرخانکردنی کات و خەرجکردنی پارە وا بەئاسانی ناکرێت، گەر زەمانەت و ئومێد نەبێت بۆ ساخکردنەوەی ئەو بەرهەمەی ڕەنجی تێدا سەرفکراوەو خەرجییەکی زۆری تێدا دەکرێت، ڕەنجەکەمان بە خەسار دەچێت، ئالێرەدا بوونی هەماهەنگی لەنێوان وەزارەتی بازرگانی و وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو گرنگە، چونکە بەبوونی هەماهەنگی لەنێوان ئەم دوولایەنە پاڵپشتییەك دەدرێتە جوتیارو بەرهەمهێن تاوەکو زۆرترین و باشترین بەرهەم بەدەست بهێنێت. لەدیموکراتییەت شتێك هەیە پێی دەوترێت دیموکراتییەتی پەرەپێدان واتە ناکرێت بەرنامەو بڕیارەکان هەر لەسەرەوە بێتە خوارەوە پێویستە گوێبیستی گەمەکارە سەرەکییەکەو فەرمانگەو جوتیارو

بۆچی خاکی بەعقووبەو سەماوەو سامەراو حەویجە ببێتە خاکێکی کشتوکاڵی، کەچی لە دەشتی هەولێرو ناوچەی سۆران ئەو کشتوکاڵە پێشکەوتووەی لێ نەکرێت؟

بەرهەمهێنانیش بگیرێت تاوەکو بزانرێت گرفت و بۆچوونی ئەوانیش چۆنە، بۆیە زۆر پێویستە بڕیاردەران و ئەوانەی رۆڵیان لەدارِشـــتنەوەی بەرنامـــەکان هەیە گوێبیســـتی بیروبۆچوون و زۆرجـــار پێشـــنیارەکانی گەمـــەکارە ســـەرەکییەکەش بن، تاوەکو کەرتی کشتوکاڵ بەبڕیـــاری گونجاوو زانســـتی پێش بخرێت، تۆسەیری وڵاتە پێشکەوتووەکانی پیشەسازی بکـــە ســـەرەتا کەرتـــی پیشەســـازی خۆراکی و کشتوکاڵییان پێشخست واتە بوژانەوەی کەرتی کشـــتوکاڵ کلیلـــی ســـتراتیژییەتی بوژانەوەی ئابوورییە، بە ئابووری کشتوکاڵ گەیشتنە کۆمەڵگای رەفاهییەت، لـــەدەرەوەی وڵات کاتێـــك بەرهەم دەستکەوت پرۆسەکە دەبێتە پرۆســـەیەکی بەرهەمهێنانی دامەزراوەیی و کۆمپانیاکان رۆڵی سەرەکییان لـــە دەزگای بەبازارِکردن دەبێت، پێویســـتە دەرامەتە پێویســـتەکان لەهەرێمی کوردستان کۆنترۆڵ بکرێت بۆنموونە بەنداوی گەورەمان هەیەو پرۆژەی ئاودێریمان لاوازە دەستی کارمان هەیەو شـــارەزایی و شـــێوازی بەڕێوەبردنمان لاوازە، بەرهەممان هەیەو کۆگای ئەمبارکراوی ساردکەرەوەمان نییە، فەلسەفەی بەرهەمهێنان و بەبازارِکردنمان نییە، لەکوردســـتان توانای ئەوەمان هەیە چوار وەرزە بەرهەممان هەبێت، بەڵام ئەمبارکردن و بەپیشەسازیکردنمان نییە، پێویســـتە کۆنترۆڵ و ئەمبارکردنی بەرهەمی کشتوکاڵ و ژێرخانی ئابووری بنیات بنرێتەوە ئەم ســـێ خاڵە گرنگە رەچاو بکرێت، کاتی ئەوەهاتووە رۆشـــنبیری بەکارهێنـــان و عەقڵییەتی بەکاربردن



**پێنج ساڵی تر هیچ وڵاتێک خواردن بە وڵاتێکی تر نافرۆشێت مەگەر بەنرخێکی زۆر بەرز، چونکە کێشەی ژینگەو کەم ئاوی تا دێت فراوانتر ئاڵۆزتر دەبێت**

**دکتۆر ئەنوەر ئەحمەد عەبدوڵڵا پسپۆرو شارەزا لەبواری پەرەپێدانی بەردەوام:**

# پلانی ستراتیژی کشتوکاڵ وەڵامی پرسیارێکی گرنگی نەداوەتەوە، کە چۆن پلانەکە جێبەجێ دەکرێت؟



بگۆڕیـــن بـــۆ فەرهەنـــگ و رۆشـــنبیری بەرهەمهێـــن. ئەمڕۆ داهاتـــی نەوتمان هەیە دەکرێت بۆ چارەســـەرکردنی ئـــەو گرفت و کێشانە بەکاری بهێنین، بەشێوەیەکی گشتی بەشـــداری کەرتی کشتوکاڵ لەبەرهەمهێنانی نێوخۆیی عێراق بەگشـــتی تەنیا لە٦٪ ئەوی تر هەمووی بەرهەمهێنانی پێترۆلە، لەکاتێکدا تەنیـــا توانای بەرهەمهێنانی کشـــتوکاڵی لە هەرێمی کوردســـتان گەر بێتـــوو ئەم کەرتە بەباشی و پێشکەوتوویی سوودی لێوەربگیرێت ئەو کات توانـــای هەرێمەکە لـــە٦٥٪ە، لەم ژمارەیـــە کەرتی بەرهەمهێنانـــی ئاژەڵداری لە٣٥٪و لە٣٠٪یەکەی تـــری بەرهەمهێنانی کشتوکاڵییە، بەمشـــێوەیە گەربێتوو هەرێمی کوردستان ئەو توانا بەرهەمهێنانەی کشتوکاڵی پێشـــبخات ئەو کات پشتبەســـتن بە٩٤٪ی کـــەم دەکەیتەوە بۆ لـــە ٢٥٪. لەڕێگای ئەم کەرتەشـــەوە دەکرێت باشترین هەلی کار دابین بکرێت، بۆنموونە لەمیســـر بەبەردەوام شاری تازە بنیات دەنرێت و خانووی نیشـــتەجێ بۆ ئەوانەی ژیانی هاوسەری پێك دەهێنن دروست دەکرێت و ســـەرجەم خزمەتگوزارییەکانی بۆ دابین دەکرێت و پارچەیەك زەوی و قەرزیشی دەدرێتێ تاوەکو کاری کشتوکاڵی بکات، مەرج نییـــە هەرچی لەبواری کشـــتوکاڵ بڕوانامە بەدەســـت بهێنێت دامەزرێنرێت، بەڵکو مەرجە لەبواری بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی کاریان بۆ بدۆزرێتەوە

بەمشـــێوەیە گرنگیدان بەپـــرۆژەی بچووك کاریگـــەری باشـــی لەســـەر زیادبوونـــی بەرهەمهێنـــان و دۆزینەوەی هەلی کاریش بۆ گەنجـــە دەرچووەکانی زانکـــۆو پەیمانگاکان دەبێت، ئەمەش بە بێ تەرخانکردنی پارەیەکی باش بۆ گەشەپێدانی کشتوکاڵ ئەنجام نادرێت، تەرخانکردنی ئەو پارەیە بۆ کەرتی کشتوکاڵ و وەبەرهێنانـــی ئابوورییـــە بـــۆ داهاتووی هەرێمی کوردســـتان. ناکرێت بەشێکی زۆری بەشـــە داهاتی هەرێم لەڕێگای دابینکردنی پێداویستی خۆراکی و کشتوکاڵی لە وڵاتانی دەوروبەر بەفیڕۆ بدرێت.

پێویســـتە بۆ رووبەڕووبوونەوەی کێشەو گرفتە کشتوکاڵییەکان وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە ؛ ئایا ئێمە ئیلتیزاماتمان هەیە چارەسەرکردنی کێشـــەکە بەجیـــددی وەربگریـــن، یەکێك لە پرەنســـیپەکانی پەرەپێدانی بەردەوام ئەوەیە:( ئەگەر بمانەوێـــت پەرەپێدانی بەردەوام ئەنجام بدرێت پێویســـتە چارەســـەری سەرتاسەری و ئیلتیزامێکی حکومەتی هەبێت..)، کشتوکاڵ هەر ئەوەنییە دابینکردنی پێداویســـتییەکانی یـــەك وەرز بـــکات، بگرە ئـــەم کارە کەرتی تایبەت پێی هەڵدەســـتێت، لە ڕێگای بانکی کشـــتوکاڵی قەرز دابین دەکرێـــت بۆ جوتیار یا بەرهەمهێنەری کشـــتوکاڵی تەنانەت پێش ئەوەی کشـــتوکاڵەکە بـــکات بەرهەمەکەی فرۆشـــتوە، چونکە گرێبەســـتی مۆرکردووەو لەگەڵ کۆمپانیـــاکان رێککەوتوە، لەهەرێمدا کشتوکاڵ راست پێچەوانەیە کاتێك کشتوکاڵ دەکەیت دڵنیا نیت لەداهاتوو ئایا وشکەساڵییە

گرفتی دەردو نەخۆشی کشتوکاڵی دووچارت دەبێت تەنانەت کۆگای پێویست و ساردکەرەوەت نییەو نازانرێت چەند داهات و قازانج دەکەیت و نرخەکانـــی بازاڕ تا بەرهەمەکەت دەســـت دەکەوێـــت چەنـــدە؟ لەهەرێمی کوردســـتان ئەگەری کەوتنەوەی مەترسییەکانی داهاتوو لەکەرتی کشتوکاڵ دیار نییە. ئەمە لەکاتێکدا یارمەتی و پاڵپشـــتیکردنی کەرتی کشتوکاڵ کـــەم و لاوازە ئەوەتا تەنیا لەئەوروپا ســـاڵانە نزیکـــەی نیو ترلیـــۆن یۆرۆ بـــۆ یارمەتی کشتوکاڵ تەرخان دەکرێت، لەئێستاوە پێویستە خۆمـــان بۆ رووبەڕووبوونەوەی دوو کێشـــەی گـــەورە ئامادە بکەیـــن : کەمبوونەوەی ئاوو کەوتنەوەی کێشـــەی خۆراك، پێنج ساڵی تر هیچ وڵاتێك خواردن بە وڵاتێکی تر نافرۆشێت مەگەر بەنرخێکی زۆر بەرز چونکە کێشـــەی ژینگەو کەم ئـــاوی تا دێت فراوانترو ئاڵۆزتر دەبێت، لەکاتێکدا تا دێت ژمارەی دانیشـــتوان زیاد دەبێت و خۆراك کەم دەبێتەوە، پێویســـتە لەگەڵ ســـێ بنەما مامەڵە بکەیت ئاسایشی :(خۆراك و ئاوو وزە)، ئەوەتا هەر لەئێســـتاوە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت گرفتی کەم ئاوی ســـەریهەڵداوە لەکاتێکدا گەورەترین وڵات کە پـــارە خەرج دەکات بۆ خۆپڕچـــەك کردن ئەم وڵاتانەیە، باشـــە وڵاتێك ئەو هەموو چەك و تەقەمەنییـــەی هەبێت و ئـــاوی نەبێت چی روودەدات؟ پێویســـتە بەپارەی نەوت ســـەرەتا ئابـــووری تەقلیـــدی بگەڕێنینـــەوەو دوایی



**سەبەتەی خۆراکی عێراق بەرووبوومی تێدا نەماوە**

**پێویستە بەپارەی نەوت سەرەتا ئابووری تەقلیدی بگەڕێنینەوەو دوایی گەشەپێدانی تێدا بکەین و پیشەسازی خۆراکی و کشتوکاڵی تێدا ببوژێنینەوە**

گەشـەپێدانی تێـدا بکەین و پیشەسـازی خۆراکی و کشـتوکاڵی تێـدا ببوژێنینەوەو پێداویستییە خۆراکییەکانی ناوخۆیی و عێراق و کەنداویش باشـترین هەلـە بۆ دابینکردنی بازاڕ بـۆ کەرتی کشـتوکاڵ. ئێمە هەندێك پێوەنـدی و بەرژەوەندی هاوبەشـمان لەگەڵ عێراق هەیە کە زەحمەتە لێك جیابکرێنەوە وەکو ئاوو ژینگەو ئاسایشی خۆراك، عێراق ساڵانە بایی ٥ملیار دۆلار خـواردن دەکڕێت ئەگەر یەك ملیـار دۆلار بدرێتە کوردسـتان قۆناغ بەقۆناغ پێداویستی کوردستان و عێراق دابین دەکرێت و بۆ ئاسایشی خۆراکی و تەندروستی هاوڵاتییانیش سـوودی تایبەتی خۆی هەیە . هەرێمی کوردسـتان هەلی باشتری اەعێراق لەبەردەمدایـە بۆ پێشخسـتنی کشـتوکاڵ، چونکە خەریکە کشتوکاڵ لەعێراق رووبەرووی کێشەی گەورەی کەمئاوی و بەخوێیایبوونی خاکەکەی دەبێتەوەو بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی گران رادەوەسـتێت بەپێچەوانـەی هەرێمی کوردسـتانەوە، ئـەم واقیعـە گـەر بێتوو بەبەرنامەو پلان کاری بۆ بکرێت واقیعێکی وا دەخوڵقێنێت لەبری ئەوەی هەرێمی کوردستان پاشـکەوتەی ئابووری عێراق بێت لەمەودوا لەڕێگای بەرژەوەندی هاوبەشەوە پێوەندییەکان دادەڕێژرێتەوە..

بۆ دەبێت لەکوردستان نزیکەی تەنیا ٣ ملیۆن سەر ئاژەڵ هەبێت لەکاتێکدا توانای هەرێمەکە ١٢ ملیۆن سەر ئاژەڵ بێت؟ پێویستە وەڵامی ئەو پرسـیارە بدرێتەوە لەهەرێمی کوردسـتان چی کـراوە تاوەکو ئەو سـامانە بپارێزرێت و پێشـخرێت؟ توانای بەخێوکردنی ئاژەڵداری و شـارەزایی لەمبوارەدا لەهەرێمی کوردستان زۆرە ئەمە جگە لـەوەی لەمێژوودا میللەتی کورد بە میللەتێکی جوتیاری و شـوانکاری ناوبانگـی دەرکردووە، ئێمە شارسـتانییەتی شارمان نەبووە زیاتر بەرهەمهێن بووین هەربۆیە کورد داگیرکاری لەسەر کەس نەکردووە ..

گەر بمانەوێت کەرتی کشـتوکاڵ پێشبخرێت پێویستە کۆمپانیاکان و کەرتی بیزنس تێکەڵ بـەم بوارە بکرێـت و توانا بدرێتـە جوتیار، کاتێـك کەرتـی کشـتوکاڵ چـووە قاڵبی بەدامەزراوەیکردن ئەو کات کەرتی کشتوکاڵ پێش دەکەوێت. ئێمە حکومەتێکی ئیشتراکیمان نییە بازرگان و بـازاڕی نێودەوڵەتی وتووێژ لەگەڵ کۆمپانیا و بەرهەمهێن ئەنجام دەدات، کـە لەم رووەوە کەموکورتـی هەیە و ژمارەو توانای کۆمپانیا کشتوکاڵییەکان سنووردارە.

بـا قوربانییەك بدەین بـە خەرجکردنی پارەو داهات بەڵام لە داهاتـوودا دەرئەنجامەکەی دەردەکەوێت، ئەمە ئەزموونی هەموو ئەو گەل و وڵاتە پێشـکەوتوانەیە کە هەنگاویان بەرەو بەپیشەسـازیکردنی کەرتی کشـتوکاڵ ناوەو تێیدا سەرکەوتوو بوون، کە خەڵك بینی دەوڵەت هەموو توانای خۆی بۆ پاڵپشـتیکردنی ئەم کەرتە خسـتەروو بیرو بۆچوونی خەڵکەکەش دەگۆڕدرێت، چونکە بەرژەوەندی هاوبەشیش دەکەوێتـەوە بۆنموونـە لە وڵاتانـی کەنداو هەنگوینی کوردسـتانمان بـرد کیلۆی ١٠٠ دۆلار نرخـی بوو لە کاتێکـدا لە هەرێمی کوردستان نرخەکەی تەنیا ٢٠ دۆلار بووە.

ئێمە وڵاتـی هەنارین لەجیهانـدا گرانترین شـەربەت شـەربەتی هەنـارە کەچی یەك کارگەمان نییە بۆ ئامادەکردنی ئەم شەربەتە، دەبێـت ریزبەندی بۆ ئەو کشـتوکاڵە دانرێت کە دەکرێـت لەداهاتوودا لەناوچەکەدا بتوانین کێبرکێی بێ بکەین و داهاتێکی باشـمان لێ دەسـت دەکەوێت، میوەجـات و زۆر دانەوێڵە دەکرێـت لەکوردسـتان بەنرخێکـی کەمتر لەوڵاتانی دەوروبەر بەرهەم بهێنرێت، لەلایەکی ترەوە نابێت کارگەیـەك دابخەین لەبەرئەوەی داهاتەکـەی باش و بەرز نەبـوو؟ لەکاتێکدا ژمارەیەکـی زۆری جوتیارو خێـزان و بازاڕ سوودیان لەو کارگەیە وەرگرتووە.

ئیبراهیم قەسـاب راوێـژکاری ئابووری لە وەزارەتی کستوکاڵ و سەرچاوەی ئاوو سەبارەت بەچۆنیەتی پێشخسـتنی کەرتی کشتوکاڵی چەند پێشنیارێکی خستەڕوو:

وێرانکردنـی کەرتی کشـتوکاڵ و ژێرخانی ئابـووری هەرێمەکە لەلایـەن حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقەوە بەتایبەتی رژێمی بەعس لای کەس شاراوە نییە، بۆیە کارکردن لەپێناو پێشخستن و بوژانەوەی ئەم کەرتەی کە بڕبڕەی پشتی ئابووری کوردستانە وابەئاسانی چارەسەر ناکرێت، پاش راپەڕین حکومەت

**لەهەرێمی کوردستان ئەگەری کەوتنەوەی مەترسییەکانی داهاتوو لەکەرتی کشتوکاڵ دیار نییە**

**بۆ دەبێت لەکوردستان نزیکەی تەنیا ٣ ملیۆن سەر ئاژەڵ هەبێت لەکاتێکدا توانای هەرێمەکە ١٢ ملیۆن سەر ئاژەڵ بێت؟**



**میوەجات و پەتاتە و تور.. لە وڵاتانی دەوروبەرەوە دابین دەکرێت**

**ئیبراهیم قەساب راوێژکاری ئابووری لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو:**

# تا ئێستا عەقڵییەتی بیزنسكارانی كورد فێرنەبوون وەبەرهێنان لە كشتوكاڵدا بكەن



هاتە سەر كەرتێكی كشتوكاڵی وێرانكراو وەزارەتی كشتوكاڵ لەژێرخانێكی وێرانكراو دەستی بە ئاوەدانكردنەوە كردەوە، نەبوونی بودجەو پارەی پێویست لە زەمەنی گەمارۆی ئابووری وایكرد ئەم هەڵمەتی ئاوەدانكردنەوەو بوژانەوەیە بە خاوێتی بەرێوەبچێت، پێویستە بەپلانێكی واقیعانەی پێنج ساڵە چارەسەری ئەو گرفتە زۆرەی كەرتی كشتوكاڵ بكرێت، پلانی پێنج ساڵەش تارادەیەكی باش لایەنی ئیجابی تێدایە گەرچی بەداخەوە هەندێك جار موبالەغە بەلایەنی رێنمایی كشتوكاڵی و ئاژەڵداری دەكرێت، لەگەڵ بوونی ئەم كەموكورتییەدا بەڵام كەرتی كشتوكاڵ هەنگاوی باش بۆ پێشەوە دەنێت، ئێمە ئێستا پێویستمان بەدیراسەكردنی زیاتر هەیە، من وەكو ئابووریناسێك پێم باشە پەرەپێدان بەو پلانە بكەین بۆنموونە پلان لەخوارەوە دەست پێبكات و جوتیارو بەرهەمهێن بەشداری جیددی لەدارشتنەوەی پلان بكات. بۆ پێشخستنی كەرتی كشتوكاڵ سێ فاكتەر رۆڵی ئیجابی دەبینێت، بۆنموونە یەكەم : پێشخستنی تەكنەلۆژیای كشتوكاڵی پێشكەوتووە

دووەم : هێنانە پێشەوەی بیزنسكارو سەرمایەداری كورد تاوەكو بەشێوەی بەرهەمهێن و كۆمپانیا پرۆژە كشتوكاڵییەكان و پرۆژەكانی پیشەسازی كشتوكاڵی فراوان و زیاد بكات

خاڵی سێیەمیش: بوونی ئیمكاناتی بەشەری و دەستی كاری شارەزاو بەتوانایە، ناكرێت بێ جوتیارو ئیمكاناتی مرۆیی شارەزا سوود لەبەكارهێنانی تەكنەلۆژیاو شێوازی نوێی بەرهەمهێنان وەربگرین.

سەبارەت بەبوودجەی پێویست بۆ پێشخستنی كەرتی كشتوكاڵ ئیبراهیم قەساب پێی وایە : ئەو بودجەیەی بۆ پەرەپێدانی كەرتی كشتوكاڵی دانراوە زۆر كەمە، بۆنموونە هێنانی ئامێرو تەكنەلۆژیای پێشكەوتوو داهات و پارەیەكی زۆری دەوێت، ئەمە جگە لەئەنجامدانی پرۆژەكانی ئاودێری و دابینكردنی دەیان پێداویستی تری دەرمان توێژینەوەو.. پێم وایە بێ راكێشانی كۆمپانیا پێشكەوتووەكانی دنیا كە لەبواری كەرتی كشتوكاڵی توانایەكی دارایی و مرۆیی وتەكنەلۆژیای باشیان هەیە ناكرێت هەنگاوی خێرا بنرێت، وەزارەتی كشتوكاڵ هەموو ئیمكانات و ئاسانكارییەك پێشكەش بەوەبەرهێنانی ناوخۆیی و بیانی دەكات، بەڵام كێشەكە لەكەرتی تایبەت و عەقڵییەتی بیزنسكارانی كورددایە كە روویان لە قازانجی خێراو بەدەستهێنانی پارەیەكی زۆر كردووە كە لەكەرتی بەڵێندەرایەتی و بازرگانی دەستیان دەكەوێت، تا ئێستا عەقڵییەتی بیزنسكارانی كورد فێرنەبوون وەبەرهێنان لە كشتوكاڵدا بكەن ئالێرەدا ئەركی دەزگای وەبەرهێنانە زیاتر ئاسانكارییەكان پێشكەش بەو وەبەرهێنانە بكات كە دەیانەوێت لەبواری كشتوكاڵ و پیشەسازی كشتوكاڵی كار دەكەن.

لەلایەكی ترەوە وەزارەتی كشتوكاڵ زیاد لەبیست بەنداو ئەنجام دەدات كە هەندێكیان چوونەتە قۆناغی جێبەجێكردنەوە، ساڵانەش پرۆژەی ئاودێری بچووك ئەنجام دەدرێت، ئێستاكە هەماهەنگی لەنێوان وەزارەتی كشتوكاڵ و بازرگانی هەیە، گەر بێتوو بودجەی پێویست بۆ جێبەجێكردنی پلانە ستراتیژییە پێنج ساڵیی بۆ پەرەپێدانی كەرتی كشتوكاڵی تەرخان بكرێت ئیمكانات دەبێت بۆ بەرەوپێشچوونی هەنگاوی گەورە.

لەوەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەی ئاو بەبەردەوام گرنگی بەخولەكانی مەشق و راهێنان دەدرێ، هاوكات مەسرەفی كشتوكاڵی تاكو ٨٠ ملیۆن دینار قەرزی داوەو هەزارەها جوتیار سوودی لێوەرگرتووە، ئەمەش وایكردووە بەرهەمهێنانی كشتوكاڵی روو لەزیادبوون بكات داتاو ئامارەكانیش ئەو راستییە دەسەلمێنن، لەئاكامی ئاسانكاری و یارمەتییەكانی حكومەتیش سەرمایەدارانی نێوخۆ روویان لەكەرتەكە كردووە، گەر بێتوو كێشەی وشكەساڵی یاخوود گرفتی سیاسی و ئەگەری كەوتنەوەی پەتا روونەدات ئەوا كەرتی كشتوكاڵ پێش دەكەوێت راستە بەرهەمی پەلەوەرو ئاژەڵی و خۆراكی و میوەجات بەپێی پێداویستییەكانی كوردستان نییە بەڵام ئەمساڵ لەگەڵ ساڵی رابردوو جیاوازی هەیە، لەبەرنامەی وەزارەتماندایە ئاستی هاوكاری و یارمەتییەكان زیاتر بكات بۆنموونە ئێستاكە زیاتر لە ٥٠٠ پرۆژەی پەلەوەرمان هەیە بەڵام



**پێداویستییە خۆراكییەكانی ناوخۆیی و عێراق و كەنداویش باشترین هەلە بۆ دابینكردنی بازاڕ بۆ كەرتی كشتوكاڵ**

**ئەو بودجەیەی بۆ پەرەپێدانی كەرتی كشتوكاڵی دانراوە زۆر كەمە**

یەك لەسەر سێیان بەرهەمیان نییە و پێویستیان بەیارمەتی و پاڵپشـــتیکردن هەیە حکومەت نزیکەی ١٢ ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخانکردوون بەڵام کێشەکانیان تا ئێستا چارەسەر نەکراوەو قازانجەکان بۆ خاوەن پـــرۆژەکان نییە بۆ ئەو بازرگانانەیـــە کە بازرگانی پێوە دەکات، بۆیە لە ٧٠٪ پێداویستی پەلەوەر لەدەرەوەی هەرێم دێت ..

لەوەڵامـــی پرســـیارێکی گوڵانـــدا کە تاچ رادەیەك توانراوە سوود لە بۆچوون و پێشنیاری مامۆســـتایانی ئەکادیمـــی وەرگیـــراوە؛ راوێژگاری ئابووری لەوەزارەتی کشـــتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو گووتی: دەرگای وەزارەت لەبەردەم هەموو پێشنیارو بۆچوونێکدا کراوەیە ، بەڵام تاکو ئێســـتا مامۆستاکانی کۆلێژی کشـــتوکاڵ نازانم چی پـــرۆژەو بۆچوونێکی زانستی و پراکتیکییان پێشکەش کردووە؟ .

## چارەسەرکردنی کێشەکە

مێژووی وێرانکردنی گوندەکانی کوردســـتان و راگواســـتنی دانیشـــتوانەکانی لەلایـــەن رژێمی بەعســـەوە زیانی گـــەورەی گەیاندە کەرتەکە، دواتر بەهەڵـــە بەڕێوەبردنی نەتەوە یەکگرتووەکان و هێنانی بەلێشـــاوی خۆراك و کەرەستەی پێویست لەدەرەوەی وڵات ئەوەندەی تر زیانی گەیاندە کشتوکاڵ، ئەمرۆ ژمارەی دانیشـــتوان زیادبووەو پێداویستییەکانیشیان روو لەزیادبوونە، بەڵام کشتوکاڵ لەبازنەیەکی داخـــراوی لاوازی و دواکەوتوویـــی دەربازی نەبـــووە، لـــەم ڕوانگەیەوە چارەســـەرکردنی کێشەکە پێویستی بەهەنگاوی نوێی وا هەیە، نوێخـــوازی لە عەقڵییەت و شـــێوازی کاری لێبکەوێتەوە، پێویســـتە خۆمـــان لە هۆکاری کەوتنەوەی کێشەکەو هەڵەکان نەدزینەوە، کاتی ئەوەهاتـــووە هەموو ســـەرچاوەکان بخەینەکار لەپێنـــاو بەرزکردنەوەی توانای بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و گەیشتن بەئاستی کێبرکێکردنی بەرهەمی بیانی..

پۆلێنی کێشەی کەرتی کشتوکاڵ:

- بەرووبوومی رووەکی.
- بەرووبوومی ئاژەڵی .
- ئاودێری و بەنداوەکان .
- ریزبەنـــدی پێشـــەوەی ئـــەو وەزارەت و دامودەزگاو رێکخراوانەی پێوەندیدارن بەکەرتی کشتوکاڵ:

یەکـــەم وەزارەت وەزارەتـــی کشـــتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوەو لێپرساوێتی یەکەمیشی لە ئەســـتۆیە . دواتر وەزارەتەکانی( دارایی- بازرگانـــی و پیشەســـازی- شـــارەوانی و گەشـــتوگوزار - پلاندانان - ..)، دەســـتەی وەبەرهێنـــان، پارێزگارەکان، ســـەندیکاکانی ئەندیازاران و هونەریە کشتوکاڵی و بەیتەرییەو کۆمەڵەکانـــی پەلەوەرو بەخێوکردنی ماســـی و هەنگەوانانی کوردســـتان و ئابووریناســـی و یەکێتـــی جوتیارانـــی کوردســـتان و دەیان رێکخراوی تری کۆمەڵگای مەدەنی و ژوورە پیشەسازی و بازرگانییەکان ..).

## پلانی ستراتیژی کەرتی کشتوکاڵ لەهەرێمی کوردستان

کابینەی پێشـــووی حکومەت دارێژەری پلانی ســـتراتیژییەتی کەرتی کشتوکاڵی هەرێمەکەی بـــەڵام بواری بۆ نەرەخســـا بچێتە بـــواری جێبەجێکردنـــەوە، چونکە لەکۆتاییەکانی تەمەنی کابینەی پێشـــوو پلانە ســـتراتیژییەکە دارێـــژرا، ئەم پلانە چەندیـــن ئامانجانەی هەیە کە پێویســـتە لەماوەی ٥ ساڵدا جێبەجێ بکرێت لەوانە: (بەرهەمهێنانـــی ٥٠٠ هـــەزار تەن گەنم و ٦٦٠ هـــەزار تەن ســـەوزەو ٩٨هەزارتەن گۆشتی مریشـــك و ٧٥ هەزار تەن رۆنی شـــلی رووەکی و ٢٠٠ هەزار تەن گۆشتی سوورو ٤٠٠ملیۆن لیتر شیرو٢٥٠ هەزارتەن میـــوەو ٥٠ هـــەزار تەن نـــۆك و ١٠هەزار تەن نیســـك و ١ملیـــۆن و ٢٠٠ هەزار تەن هەنگوێـــن ٦ ملیـــۆن و ٧٠٠ هـــەزار تەن گۆشـــتی ماســـی و تـــا تەملیككردنی زەویـــی جووتیـــاران و کۆنترۆڵکردنی پەتا کشـــتوکاڵییەکان و نوێکردنەوەی لە ٥٠٪ی ئامێرە کشتوکاڵییەکان و دروستکردنی ٦٥٠ پرۆژەی ئاودێری بچـــووك و ١٥ پرۆژەی ئاودێری گـــەورەو ٥٠٠ بۆندو دامەزراندنی ٣٠ کارگـــەی پیشەســـازی تایبـــەت بە بەرووبوومە کشـــتوکاڵییەکان ..تاد) جێی ئاماژەپێدانـــە نزیکەی دوو ســـاڵ تێپەڕیوە بەسەر دارشتنەوەی پلانە ستراتیژیەکە.

**مامۆستاکانی کۆلێژی کشتوکاڵ نازانم چی پرۆژەو بۆچوونێکی زانستی و پراکتیکییان پێشکەش کردووە؟**

**گەر بمانەوێت کەرتی کشتوکاڵ پێشبخرێت پێویستە کۆمپانیاکان و کەرتی بیزنس تێکەڵ بەم بوارە بکرێت**



**لە ٧٠٪ پێداویستی پەلەوەر لەدەرەوەی هەرێم دێت**

لێپرسراوی فایلی ئابووری: شەماڵ نووری
Email: shamalnori2001@yahoo.com Aburi@gulan-media.com
Mobile: 07504512761